# سیاسەتی شەرعی

## دەروازەیەك بۆ نوێكردنەوەی گوتاری ئیسلامی


دكتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم زەید گەیلانی

وەرگێڕانی: نازم عەبدوڵڵا



لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی (١٠٣)

# سیاسەتی شەرعی

## دەروازەیەك بۆ نوێکردنەوەی گوتاری ئیسلامی

# سیاسەتی شەرعی

## دەروازەیەك بۆ نوێكردنەوەی گوتاری ئیسلامی

دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم زەید گەیلانی

وەرگێڕانی: نازم عەبدوڵڵا

# سیاسەتی شەرعی

دەروازەیەك بۆ نوێكردنەوەی گوتاری ئیسلامی

له بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٠٣)

- نووسینی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم زەید گەیلانی
- وەرگێڕانی: نازم عەبدوڵڵا
- بابەت: ئایینی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- خەتی بەرگ: نەوزاد کۆیی
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢١ ـ ناوەندی ڕێنوێن.
- له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەرۆک


پێشەکیی سەنتەری زەهاوی ................................................................ ٧

پێشەکی .................................................................................. ٩

**بەشـــی یەکەم**: سیاســـەتی شـــەرعی: چەمـــک و بەڵگەکـــانی، بـــواری جێبەجێکردنی، مەرجی کارپێکردنی ..................................................... ٢١

**بەشی دووەم**: ڕۆڵی کاربەدەستان لە دانانی تەشریعدا، چەند نموونەیەک لە حوکمەکانی ئیمامەت و پاڵپشتە شەرعییەکەی .......................... ١٤٥

**بەشی سێیەم**: چەند جێبەجێکردنێکی هاوچەرخانەی سیاسەتی شەرعیی لە باری کەسێتیدا (الأحوال الشخصية) .............................................. ٢٩٩

**بەشی چوارەم**: جێبەجێکردنە سەردەمیانەکانی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیاسیی و نێودەوڵەتی ....................................................................... ٣٥٩

## پێشەکیی سەنتەری زەهاوی

مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە دامەزراندنی میتۆدێکی نوێگەرییە لە گوتاری ئیسلامیدا کە لە زانستی سیاسەتی شەرعیەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە سیاسەت ئامرازی شەرعزانە بۆ پیشکەشکردنی ئەو چارەسەرە فیقهییانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی موجتەهید دەبنەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە باسی لە چەمکە دەستوریەکان کردووە، وەک نموونەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پابەندبوونی دەسەڵاتی گشتی بە مافەکانی مرۆڤەوە، بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بابەتەکانی ئیدارەدانی ململانێ نێوخۆییەکان و چۆنیەتی سزادانی گوێڕایەڵینەکردن لە دەوڵەتی تازەدا، بابەتی زۆرینەی دەنگەکان دەبێت بە بەڵگەی پارسەنگدەر یان نا؟ هەروەها لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی شەرعیدا سوودبینین لە سیستەمی چاودێری نوێنەرایەتی دەستوری مرۆڤکرد(وضعی)، هەروەها ئەو بابەتانەی بۆ هەستانەوەی سیاسی ئەمڕۆی ئوممەتی ئیسلامی پێویستە کە بە دەست کۆڵەگرانەکانی ململانێی سیاسی ڕابووردووەوە دەناڵێنێت. باسی ئەوپەرتووکانەشی کردووە کە بابەتەکانی دەسەڵات و سیاسەتی شیکردۆتەوە و سەدان ساڵ پێش ئێستا نووسراون، ئاوڕی لە زۆربەی ئەو نووسینانەش داوەتەوە کە لەوبوارەدا نووسراون.

**ناوەرۆکی پەرتووکەکە لە چوار بەش  پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:** پێناسەی چەمکی سیاسەتی شەرعی  وبەڵگەکانی و بواری جێبەجێکردن و مەرجی کار پێکردنی.

**بەشی دووەم:** ڕۆڵی کاربەدەستان لە دانانی یاساو تەشریع، لەگەڵ باسکردنی ئەو ڕێسا فیقهییانەی پەیوەندییان بە کاربەدەستانەوە هەیە.

**بەشی سێهەم:** چەند نمونەیەکی جێبەجێکردنی باری کەسێتی سەردەم.

**بەشی چوارەم:** هەندێک جێبەجێکردنی سەردەمیانەی سیاسەتی شەرعی لە سیستەمی ئیداری و سیاسی دەستووری و نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان،  لەگەڵ  باسکردنی چەند ڕێسایەکی فیقهی لە پەیوەندی و یاسا نێو دەوڵەتیەکان.

میتـۆدی ڕەچـاوکردنی چەمکـی مەبەستگەرایی(مەقاصـیدی) دەق و یاسـا کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەکارهێنراوە و پێمـان دەڵێت: لە هەندێک بابەتدا ئەگەر ڕاڤەی دەقەکـان بەو ئـامرازانە بێت کە لای ئوصـولیەکان دەکرێت، دەگەیـن بە ئەنجـامێکی جیـاواز لەوەی ئەگەر لە ڕێـگەی لێکـۆڵینەوەی واقیـع وشـارەزایی لەیاسـاکانی و پاشـان وردبـوونەوە لەو دەقـانەی پەیوەنـدییان بە بـابەتەکەوە هەیە هەنگاو بنێین.

هەنـدێک لە زانایـان لە ئامرازەکـانی ڕاڤەی دەقەوە هەنگاویـان نـاوە، گەر وشەکە واتای گشت بگرێتەوە (اللفظ العام) و دەربڕینێکی تر نەبێت بەشێک لەو گشـتە بـۆ حـوکمێکی جیـاواز جیـا بکـاتەوە ئەوا وەک خـۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هەنــدێک لە زانایـــان لە گەڵ دەقـــدا دەرەوەی دەق و واقیعـــی کـــاتی دەق و خوێندنەوەی دەق ڕەچاو دەکەن بۆ تێگەشتن لە دەق، ئەوان ویستوویانە یاسـا کـۆمەڵایەتی و دەقەشــەرعیەکان کـۆ بـکەنەوە، واتە ئەو میتـۆدەی لە یاسـای کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و ئابووری و هەردوو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و گەردوونـی پێکەوە کۆ دەکاتەوە، لەوێوە فیقهزان هەنگاوی ناوە بۆ دانـانی چارەسـەرو ڕێکـخەرە سیاسـیەکان، ئەوکـاتە ئەحکـامە سیاسـیەکان هاوتەریـب دەبن لەگەڵ فیقهدا نەک ببن بە بەشێک لە فیقە، بەڵکو لەگەڵ تێگەشـتنی لە دەق فیقهـزان چەنـدین واتـاو مەبەسـت لە یاسـا کۆمەڵاتییەکـان دەردەخـات کە لە ڕێـگەی ئـامرازە تەقلیـدیەکانەوە بـۆ ڕاڤە کردنـی دەق بەردەسـت نـین. ئـێمە پێویستمان بەو دونیا بینییە هەیە هەمـوو گۆشـە نیگاکان ببینێت، تادەرگایەک بێت بۆ نوێکردنەوەی گوتـاری ئیسـلامی. ئەم تێگەیشـتنە لەسیاسـەت ئامرازێکە بـۆ هەسـتانەوە چاوەڕوانکراوەکە، چـونکە ئەو چارەسـەرانەی لە کوللیاتەکـانی شـــەریعەتدایە دژ بەیەک نیـــیە لەگەڵ عەقیـــدەی ئوممەتـــدا، بەمەش سیاســـەت پارێزراو دەبێت لە ساتمەی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەکان، کە مـانەوەی خۆیـان بەستۆتەوە بە پچڕان لەڕابوردوو.

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

سیاسەتی شەرعی نەخشەڕێگایەکە بۆ دانانی پلانێکی گونجاو کە دەسەڵاتدار و شەرعزانەکان لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سەربازی و بوارەکانی تردا، بە مەبەستی ڕێکخستن و گەشەکردن و بوژاندنەوەی ئوممەت پشتی پێدەبەستن.

مەبەستمان لە نەخشەڕێگا تەنها دەرهێنانی حوکمی فیقهی نییە لە کتێبە پەیوەندیدارەکان و جێبەجێکردنی لە کاروباری ڕۆژانەدا، هەروەک چۆن سیاسەتی شەرعیش چەند دەروازە و بابەتێکی فیقهی وەکو بابەتی تاوانکارییەکان (جنايات) و دادوەری و کاروباری جیهاد نییە، بەڵکو سیاسەتی شەرعی نەخشەیەکە بۆ دانانی ئەحکامی کرداری لەو بابەتانەی دەقێکیان لەبارەوە نییە، یان جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەیە دەقیان لەبارەوە هەیە.

هەرکاتێک موجتەهید و جێبەجێکارانی حوکمەکان تێبینیان کرد کە تێگەیشتن لە حوکم بەگوێرەی یەک واتا و مەبەست ئەنجامگەلێکیان لێ پەیدا دەبێت، شەرع پشتیوانی لێناکات، لەم کاتەدا موجتەهید لە ڕێگەی پەسەندکردن (الإستحسان)، یان داخستنی بەهانە و بیانووەکانەوە (سد الذرائع) و ڕێگەکانی تری یاسادانان، کە تێکگیران لە نێوان تێگەیشتنی حوکمە لاوەکی و مەبەستە گشتگیرەکاندا ناهێڵێت و چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە، لێرەدا دەربارەی واتای (الإستحسان) گوتراوە: "زۆربەی کات ڕەچاوی بەرژەوەندی و دادگەری دەکات"[1]. هەروەها لە پێناسەی (استحسان)دا وتراوە کە: "وازهێنان لە قیاس و

[1] ابن رشد (الحفيد)، أبو الوليد محمد بن أحمد القرطبي، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، تحقيق: عبد المجيد حلبي، بيروت: دار المعرفة، ١٩٩٧م، ج٣، ص٢٤٢.

زیاتر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکیە"[1]، یان وتراوە: (ئیستیحسان) کارئاسانییە لەو ئەحکامانەدا کە خەڵکی ئاسایی و تایبەت پێوەی دووچار بوون، یان وتراوە: "کارکردنە بۆ سازاندنی ڕووبەری پانوبەرین، بە جۆرێک جێگەی هەمووی تێدا ببێتەوە و چاوپۆشی تێدا بێت". هەروەها وتراوە: چاو پۆشیکردن و گەڕانە بە دوای ئەو شتانەی حەوانەوە (الراحة)ی تێدایە.

پوختەی ئەم دەستەواژانە: وازهێنانە لە کارگرانی و سەختی و هەنگاونانە بەرەو کارئاسانی، کە ئەوەش بنچینەی ئایینە، خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ (البقرة: ١٨٥).

لەم پێناسانەوە ئاماژەیەکی ڕوون دیارە بۆ دیاریکردنی ئەو میتۆدەی موجتەهید لەسەری بڕوات بۆ تێگەیشتن لە واقیعەکەی پێش جێبەجێکردنی دەقە شەرعییەکە، کەواتە ئیستیحسان یەکێکە لە ئامرازەکانی سیاسەتی شەرعی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی جێبەجێکردنی حوکمە شەرعیەکان، ئیستیحسان بۆ تێگەیشتنی واقیع و دەقە جوزئیەکان لەبەر ڕۆشنایی کوللیاتەکانی شەریعەتدا، کە لە کاتی تەشریع و جێبەجێکردندا هاندەری کارئاسانیە، بۆیە هەرکات تەنگوچەڵەمە هاتە بەردەم جێبەجێکردنی حوکمەکە، موجتەهید لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا وەکو ئیستیحسان سیاسەتی شەرعی دەکات بە چەقی جێبەجێکردن و کار دەکات بۆ ڕاستکردنەوەی کەم و کورتیەکە.[2]

بەپێی ئەم پێناسەیە، سیاسەتی شەرعی هەڵدەسێت بە چارەسەرکردنی واقیعی عەمەلی و چۆنیەتی جێبەجێکردن، چونکە گرنگترین پایە کە

---

[1] السرخسي، شمس الأئمة أبو بكر محمد بن أحمد بن سهل. المبسوط، تحقيق: محمد الشافعي، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٠م، ج، ص١٥١.

[2] لە هەموو بەشەکانی تری ئوصوڵی فیقە لە سیاسەتی شەرعیدا، نووسەر زیاتر تەرکیزی خستۆتە سەر ئیستیحسان، لەگەڵ ئەوەی ئەم بەشە زیاتر لە سیاسەت و حوکمڕانیەوە نزیکترە، بەڵام ئەمیش وەکو عورف و مەصڵەحە، بەشێکە سەرچاوە تەبەعیەکانی ئوصوڵی فیقە، هەندێک لە زانایانی وەکو حەنەفییەکان و حەنبەلییەکان و مالیکییەکان کاریان پێکردووە، لە سیاسەتی شەرعیدا جگە لە کیتاب و سوننەت، بەشەکانی تر هەریەکەیان لە قۆناغێکی سیاسەت و حوکمڕانیدا پێویستن، بۆیە ئەبوو نووسەر هۆی بایەخپێدانی زیاتری بە ئەم بەشە ڕوون بکردایەتەوە. وەرگێڕ.

ئیستیحسان پشت ئەستورە پێی: تێگەیشتنی دەقە لە چوارچێوەی میتۆدێکی شەرعیدا. تێگەیشتنی میتۆدی شەرعی لە واتای وشەوە نییە لە فەرهەنگەوە وەریناگرێت، بەڵکو تێگەیشتنە لە دەق لە چوارچێوەی زمانی عەرەبی و حیکمەت و پاساوەکان (عیللەتەکان)ەیەوە، هەروەکو لە پایەکانی سیاسەتی شەرعیدا وایە ئەبێ ڕەچاوکردنی تێگەیشتن لە دەقە جوزئیەکان بە جۆرێک بێت جگە پارێزگاری لە واقیعی کۆمەڵایەتی، لە هەمانکاتدا مەبەستە گشتییەکان لە دەست نەدات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دانانی ڕێوشوێن بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئوممەت و پێداویستیەکانی، گەرچی دەقی تەفسیلی جوزئیش لە قورئان و سوننەتدا لەبارەیەوە نەهاتبێت، ئەرکی موجتەهیدە کە بەجۆرێک بیسازێنێت لەگەڵ بنچینەی گشتی و ڕۆحی شەریعەتدا یەکبگرێتەوە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە پێویستە لە ڕێگەی میتۆدیبوون و بە دامەزراوەییکردنەوە ڕێگەی چاکسازیی بگیرێتەبەر، نیشانەکانی میتۆدی فیکری وایە توانای دانانی ڕێگەچارەی سەرتاپاگیری هەیە، کە پشت بە سێ توخمی سەرەکی دەبەستێت، یەکەمیان: شارەزا بوون لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان و یاسای ئاوەدانی مرۆڤایەتی و بنچینەکانی کۆمەڵناسی، هەروەها شارەزا بوون لە سیستەمی خێزان و سیستەمی فێرکاری و تێگەیشتن لە ئەرک و چۆنیەتی بەدیهێنانی ئامانجی چاوەڕوانکراوی هەر یەکێک لەمانە بە جوانترین شێوە.

دووەمیان: تێگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان لە ڕوانگەی ڕوئیایەکی ئیسلامی گشتگیر و مەبەستە جوزئیەکانەوە بێت.

سێیەمیان: بەگوێرەی بنەمای بەراوردکردن لە نێوان بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراو و ئەو بەرژەوەندییانە کە هەیە ئاوڕ لە دەرەنجامی جێبەجێکردنی دەق لەڕاستیدا بدرێتەوە، هەرکاتێک ئەنجامی ڕێگەپێنەدراو پەیدا بوو و خراپەی زۆرتر بوو لە چاکە، لێرەدا شەرعزان بەپێی بنچینە و پێوەرە شەرعییەکان هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی بابەتەکە.

بەبێ تێگەیشتن لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان، جێبەجێکردن ئامانجی خۆی بەدەستناهێنێت، هەروەک چۆن ئەگەر ئەو سێ ڕەگەزە تەواو نەبێت، ئەوە تێگەیشتنی دەقی شەرعی تێگەیشتنێکی ڕاست نابێت، ئەگەر سەبارەت بە

جێبەجێکردن، فەرمایشتی خوای بەرز و باڵا کاتێک لەگەڵ مێش هەنگ دەدوێت بخوێنیتەوە، وەک دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ، ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٦٨ – ٦٩). واتە: پەروەردگاری تۆ (ئەی ئینسان) نیگا و ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ، کە جێگە بۆ خۆی ساز بکات لە کون و کەلێنی چیاکاندا، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات. لەوەودوا (فێرمان کردووە کە) لە هەموو بەروبووم و (شیلەی گوڵان و شتی بەسوود) بخوات و پێمانڕاگەیاندووە: ئەو نەخشانەی کە پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچییەوە ئەنجامی بدە، (لە دروستکردنی شانە و مژینی شیلە و دروستکردنی هەنگوین و پووروەدان بە دەوری شا دا و بەخێوکردنی گەراکان... هتد)، جا لە ناو سکی ئەو هەنگانەوە شلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە، کە شیفای تیادایە بۆ (زۆر نەخۆشی) خەڵکی (سەرەڕای تامی شیرین و خۆشی)، بەڕاستی ئا لەمەشدا بەڵگە و نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێک بیر بکەنەوە (سەرنج بدەن لە هەنگ و شانەکانی لە فڕین و هاتووچۆی، لە هەنگوین و تام و بۆن و ڕەنگی، لە...، لە.. هتد).

ئەگەر لە فەرمایشتی خوای باڵادەست ڕابمێنی: ﴿فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ﴾، پاشان لەلایەن پزیشکی خۆراکیەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەدا بکرێت، دوای ئاوێتەکردنی شارەزایی کردەیی و تێگەیشتنی دەقی شەرعیی، دەتوانی لەو ئەندازە پێویستەی هەنگوین تێبگەیت کە بۆ خەڵکی دەبێت بە شیفا، بەڵام کەسێک بەبێ ڕێنمایی پزیشکی و بەبێ چاوساغیی و شارەزای خۆراکیی، دەقە قورئانییەکە وەربگرێت، بەکارهێنانی هەنگوین بەبێ ڕەچاوکردنی ئەندازە، زۆرجار لەوانەیە ئامانجەکە بەدەست نەهێنێت!

وەک چۆن خوای باڵادەست کۆمەڵێک یاسای داناوە، دەروونی مرۆڤەکان ڕێک دەخات، بە هەمان شێوە لەناو کۆمەڵگەشدا کۆمەڵێک یاسای بۆ ڕێکخستنی داناوە، کە خوای باڵادەست لەبارەیەوە هۆشداری داوە: ﴿سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا﴾ (الفتح: ٢٣). واتە: هەردەم بەرنامە و

یاسای خوا بەڕاستی هەروا بووە لە زووەوە، هەرگیز نابینیت بەرنامە و یاسای خوا گۆڕانی بەسەردا بێت.

بەهەمانشێوەش قورئانی پیرۆز سەرنجی ئەوانە ڕادەکێشێت کە بیری لێدەکەنەوە بۆ کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی، ئەنجامیشی بە هۆکارەکانەوە ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (النمل: ٥٢). واتە: ئەوەتە ماڵەکانیان کاول و چۆڵە بە هۆی ئەو ستەمەی کە کردیان، بەڕاستی ئا لەو بەسەرهاتەدا بەڵگە و نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێک کە لە شت تێبگەن و بزانن.

لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە ئایەتەکانی قورئانی بەرز و پیرۆز، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قسەکردن لەسەر هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵگەکان لە دوخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، گرێدراوە بە بانگکردن بۆ بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە و سەرنجی وردەوە، تێگەیشتن لەم یاسا گەردوونیانە کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەیە: خوێندنەوەی کتێبی بینراوی خودا کە بوونەوەرە و خوێندنەوەی کتێبی نووسراوی خودا، کە قورئانی بەرز و پیرۆزە، ئا لێرەوە گرنگی لێکۆڵینەوە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت، کە یارمەتیدەرن بۆ جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان بەسەر واقیعدا.

قورئان بە چەند ئاماژەیەکی خێرا ئاگاداری کردووینەتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنی دروشمە ئاینییەکان و هۆکارە مادییەکان و هۆکارە یارمەتیدەرەکان، وەکو دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾ (ابراهيم: ٣٧). واتە: پەروەردگارا بەڕاستی من هەندێ لە وەچە و خێزانم لە دۆڵێکی وشکی بێ کشتوکاڵدا جێنشین کردووە، لە پاڵ ماڵە پیرۆزەکەتدا، لە پاڵ (بيت الحرام)دا، پەروەردگارا، بۆیە لێرە نیشتەجێم کردن تا بە چاکی نوێژ و خواپەرستی ئەنجام بدەن، جا داواکارم دڵی هەندێک لەو خەڵکە کەمەندکێش بکەیت بۆ لایان و لە ڕزق و ڕۆزی جۆراو جۆر بەهرەمەندیان بکەیت، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریی بکەن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاگادارکردنەوەی تێدایە، کە هەردوو ڕەگەزی هۆگری و ئولفەت و ڕزق و بەروبووم سەرچاوەی بەدیهێنانی ئاوەدانی و سەقامگیرییە، هەروەها توانابەخشن بۆ ئەوەی مرۆڤ خواپەرستی و نوێژ بکات، ئەمە ڕێنماییە بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە جێبەکردنی گونجاوی حوکمی شەرعیدا، هەروەکو ئەرکی سیاسەتی حەکیمانەیە چۆن پلان دادەنێت بۆ وەبەرهێنان، بەهەمان شێوە پارێزگاریی لە پێکەوەژیان و هۆگری تاکەکان بکات.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئاماژەی بە گرنگی ئامرازە مادییەکان کردووە بۆ پاراستنی بانگەواز، وەکو ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: لوط وتی: ﴿قال لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ﴾ (هود: ٨٠). پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: "إن كان لَيَأْوِي إلى رُكْنٍ شديدٍ، فما بعث اللهُ مِن بَعْدِهِ نبيًّا إلا في ذِرْوَةٍ من قومِهِ".[١] واتە: ئەو پشتی بە پایەیەکی بەهێزەوە بووە، کە پەروەردگاری بەرز و بەهێزە... دوای ئەو خوا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت لە بەهێزترین تیرەی گەلەکەی، یان بە پشتیوانییەکی گەورەی بەشێک لە گەلەکەی ناردوویەتی.

لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی کۆمەڵناسی مرۆڤ و لقەکانی تری وەکو: زانستی ئابووری و بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردن و چۆنیەتی ڕای پسپۆڕان لەبارەیانەوە، لەگەڵ دونیابینیە گشتییە ئیسلامییەکە، چ لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی وڵات، یان کۆمەڵگە بچووکەکانی وەکو خێزاندا تەبا و ڕێکە، کە ئەویش لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵگە و سونەن و یاساکانی، هەروەها تێگەیشتن لە یاساکانی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان کە لەگەڵ پێوەرە ئیسلامییەکان یەکدەگرنەوە، ئەمەش ڕای ژمارەیەکی بەرچاوی توێژەرە هاوچەرخەکانە، ئەوانەی کە توانیویانە زانستی کۆمەڵناسی و فیقهی ئیسلامی پێکەوە کۆبکەنەوە، کە ئەو بانگەوازە محەمەد موبارەک (بەڕەحمەت بێت) بانگەشەی

---

[١] رواه أحمد، وقال عنه الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن، انظر: الشيباني، أحمد بن حنبل. مسند الإمام أحمد ابن حنبل، تحقيق: شعيب الأرناؤوط وآخرون، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩٧م، ج١٤، ص٥٣٩، الرقم (٨٩٨٧).

بـۆ دەكــرد و داوای دەكــرد لە دیــدگای ئیســلامیەوە زانســتی كۆمەڵناســی دابمەزرێنرێــت، لەگەڵ ئەوەی هۆشداریشــی داوە لە مەترســی بیردۆزەكــانی زانســتی كۆمەڵناســیی، كە ســەر بە فەلســەفە غەیــرە ئیســلامیەكانن، كە لەم ســەردەمەدا پەیمانگــای فیكــری ئیســلامی بــۆ گەشــەپێدانی توانــای فەقیهــی موســڵمان بــۆ تێگەیشــتن لە دەق و جێبەجێكردنــی، ئەو ئــالآیەی هەڵگرتــووە بە مەبەســتی كــۆكردنەوەی هەردوو خوێنــدنەوە: خوێنــدنەوەی ســونەن و یاســا كۆمەڵایەتییەكان، هەروەها خوێندنەوەی حوكمە فیقهیەكان.

لێكۆڵەرە هاوچەرخەكان پۆلێنی چەند لێكۆڵینەوەیەكیان كردووە، كە لەوێدا زیاتر باسیان لە ڕەگەزی دووەمی سیاسەتی شەرعی كردووە، كە ئەویش ئەو فیقهەیە كە ئەنجام و مەبەست لەبەرچاو دەگرێت، كە پێی دەوترێت فیقهی مەقاصیدیی، بۆ نموونە: (مقاصد الشریعة الإسلامیة، طاهر بن عاشور، ونظریة المقاصــد للریســوني)،[1] ڕەگەزی ســێیەم فیقهــی جێبەجێكــردن ڕەچــاوكردنی سەرەنجامە وەكو: (قواعد المقاصد عند الإمام الشاطبي، عبدالرحمن الكیلاني).[2]

بە ئومێدی ئەوەی چارەســەرەكانی ئەم لێكـۆڵینەوەیەی مـن گشـتگیرتر بـن، نیشــاندان و شــیكردنەوەی جێبەجێكردنەكــانی پێغەمــبەر و (درودی خــوای لەســەر) هــاوەڵە بەڕێزەكــانی و چەنــد نمــوونەیەک لە تێگەیشــتنی زانایــانی ئیسلامی بە درێژایی مێژوو خستۆتە پێش چاو، ئەوەم ڕوونكردۆتەوە چۆن ئەم چارەسەرانە پشتیان بە میتۆدێكی گشتگیری تێگەیشتن لە واقیع بەستوە و حــوكمێكی گونجــاو لەبــارەی واقــیعەكەوە داوە. هەروەهــا لە نمــوونەی ئەو لێكۆڵینەوە گشتگیرانەی لەم كتێبەدا باسمكردووە، تێگەیشتنی ئیمامی مالیک لە

---

[1] ئەم دوو كتێبە بڵاوكراونەتەوە:
- ابن عاشور، محمد الطاهر، مقاصد الشریعة الإسلامیة، تونس: الشركة التونسیة، ١٩٨٥م.
- الریسوني، أحمد, نظریة المقاصد عند الإمام الشاطبی، بیروت: المؤسسة الجامعیة للدراسات، ١٩٩٢م.

[2] الكیلاني، عبدالرحمن إبراهیم، قواعد المقاصد عند الإمام الشاطبي، هرندن ودمشق: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ودار الفكر، ٢٠٠٠م.

فەرمـوودەی: "مَـن قَتَـلَ قَتِيلًـا لَـهُ عَلَيْـهِ بَيِّنَـةٌ فَلَـهُ سَـلَبُهُ".[1] هەروەهـا تێگەیشـتنی عەبدورەحمانی ئیبنـو خەلـدونە دەربـارەی فەرمـوودەی: "الأئمـة مـن قـريش".[2] هەروەها تێگەیشتنی عەبدولحەمید ئەبو سولەیمانە سەبارەت بە بابەتی لێدانی ئافرەت، تا چەنێک ئەبێتە چارەسەری کێشەکانی نێوان ژن و مێرد.

مەبەسـتم لەم کتێبە بە دیـاریکراوی دامەزرانـدنی میتـۆدێکی نـوێگەرییە لە گوتاری ئیسلامیدا، کە لە زانستی سیاسـەتی شـەرعییەوە سـەرچاوەی گرتبێت، لەبەر ئەوەی سیاسـەت ئـامرازی شـەرعزانە بـۆ پیشکەشـکردنی چارەسـەرە فیقهییەکان، کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی موجتەهید دەبنەوە، هەروەکو بەشێوەیەکی گشتی سیاسـەتەکان بەگشتی ئامرازێکن بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکـە و ئامـانجە ئومێد بەخشەکان، هەروەهـا سیاسـەتی سـەرکەوتو ڕێڕەوێکە بۆ گواستنەوەی بیـرۆکە لە جیهـانی وێناگەراییـەوە بـۆ واقیعـی ژیـان، لەکاتێکـدا شـەرعزان بـۆ چارەسەری واقیع، چووە بواری جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی پەیوەندییان بە سیاسـەتی دەوڵەتەوە هەیە پێویسـتی بە زانسـتی تەگبیرکـردن و بەڕێـوەبردن دەبێـت، هەروەهـا هەسـت دەکـات پێویسـتی بە حـیکمەت و ڕەچـاوکردنی سـەرەنجام و یاسـا کۆمەڵایەتییەکـان دەبێـت، بـۆ ئەوەی دوو ئامـانج پـێکەوە کۆبکـاتەوە، ئەویـش تەندروسـتی و سـەرکەوتنە، کە لەلایەن سیاسـەتی شـەرعییەوە گەرەنتـی کـراوە، شـەرعزان لە سـەرەتاوە ئامـانجی ئەوەیە ئەحکامەکـان بەڵگەی بەهێزیـان هەبێت و وەکو یاسـاناس دەڕوانیتە دروسـتی جێبەجێکردنی یاسا، بۆیە پشت بە کەرەستەکانی ئوصوڵی فیقە دەبەستێت کە لێکـۆڵینەوە دەکـات لە بەڵـگە و چـۆنیەتی هێنـانەوەی بەڵـگە و ناسـینی

---

[1] البخاري، ابو عبد الله محمد بن اسماعيل. صحيح البخاري، اعتنى به أبو صهيب الكرمي، بيروت: بيت الأفكار الدولية، (١٤١٩هـ / ١٩٩٨م)، كتاب: المغازي، باب: قول الله تعالى: ﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ﴾ (التوبة: ٢٥)، ص٨١٥، حديث رقم: (٤٣٢١).

[2] رواه أحمد، وقال عنه شعيب الأرناؤوط: حديث صحيح بطرقه وشواهده. انظر:

- الشيباني، مسند الإمام أحمد بن حنبل، مرجع سابق، ج١٩، ص٣١٨، حديث رقم: (١٢٣٠٧).

موجتەهیـدەکان و تێکگیـران و پارسـەنگدان، هەروەهـا پێویسـتی بە هێـزی بەڵگەکانە، تا ڕاستی حوکمەکان ڕاستتر بن. بەڵام سیاسی ئامانجی بردنەوە و سـەرکەوتنە، بەشـێوەیەکی گشـتی سیاسـی بە شـارەزایی و لێـزانین هەنگـاو دەنێت، ئامانجی سیاسەتی شەرعیش بەبێ تێکگیران لەگەڵ دەقە شـەرعییەکاندا سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی سیاسەتمەدار و بەدەستخستنی بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکانە، چونکە سەرکەوتن بەدەستنایەت ﴿إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ﴾، ئەو کاتە هەنگاوە سیاسییەکان قبوڵێکی میللیان بۆ دەستەبەر دەبێت و دەبنە گرەنتی سـەرکەوتنی هەنگاوەکـان، کۆکردنەوەی فیقهـو سیاسـەت پێکەوە، بە ڕای مـن، دەرگایەکە بۆ نوێگەریی گوتاری ئیسلامی.

هەندێ کات بە هۆی کەموکورتی لە جێبەجێکردندا لەلایەن سیاسییەکانەوە بیرۆکە جوانەکان ناتوانن ببن بە واقیعێکی کردەیی، لەم کاتەدا گرنگیی ڕۆڵـی لێکۆڵینەوە سیاسییەکان دێت، بەجۆرێک فیقهی جێبەجێکردن و فیقهی تەمکین، لە هەمـوو لایەکەوە ببێـت بە پشـتیوان و پەرژیـن و تەنهـا پشـت بەلایەنێـک نەبەسـتێت، وەکـو پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسـەر) کاتێـک وەفـدی بەنـی شـەیبانی وتیـان لەبەرانـبەر عەرەبدا پارێزگاریـت لێدەکەین، بەڵام بـۆ لایەنـی کیسـرا مەعزەرەتیـان خواسـت، وتیـان پەیمانێکمـان لەگەڵ کیسـرا هەیە کە هـیچ تـاوانێکی بەرانـبەر نەکەن و هـیچ تاوانبـارێکیش پەنـا نەدەن، وەڵامـی دانەوە: "مَـا أَسَأْتُمُ الرَّدَّ إِذْ أَفْصَحْتُمْ بِالصِّدْقِ، إِنَّهُ لَا يَقُومُ بِدِينِ اللَّهِ إِلَّا مَنْ حَاطَهُ مِنْ جَمِيعِ جَوَانِبِـهِ".[1] واتە: وەڵامتـان خـراپ نەبـوو کە ڕاسـتیتان درکانـد، کەسـانێک دینیـان پێ ڕاوەسـتاو نابێت مەگەر لە هەموو لایەکەوە ببن بە پەرژین بۆی.

یەکێکیش لە پێداویستییەکانی پەرژین جێبەجێکردنە بە جوانی و کارامەیی، هەروەها بە ئاگابوونە لەو سیاسەتانەی بانگەواز دەپارێزن و یارمەتیدەرن بۆ

[1] ابن حبان، أبو حاتم محمد بن حيان البستي، السيرة النبوية وأخبار الخلفاء، تصحيح: عزيز بك، بيروت: مؤسسة الكتب الثقافية، ١٩٨٧م، ص١٠١.

گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان و ڕێگە نادەن ئیحتیوا بکرێت و کەلەبەری تێ بخرێت.

لەم کتێبەدا ئەوەم ڕوونکردۆتەوە سیاسەت پشت بە چەند کۆڵەکەیەک دەبەستێت، لە گرنگترینیان: تێگەیشتنە لە مەبەستی دەق، هەروەها تێگەیشتنە لە عمومی مەعنەوەی واتای دەق، نەک عمومی زمانەوانی، چونکە عمومی مەعنەوەی بەشێوەیەک بازنەی دەق فراوان دەکات جێگەی بەرژەوەندییە شەرعییەکانی تێدا ببێتەوە، کاتێک لە ئەنجامی تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ حەرفی دەق و ڕەچاوکردنی هەندێک بنچینەی ئەصڵی زمانەوانی، بەڵام بەرژەوەندییەکانی سەر ئەرزی واقیعی پشتگوێ خست، ئەمە دەخوازێت لەبەر ئەوەی مەبەستی شەرع بەدیناهێنێت پێداچوونەوە بە تێگەیشتنەکەدا بکرێتەوە، شەرعدانان دەبێ لە چوارچێوەی ویستی خاوەنی شەرعدا بێت، چۆن دەبێت دەق بە جۆرێک لێک بدرێتەوە مەبەستی دانەری شەرع بە دینەیەت و ئوممەت بەرەو دواکەوتوویی و دوور لە بووژانەوە و دەسەپاچەیی بەرێت!.

مادەی کتێبەکە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێناسەی چەمکی سیاسەتی شەرعی و بەڵگەکانی و بواری جێبەجێکردنی و مەرجی کارپێکردنی لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم: ڕۆڵی کاربەدەستان لە دانانی یاسا و تەشریع، لەگەڵ باسکردنی ڕێسا فیقهیانەی پەیوەندییان بەکاربەدەستانەوە هەیە، سێیەم: چەند نموونەیەکی جێبەجێکردنی باری کەسێتی سەردەم لەخۆ دەگرێت. بەشی چوارەم: هەندێک جێبەجێکردنی سەردەمیانەی سیاسەتی شەرعی لە سیستەمی ئیداری و سیاسیی دەستووری و نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئاگادارکردنەوە دەربارەی چەند ڕێسایەکی فیقهی لە پەیوەندی و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

پێشتر هەندێک لەم ڕێسایانەم لە (مەوسوعەی زاید بۆ ڕێسا فیقهی و ئوصوڵییەکان) وەرگرتووە و سوودم لێ وەرگرتووە، هەندێکیشم بەپێی

گونجانی لەگەڵ بابەتەکەدا بۆ زیادکردووە، کۆتایی پەڕتووکەکەشم بە چەند ئەنجامگیرییەک هێناوە، کە هیوادارم خوێنەر پێی بگات.

لەم کتێبەدا میتۆدێکم پیادە کردوە چەمکی مەقاصیدی دەق و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت. هۆشداریشم داوە لە هەندێک بابەتدا ئەگەر ڕاڤەی دەقەکان بەو ئامرازانە بێت کە لای ئوصولیەکان دەکرێت، ئەوە دەگەین بە ئەنجامێکی جیاواز لەوەی ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی واقیع و شارەزا بوون لە یاساکانی و پاشان وردبوونەوە لەو دەقانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە هەنگاوی بۆ بنێین، نموونەی ئەمە تێگەیشتنی ئیبنو خەلدون لە فەرموودەی: (الأئمە من قریش) بە بەراورد لەگەڵ تێگەیشتنی جومهوری زانایان، هەروەها تێگەیشتنی شافیعییەکان لە فەرموودەی: (مَن قَتَلَ قَتِيلًا لَهُ عَلَيْهِ بَيِّنَةٌ فَلَهُ سَلَبُهُ) شافیعی لە ئامرازەکانی ڕاڤەی دەقەوە هەنگاوی ناوە؛ کە وشە و ئاخاوتنی گشتی (اللفظ العام) مادام تایبەتکەرێک نەبێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە؛ لەکاتێکدا مالیک لە تێگەیشتنی یاسای سەرکەوتنەوە بۆی چووە کە دەبێ سەرباز پابەندی نەخشەی سەربازی بێت، بۆیە گەیشتووە بەو ئەنجامەی ئەم حوکمە لە دەروازەی دەسکەوت و بەخشش و هەڵنانی سەرباز لەسەر جەنگکردندایە، ناکرێت حوکمێکی گشتی بێت. ئەوەی وای لە ئیبنو خەلدون و ئیمامی مالیک کردووە تێگەیشتنیان لە بەرژەوەندیەوە نزیک بێت ئەوەیە ئەوان بە جۆرێک تێی فکریون کە یاسا کۆمەڵایەتی و دەقە شەرعییەکان کۆبکاتەوە، ئەو میتۆدەی لە یاسا کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و ئابووری و هەردوو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و گەردوونی پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەوێوە فەقیە هەنگاوی ناوە بۆ دانانی چارەسەر و ڕێکخەرە سیاسییەکان، ئەو کاتە ئەحکامە سیاسییەکان هاوتەریب دەبن لەگەڵ فیقهدا نەک ببێت بە بەشێک لە فیقە، بەڵکو درکپێکردنی فەقیە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان چەندین واتا و مەبەست دەردەخات، لە ڕێگەی ئامرازە تەقلیدییەکانەوە بۆ ڕاڤەکردنی دەق

دەستناکەوت، ئێمە پێویستمان بەو دونیا بینیە هەیە هەموو گۆشە نیگاکان ببینێت، تا دەرگایەک بێت بۆ نوێکردنەوەی گوتاری ئیسلامی.

ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت ئامڕازێکە بۆ هەستانەوە چاوەڕوانکراوەکە، چونکە چارەسەرەکانی لە چوار کوللیاتەکانی شەریعەتدایە، دژ بەیەک نییە لەگەڵ عەقیدەی ئوممەتدا، بەمەش سیاسەت پارێزراو دەبێت لە ساتمەی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەکان، کە هەستانەوەی خۆیان بەستۆتەوە بە پچڕان لە ڕابردوو، ئەمەش وایکردووە وەکو پێویست پشتیوانی میللیان بۆ هەستانەوە نەبێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ﴾ (نور: ٤٠). واتە: بێگومان ئەوەی خوا نووری پێ نەبەخشێت، هەرگیز نووری دەست ناکەوێت.

داواکارم لە خوای بەرز و پیرۆز ئەم کارەمان لەبەرخۆی بێت، بیخاتە ترازووی چاکەی هەر یەکێک لەوانەی بەشدار بوون تێیدا، لەسەر هەوڵ و هاوکاریان سوپاسی تایبەتیم بۆ برایانی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی هەیە، خوا پاداشتی خێریان بداتەوە و بیانخاتە ژێر سایەی: ﴿أُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا﴾ (الإسراء: ١٩).

# بەشی یەکەم
# سیاسەتی شەرعی: چەمک و بەڵگەکانی، بواری جێبەجێکردنی، مەرجی کارپێکردنی

**یەکەم: چەمکی سیاسەتی شەرعیی:**

بریتیە لە: "بەڕێوەبردنی کاروباری ئوممەت و ڕێکخستنی پێداویستی و بنچینە گشتییەکانی بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ ڕوحی شەریعەتدا، با دەقێکی دریژ و وردەکارییانەی لە قورئان و سوننەت لەبارەیەوە نەهاتبێت".[1] ئەم پێناسەیە دوو جۆرە حوکم دەگرێتەوە، یەکەمیان بە پشتبەستن بە ڕوحی شەریعەت و بنەما گشتیەکانی و بەرژەوەندی ڕەها، بەدیهێنانی ئەحکام لەو بابەتانەی دەقیان لەبارەوە نییە. دووەمیان بۆ یەکخستنی ئامانجی دەق و سەرەنجامەکەی بەدەستخستنی فیقهی جێبەجێکردنە کە هەموو لایەنەکانی قەوارەی ڕوحی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئوممەتی تێدا پارێزراو بێت.

---

[1] تاج، عبدالرحمن، السياسة الشرعية في الفقه الإسلامی، القاهرة: مطبعة دار التأليف، ١٩٥٣م، ص١، وانظر أيضا:
ـ الدريني، فتحي. خصائص التشريع الإسلامي في السياسة والحكم، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٢م، ص١٩١.

پێناسەی شەرعزانەکان سەبارەت بە سیاسەتی شەرعی لە دوو تەوەردایە: یەکەمیان: پەیوەندی بە سیاسەتی تەشریع و یاسادانانەوە هەیە؛ تەنانەت هەندێک لە شەرعزانەکانی وەکو ئیبن عابدین و[1] تەرابلووسی[2] کورتیان کردۆتەوە لە فیقهی جینایات و تاوانەکاندا، کە بەدرێژی باسی دەکەین. لەبەرانبەریشدا چەند پێناسەیەکی تر هەیە هەموو فیقهی ئیسلامی لەخۆی گرتووە، وەکو پێناسەکانی ئیبنو فەرەحون، مەقریزی، ئیبنو نوجەیم،[3] کەسانی تری وەکو فەرموودەناس شێخ عەبدورەحمان تاج و شێخ عەبدولوەهاب خەلاف و د. فەتحی دورەینی. دووەمیان: پەیوەندی بە سەنەد و پشتیوانەکانی سیاسەتی تەشریعەوە هەیە، ئایا دەبێت دەوڵەت تەنها لەو بابەتانەدا ئیجرائات بکات کە دەقی تایبەتیان لەبارەوە هەیە؟ ئەمەش ئیبنو عەقیل ڕوونی کردۆتەوە، بە دوای ئەویشدا ئیبنولقەیمی جەوزییە، کە لە کتێبەکەیدا (الطرق الحكمية) باسی کردووە.[4] کە پێناسەی شەرعزانەکان سەبارەت بە سیاسەتی تەشریع دێنین: کە تەڕابلوسی لە (معين الحكام)دا پێناسەی کردووە: (سیاسەت شەرعێکی زبر و ڕەقە).[5]

ــ ئیبنو عابدین دوای ئەوەی هۆشداریدا کە بە واتا گشتییەکەی بە کاردەهێنرێت، دەڵێت: ئەوە بۆ باشکردنی کاروباری خەڵکە، هەروەها بە واتای تایبەتتریش بەکاردێت کە: بە زبری جوڵاندنەوەیە لەگەڵ ئەو تاوانانەی

---

[1] ابن عابدين، محمد أمين بن عمر، رد المحتار على الدر المختار (حاشية ابن عابدين)، تحقيق: محمد حلاق وعامر حسين، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٩٨م، ج٦، ص٢٠.

[2] الطرابلسي، علاءالدين بن علي، معين الحكام فيما يتردد بين الخصمين من الأحكام، القاهرة: شركة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٧٣م، ص١٦٩.

[3] ابن نجيم، زين العابدين بن ابراهيم. البحر الرائق شرح كنز الدقائق، بيروت: دار المعرفة، (د.ت.)، ج٥، ص١١.

[4] ابن القيم الجوزية، شمس الدين محمد بن ابى بكر الزرعي، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تحقيق محمد جميل غازي، القاهرة: مطبعة المدني، (د.ت.)، ص١٢.

[5] الطرابلسي، معين الحكام فيما يتردد بين الخصمين من الأحكام، مرجع سابق، ص١٦٩.

حوكمێکی شەرعیان هەیە بۆ بنەبڕکردنی کەرەستەی خراپەکاری، پاشان وتوویەتی: "ئەوەی دەردەکەوێت سیاسەت و سەرزەنشتکردن هاوواتان".[١]

ـ ئیبنو عابدین بەبێ ئەوەی ناویان بێنێت پێناسەی سیاسەتی شەرعیی لە هەندێک لە شەرعزانانەوە وا گێڕاوەتەوە کە: سیاسەتی شەرعی: زبری نواندنە بەرانبەر تاوانکار، واتە سزای هەر تاوانێک حوکمی شەرعی لەبارەیانەوە هەبێت؛ ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە کەرەستەی خراپەکاریی،[٢] وەک دەیبینیت ئەم پێناسەیە سیاسەتی شەرعی کورت دەکاتەوە لە بواری تاوانەکان و تۆڵەسەندنەوەدا، ئەوەش کارێکە دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە ئاسایشی گشتی دەوڵەت بە بڕیاری زبر نەبێت لەسەر هەر تاوانێک دانامەزرێت، وا پێویست دەکات جێبەجێکردنی بنەماکانی سیاسەتی شەرعی مەبەستی خاوەنی شەرع بەدیبێنێت و لەو لایەنەوە ڕێگری لە کەرەستەکانی خراپە بکرێت.[٣]

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئیبنو عابدین زاراوەی سیاسەتی تەشریعی تەنها بۆ بواری تاوانەکان بەکاردێنێت، هەروەکو لە بەدواداچوونی وشەکە لە حاشیەی ئیبنو عابدیندا بەڕوونی دەبینرێت، کە بەجۆرێکە ووشەی سیاسەت لە بواری فیقهی تاواندا بەکارهاتووە وەکو: سزادان بە گومانی زاڵ سیاسەتە،[٤] سەرزەنشتکردنی تاوانبار سیاسەتە، تەغریب و دوورخستنەوە سیاسەتە،[٥] کوشتن سیاسەتە،[٦] کوشتنی نێرباز و دز و ئەوانەی خەڵکی دەخنکێنن بۆ کەسێک دووبارەی بکاتەوە سیاسەتە.[٧]

ئەم نموونانەی باسکران کۆمەڵێک حوکمن لە فیقهی تاواندا لەسەر بنەمای سیاسەتی تەشریع دانراون.

---

[١] ابن عابدين، رد المحتار على الدر المختار، مرجع سابق، ج٦، ص٢٠.

[٢] المرجع السابق، ج٦، ص٢٠.

[٣] عطوة، عبدالعال أحمد، المدخل إلى السياسة الشرعية، الرياض: مؤسسة الأنوار للطباعة والنشر والتوزيع، ص١١.

[٤] ابن عابدين، رد المحتار على الدر المختار، مرجع سابق، ج٦، ص٢٠، ٩٣.

[٥] المرجع السابق، ج٦، ص١٩ – ٢٠.

[٦] المرجع السابق، ج٦، ص٢٠ – ٧٨.

[٧] المرجع السابق، ج٦، ص ٢٠.

بەڵام ئەوەی تێبینــــیە لەســــەر ئیبنــــو عابــــدین و ئەوانــــی تــــریش، بەرتەسککردنەوەی چەمکی سیاسەتە لە جێبەجێکردنی یەک چەمکدا، لەکاتێکدا ئەو نموونانەی باسکران لە سیاسەتی شەرعیدا ڕۆڵی مەقاصیدی شەریعە دەردەخەن، کە هەرکات لە ڕێگەی دەقە ئەصڵیەکەوە ئامانج و مەبەستە تەشریعییەکە بەدینەهێنرا، ئەوە لە چوارچێوەی مەبەستی یاسادانەر و هەلومەرجە تازەکاندا دەبێ بەڵگەی تازە بدۆزرێتەوە و ڕەچاو بکرێت. (سیاسەت) لەسەر جێبەجێکردنی حەرفی و ڕێنووسی دەق ناوەستێت، بەڵکو چاو دەبڕێتە کاتی جێبەجێکردنی دەق تا چەند مەبەستی دانەری شەرع دەپێکێت، بەتایبەت ئەگەر بڕیارەکە پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەڵگەوە بێت، لە ئەگەری ئەوەی چارەسەرە ئەصڵیەکە ئامانجی خۆی نەپێکا؛ لە کاتی دووبارەبوونەوەی تاوانێکدا وەکو ئیبنو عابدین لە نموونەکانی پێشەوە هێنابووی؛ ئەو کاتە دەبێ چارەسەرێکی دامرکێنەرەوەی بۆ دابنرێت، گەرچی ئەو چارەسەرە بۆ بنبڕکردنی خراپەکە سەربکێشێت بۆ کوشتنی تاوانکاریش؛ بۆیە سیاسەتی تەشریع لە فیقهی تاواندا دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکە کە لە کاتی جێبەجێکردندا دەقێک دەستنەکەوێت، ئەو کاتە بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە ڕێگەچارەیەکی تر دەگیرێتەبەر، ئەگەر جێبەجێکردنی دەق ئامانجەکەی نەپێکا؛ بۆ ئەوەی مەبەستە شەرعیەکە بێتە دی ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ دادەنرێت، ئەو کاتە لە جێبەجێکردنی ئامانج و مەبەستی دەقدا با بە ڕواڵەت وازهێنانی لە دەق پێوە دەرکەوێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەبێت خواست و مەبەستی دەق جێبەجێ بکرێت.

ئەم ڕێگەچارانە ئەوە دووپات دەکەنەوە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی پێویستی بە دەقێکی تایبەت نییە، ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئیبنو عەقیل و یەکێک لە شافیعی مەزهەبەکان کە ئیبنولقەییم باسیکردووە دووپاتی ئەم ڕایە دەکاتەوە؛ دەڵێت شافیعی مەزهەبێک وتی: "سیاسەت دەبێ پڕاوپڕی شەرع بێت".[١] ئیبنولقەییم ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەگەر مەبەست لەم دەستەواژەیە

[١] ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص١٧.

ئەوە بێت لەسەر هەر ئیجرائاتێک دەوڵەت دەیکات دەقێک هەبێت و پابەندێکی ئـامرازی لە جێبەجێکردنـی دەقەکانـدا هەبێـت؛ ئەوە هەڵەیە و بە هەڵەدانـانی هاوەڵانیشـە، بەڵام ئەگەر مەبەسـت لەم دەسـتەواژەیە ئەوە بێـت: "ڕێـک بێـت لەگەڵ شـەرعدا"؛ واتە پێچەوانەی ئەوە نەبێت کە شـەرع وتـوویەتی، ئەوە نەک هەر لە ڕەفتاری دەوڵەتدا، بەڵکو لە جێبەجێکردنی هەموو حوکمێکی شـەرعیدا ڕاستە و قسـەیەکی وردە، فەرمـوودەی تەیمـومکردن لەشـگرانی؛ دەمـانگەیەنێتە ئەو ڕاسـتییە[1] کاتێک یەکێک لە هـاوەڵان تووشـی لەشـگرانی بـوو، کە برینێک بەسـەرییەوە بـوو، ئەگەر خـۆی بشـۆرییایە بـرینەکەی جـێگەی مەترسـی بـوو ئاودز بێت، پرسیاری لە هاوەڵەکانی کرد، ئەوانیش ئاگاداری ئەوە نەبـوون ئەم بـارودۆخە تـازەیە کە بـرینە و ئەو ئـازارەیە بە هـۆی شـۆرینەوە پەیـدا دەبێت حـوکمێکی تـازەی دەوێـت، بەڵکـو بەشـێوەیەکی میکـانیکی حوکمەکەیـان جێبەجێکـرد؛ کە بە هـۆیەوە هاوەڵەکەیـان مـردن کاتێـک پێغەمبەریـان: (درودی خوای لەسەر) لێ ئاگادار کردەوە فەرمـووی: "قتَلـوه، قـتَلَهم اللهُ". واتە: کوشـتیان خـوا بیانکوژێـت، نەزانینەکەیـان شـتێک نەبـوو بە هەڵەیەکـی ئیجتیهـادی بژمێردرێت و خاتریـان بگیرێت، بۆیە پێغەمبەر بەو شـێوەیە هەڵوێستی خـۆی دەربـڕی، چـونکە ئەوانەی ئیجتیهـاد دەکەن، یـان فەتـوا دەدەن دەبێ ئەنجامیـان لەپێش چاو بێت.

لێـرەوە دەگەیـنە ئەو ئەنجـامەی سیاسـەتی تەشـریعی چەنـدین پلانـی یاسادانانی گشتییە، باڵدەکێشێت بەسەر هەموو تەشریعدا، کە لەسـەر سـازان و لێکتێگەیشـتن لەنێـوان ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی دەقە ئەصـڵیەکە و پێداویسـتیەکانی ئەو بـارودۆخەی لە ئەنجـامی چاکسـازیی واقـیعەکەوە دێـتە

---

[1] رواه أبو داود، وقال عنه الألباني حسن. انظر:

ـ السجستاني، أبو داود سليمان بن الأشعث. سنن أبى داود، اعتنى به: فريق بيت الأفكار الدولية، بيروت: بيت الأفكار الدولية، ١٩٩٩م، كتاب الطهارة، باب: التيمم، ص٦٠، حديث رقم: (٣٢٢).

ـ الألباني، محمد ناصر الدين، صحيح سنن أبي داود، الكويت: غراس، ٢٠٠٢م، كتاب: الطهارة، باب: الجنب يتيمم، ج٢، ص١٤٨ – ١٤٩، حديث رقم: (٣٥٨).

کـایەوە، یـان ئیجتیهـاد بکرێـت بـۆ دۆزینـەوەی حـوکمێکی گونجـاو کـاریگەری لەسـەر واقیعەکە هەبێت. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پێناسـەی وردی فیقهی سیاسی ئەوەیە پشت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و ئەو واقیعە ببەستێت بۆ لەدایکبوونی فیقهێک کە موراعاتی ئەو هەلومەرجە بکات کاروباری دەوڵەت و ئوممەتی تێدا ببرێت بەڕێوە.

لە پێناسـەی زۆرێـک لە زانایـانی سیاسـەتی شـەرعی ئەم جـۆرە فـیقهە گونجاندنەمان دەستدەکەوێت، لەوانە زەینولعابدین ئیبن نەجیم، کە بەم شێوەیە پێناسـەی کـردوە: "ئەنجامـدانی کـارێکە لەلایەن کاربەدەسـتەوە کە بەرژەوەنـدی تێدا دەبینێت، بـا لەبـارەی ئەو کـارەوە دەقێکـی جـوزئیش نەبێت".[١] ئەو لێرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە بە پشتبەستن بەو بەرژەوەندییانەی لەسـەر شـارەزایی و لێـزانین دامەزراوە دەسـەڵاتدار توانـایەکی زیـاتری هەیە بـۆ چارەسـەرکردنی ڕووداوەکـان، بەڵام ڕوونـی نەکـردۆتەوە پشـت بە چ جـۆرە (بەرژەوەنـدییەک) دەبەسـترێت، هەروەهـا چ جـۆرە (بەرژەوەنـدییەکیش) پشـتی پێنابەسـترێت، بـۆ نمـوونە ئەو باسـی کاربەدەسـتی کـردووە؛ لەکاتێکـدا پێناسـەکە دادوەریـش دەگرێتەوە.[٢]

عەبـدولوەهاب خەلاف لە پێناسـەکەیدا دەڵێـت: "زانسـتێکە بـاس لە بەڕێـوەبردنی کاروبـاری دەوڵەتـی ئیسـلامی و یاسـاکانی و ئەو سیسـتەمانەی لەگەڵ بنچینـە ئیسـلامییەکاندا یەکـدەگرێتەوە دەکـات، بـا لەسـەر هەمـوو بەڕێوەبردنێکیش بەڵگەیەکی تایبەتی نەبێت".[٣] ئەو لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە زانستی سیاسەتی شەرعی دروستکردنی ئیجتیهادی لەبار و جێبەجێکردن؛ پێکەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی تێیدایە و ئەنجامەکەی لەبەر چاو بگرێت.

---

[١] ابن نجيم، البحر الرائق شرح كنز الدقائق، مرجع سابق، ج٥، ص١١.

[٢] ابن عابدين، رد المحتار على الدر المختار، مرجع سابق، ج٦، ٢١.

[٣] خلاف عبدالوهاب، السياسة الشرعية، (نظام الدولة الإسلامية في الشؤن الدستورية والخارجية والمالية) القاهرة: دار الأنصار، ١٩٧٧م، ص٥.

عەبدولعال عەتووە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "ئەو بەڕێوەبردنەی کاروباری دەوڵەتی ئیسلامیە کە دەقیان لەبارەوە نییە، یان دەکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی ئوممەتدا گۆڕانی بەسەردا بێت، بەجۆرێک لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت و بنەما گشتیەکانیدا یەکبگرێتەوە".[1]

وەک دەبینیت ئەم پێناسانە - وەک د. فەتحی دورەینی باسیکردووە - لەسەر یەک تەوەر دەسوڕێنەوە، کە دەڵێت: "بەپوختی سیاسەتی شەرعی گرتنەدەستی کاروبارەکانە بە جۆرێک چاکسازیی تێدا ڕەچاو بکرێت".[2]

**دووەم: ناساندنی سەرچاوەکانی سیاسەتی شەرعی:**

بەکارهێنانی زاراوەی سیاسەت لە فەرموودەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بەواتای بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، یان بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هاتووە، وەکو دەفەرموێت: "كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ".[3] واتە: نەوەکانی ئیسرائیل پێغەمبەران کاروباریان دەبرد بەڕێوە، تەبەری کە (٣١٠ک) مردووە، لە موجاهیدەوە (١٠٤ک) مردووە، باسی جیاوازی نێوان (الرباني) و (الحبر) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتدا دەگێڕێتەوە کە خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَلَكِن كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ﴾ (آل عمران: ٧٩). واتە: بەڵکو (بەخەڵکیان وتووە) هەوڵ بدەن بۆ خوا بژین و لێبڕاو بن، بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن، بەوەش دەبنە خواناس و ڕەبانیی، کە بەرنامەی خوا فێری خەڵکی بکەن و خۆشتان بەردەوام هەوڵ بدەن فێری ببن. کە دەڵێت: "ڕەبانی باڵاترە لە حیبر، چونکە ئەو زانست و فیقە پێکەوە کۆ دەکاتەوە،

---

[1] عطوة، المدخل إلى السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص١٥.

[2] الدريني، خصائص التشريع الإسلامي في السياسة والحكم، مرجع سابق، ص١٩١.

[3] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: أحاديث الأنبياء، باب: ما ذكر عن بني اسرائيل، ص٦٦٥، حديث رقم: (٣٤٥٥).

هەروەهـــا چـــاوکراوەیە لە سیاســـەت و مشـــوورخواردن و بەڕێـــوەبردنی کاروباری دونیایی و دینی خەڵکی بەشێوەیەکی باش".[1]

ئەمە ئاماژەی ئەو شایستەییانەی تێدایە بۆ بەڕێوەبردنی خەڵکی پێویستن، لێکۆڵینەوەی کتێبەکـانی تەفسـیر - بەتـایبەت بەسـەرهاتی پێغەمـبەران لەگەڵ گەلەکانیـان، کە سـوودبینینە لە ئەزمـوونی گەلان - بەیەکێک لە سـەرچاوەکانی سیاسەتی شەرعی دادەنرێت، کە لە بەشێکی تایبەتدا دەستمان بە باسکردنیان کردووە.

کاتێـک موسـڵمانەکان ئاگاییـان پەیـدا کـرد لە فەرهەنگـی یۆنانیەکـان لە بەڕێوەبردنـدا، کە بەگشـتی ڕێکـوپێککردنی دەروون و خێـزان و پێکەوەبـوونی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، وەرگێڕەکان نـاوی سیاسـەتیان بـۆ ئەو زانسـتە دانـا، لەو وەرگێڕدراوانەدا: کتێبی ئەفلاتۆنە، کە بەناوی سیاسـەت وەرگێڕدراوە، هەروەهـا کتێبـی "ئەرەسـتۆتالیس" لە بەڕێـوەبردنی کاروبـاری گشـتیدا، ئەم کتێبـانە بە زاراوەی ئیـدارەی گشـتی وەرنەگێـڕدراوە، چـونکە واتـای زمـانەوانی ئیـدارە خـــولانەوەی شـــتێک دەگەیەنێـــت. ئەو زاراوە تـــازانەی لە جـــێگەی زاراوە کەلەپوورییەکان دانراون، جۆرێک لە دابڕانـی لەگەڵ پەڕتووکەکانی کەلەپووردا دروسـتکردوە، بەشـێوەیەک تـوێژەر لە بـواری بەڕێـوەبردن (ئیـدارە)ی گشـتیدا نازانێت سـەرچاوە کەلەپوورییەکانی ئەو کتێبـانەیە کە لە ژێر نـاوی سیاسـەتدا پەخشکراون.

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی: (اتحـاف المهرة) بەشێکی هەمـوو ئەو فەرمـوودانەی پێغەمـبەری (درودی خـوای لەسـەر) کـۆکردۆتەوە و لە بـابەتی

---

[1] ئەحمەد شاکر بەم وتەیە لێدوانی لەسەر ئەم بابەتەداوە کە دەڵێت: "کەم وا هەیە لە کتێبێک لە کتێبەکانی زمانەوانیدا ئەم ڕاڤەیە ببینیت، ئەوە جوانترین شتێکە خوێندبێتمەوە لەسەر واتای (الرباني)، ئەوە جوانترین ڕێنماییە لە تێگەیشتن لە زمانی عەرەبی، چاوتیژی لە واتای کتێبی خوادا، ڕەحمەتی خوا لە ئەبو جەعفەر ڕەحمەتێک لای خوا پلەی پێی بەرز بێتەوە". تەماشای:

ـ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير. جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: أحمد شاكر، بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠٠م، ج٦، ص٥٤٤.

کاروباری گشتیدا بەشبەشی کردووە بەناوی: سیاسەتی ئیبنو خوزەیمە[1] کە ساڵی (٣١١ک) مردووە، لەوانەیە یەکەم دانەر بێت لە زانستە شەرعیەکاندا کتێبێکی لە فەرمودەدا سەبارەت بە سیاسەت نووسیبێت، لێوەرگرتنەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو دەستی بردووە بۆ فەرمودەکانی ئەمیرایەتی و گوێڕایەڵی و دڵسۆزیی نواندن بۆ خەڵکی ژێردەستی دەسەڵاتدار (ڕەعیەت)، هەروەکو تاوتوێی ڕێنماییە ئیداری و ئەخلاقیەکانی وەکو: نەرم و نیانی و بەزەیی و هەر کەسە و لە ئاستی خۆیدا ڕێزی لێبگیرێت کردووە، هەروەها ڕێزگرتن لەوانەی لەناو گەلێکدا بەڕێزن، ئەم ئاوەڕدانەوەیە لە مەبەست و بەها ئەخلاقیەکان کە ڕێپیشاندەری سیاسەتن، بەڵگەیە لەسەر مەشروعیەتی بەخەمەوە بوونی کاروباری سیاسی، وەکو لە باسی بەڵگەکانی سیاسەتی شەرعیدا ڕوونتر دەکرێتەوە.

هەروەها لەو کەسانەی کە لە سیاسەتدا پوختەیەکی نووسیوە فارابییە، کە لە ساڵی (٣٣٩ک) مردووە، کە زیاتر لە ئامۆژگارییەوە نزیکترە، پاشان ئیبنو سینا، کە لە ساڵی (٤٢٨ک) مردووە، کتێبێکی لە سیاسەتدا نووسیوە، نامیلکەیەکی کورتە باس لە پەروەردەی دەروون و خێزان و چەند ئامۆژگارییەکی کورتە دەربارەی سیاسەت و دەسەڵات، ئەوەی زەق کردۆتەوە سیاسەت بەڕێوەبردنی کاروباری گشتییە، کە ئەم کتێبانە زیاتر لە میتۆدی ئەفلاتۆنەوە نزیکترن[2]، ئیبنو سینا لەوێدا دەڵێت: "ئەوانەی لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە حیکمەت و لێزانین و سیاسەتی بەڕێوەبردن هەیە، هەروەها پێویستیان بە توونددوتۆڵی هەیە، ئەو پادشایانەن خوای بەرز و

---

[1] الترکماني، عبدالحق، "مدخلفي مناهج الدراسات المعاصرة في السياسة الشرعية: النظام السياسي الإسلامي"، مؤتمر فقه السياسة الشرعية ومستجداتها المعاصرة، الکويت ٢٠١٣م، ص٢٢٨.

[2] نووسەرێک لە ئاستێکی بەرزی نووسیندا بێت ناکرێت دەستەواژە و ڕستە و لێکدانی مەبەستەکانی زۆر ورد و پڕ واتا نەبن، کە بەداخەوە ئەم کەموکورتییە بەئاشکرا لە میتۆدی نووسەردا دەردەکەوێت، نازانم ئەم تێکەڵی و پێکەڵییە چۆن بەسەر پەیمانگای فیکری ئیسلامیدا تێپەڕیوە؟!. وەرگێڕ.

باڵادەست جڵەوی کاروباری بەندەکانی خۆی داوە بەدەستیانەوە و کردوونی بە چاودێر بەسەر کاروباری خەڵکیەوە و سیاسەتی ڕەعیەتی پێ سپاردوون، پاشان بەپێی پلەبەندی ئەو والییانەیە کاروباری خەڵکی دەبەن بەڕێوە".[1]

هەروەکو ئاگاداری داوە دەبێ کەسانێک هەبن بێ موجامەلە خەوش و نەنگی سەرۆکەکان بخەنە پێش چاویان، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە موجامەلە و مەرایی و مامەحەمەیی و پیاهەڵدان دەکات، بەتایبەت لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکاندا و ڕەخنەکانیان دەشارنەوە، "لەکاتێکدا کەس ڕەخنەی لێیان نەگرت، وا دەزانن بێ عەیبن و لەسەروی خەوشی و نەنگیەوەن"، کە ئەمەش زۆربەی جار پێچەوانەیە لەگەڵ واقیع.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو کتێبانەی لە زانستی سیاسییدا نووسراون، باس لەوە دەکەن بەڕێوەبردن چۆن پەیوەندی بە ئاوەدانیەوە هەیە بە هەمان شێوە پەیوەندی بە سیاسەتی نەفسەوە هەیە، پەیوەندی بە چەمکی ئەدەبەوە هەیە، وەکو ماوەردی باسیکردووە: "دوو جۆرە ئەدەب هەیە: ئەدەبی شەریعەت و ئەدەبی سیاسەت، ئەدەبی شەریعەت بەجێهێنانی فەرزەکانە، ئەدەبی سیاسەت ئاوەدانکردنەوەی زەوییە"، لێرەوە بۆت دەردەکەوێت کتێبەکان لە کوێدا باسیان لە سیاسەتی شەرعی کردووە.

١ - کتێبەکانی سیاسەتی شەرعیی:

بریتین لەو کتێبانەی باسیان لە دیسپلین و توونددوتۆڵکردنی سیاسەتی شەرعی کردووە، کە نووسەرەکان ناوی "سیاسەتی شەرعیی"ان لێناون، لەهەمان کاتدا باسیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و چۆنیەتی چارەسەرکردنی پێشهاتەکان کردووە، هەروەها چۆنیەتی دیاریکردنی بواری دەسەڵاتی گشتی لە یاساداناندا، هەروەها چۆن لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی شەریعەتدا دەست دەبات بۆ ئازادییەکان، هەروەها تێگەیشتن لە دەق بەشێوەیەک بەرژەوەندیەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت و تێگەیشتن لە یاسا و ڕێساکان بۆ بەڕێوەبردنێکی شەرعی لەبار.

---

[1] ابن سينا، أبو على الحسين بن عبد الله، رسالة ضمن مجموع في السياسة، تحقيق: فؤاد عبدالمنعم، الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة، (د.ت.)، ص٨٣.

چەند نموونەیەک لەو پەڕتووکانە:

أ - (غياث الأمم في التياث الظلم، أبي المعالي الجويني) کە ساڵی: (٤٧٨ک) مردووە، عەبدولعەزیم ئەلدیب بە شێوەیەکی چاک ساغیکردۆتەوە، چەند جارێک بە چاپ گەیەنراوە، ئەو لە کتێبە سەرەتاییانەیە کە بە واتای بەڕێوەبردنی کاروبار بەشێوەیەکی تەندروست باسی سیاسەتی کردووە، بیرۆکەی کتێبەکە ڕوونکردنەوەی ئەحکامە فیقهیەکانە لە حاڵەتە نائاساییەکانی وەکو: نەبونی موجتەهید، یان نەبونی مەرجە پێویستەکانی موجتەهید، لەو کتێبەدا چارەسەری چەند بابەتێکی سیاسی وەکو بەراوردکردنی نێوان بەرژەوەندی نێوان ئاسایشی کۆمەڵگە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردووە، هەروەها موناقەشەی ئەفکاری زانایانی پێش خۆی کردووە، بەتایبەت (ماوەردی)، لە بابەتی (بەندکردنی تاوانباردا تا بێتاوانی دەردەکەوێت).

چەند ڕێگەچارەیەکی سیاسی لە بەڕێوەبردن و فیقهی دەستووری خستۆتە پێش چاو بۆ ئەوەی کاروباری ئیمامەت بە ڕێوە ئەبات کە دەبێ کەسێکی لێهاتوو، فریادڕەس، دادگەر، بێت، ئەگەر ئەوەی کاروباری ئیمامەت دەگرێتە ئەستۆ هەموو مەرجەکانی ئیمامیشی تێدا نەبێت، یان بابەتی ئەوانەی دژی دەسەڵات دەردەچن و دەبنە پەناگەی ئەوانەی ستەم و سنووربەزێنی دەکەن، هەروەها دەروازەیەکی داناوە بەناونیشانی: "ما يناط بالأئمة من الأحكام" واتە: ئەو حوکمانەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانەوە هەیە، لەوێدا گرنگی پاڵپشتی شەرعی بۆ کاروباری سیاسی زەقکردۆتەوە، یان ئەگەر لە بابەتەکەدا دەقێکیش نەبوو چۆن بە پشتبەستن بە کوللیاتەکان چارەسەری پێشهاتەکان دابنرێت، هەروەها لە کاتی نەمانی هاوکێشە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی خاوەن بیدعەی سیاسی، لەو دەروازیەدا چەندین ئەرک و پلانی ستراتیژی بۆ ئیدارەدانی قەیرانەکان بەدی دەکرێت.

ب - (السياسة الشرعية في اصلاح الراعي والرعية، لابن تيمية) کە ساڵی (٧٢٧ ک) مردووە، نامیلکەیەکە لە شەوێکدا بۆ والیەکی نوسیوە، کاتێک ئیمام داوای لێکردبوو دەربارەی حاڵی ڕەعیەت و هاوڵاتیان و ئەرکی کاربەدەست و سەرکار شتێکی بۆ بنوسێت، لەوانەیە لە سەرەتای ئەو کتێبانە بێت

بەناونیشانی (السیاسة الشرعیة)وە نووسراوە، تیایدا باسی لە گرنگی دەوڵەت و مەرجەکانی وەزیفەی گشتی کردووە، کە بە هێز و ئەمانەتپارێزی دەکرێت، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە بۆ دیاریکردنی هەر بەرپرسیارییەتیەک چۆن باشترین بدۆزرێتەوە، هەروەکو ئاماژەی بە چەند لایەنێکی دارایی گشتی وەکو: دەسکەوتەکانی جەنگ و چەند لایەنێکی تۆڵەسەندنەوە کردووە، بە کەمی باسی لە فیقهی چارەسەر و کار بەڕێوەبردن کردووە، زیاتر لە ئامۆژگاری ئیدارییەوە نزیکە.

ج - (مجموع الفتاوی، ابن تیمیة) بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە سیاسەتدا دادەنرێت، ڕێکخستنی چەندین ڕێوشوێنی سیاسی تێدایە، هەر لەوێدا کارکردن بە گریمانە و مەزەندە (قەرینە)ی کردووە بە بەڵگە، ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە ئەو شەریعەتەی خوا بە محەمەددا (درودی خوای لەسەر) ناردویەتی بەرژەوەندی دونیا و دواڕۆژی پێکەوە کۆکردۆتەوە، هەروەها ڕێکخستنی کاروباری سیاسی لە دادگەری خودا و پێغەمبەرەکەیەتی.

د - (الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة، ابن القیم) ساڵی (٧٥١ ک) مردووە.

لەم کتێبەدا سیاسەت زیاتر بە واتای سووربوون (حەزم) دەرکەوتووە، کە بەشێکی داناوە بەناوی (السیاسة الشرعیة)[١] کە مەبەستیشی ئەوەیە لە سزای سەرپێچیکاراندا چاونەترس و سوور بێت، تەوەری گەورەی کتێبەکە ئامانجی ئەوەیە لەبەردەم دادگاکاندا بەڵگە و ئامڕازەکانی سەلماندن زۆر بێت، بەتایبەت لە دادگای تاوان، کە سزادانی بە مەزەنە (قەرینە) بە ڕەوا داناوە و بە فیراسەتی قایلکەری ئەژمار کردووە، کە ئەمڕۆ ئەوە دەچێتە بواری پشتبەستن بە پشکنین و دەرخستنی زانستی وەکو: پشکنینی پەنجە و پەنجەمۆری بۆماوە و شیکاری خوێن، کە لەبەردەم دادوەردا هەموو ئەمانە وەکو بەڵگە دەچێتە

---

١ نووسەر بە ناوی "العمل في السلطنة بالسیاسة الشرعیة" هێناویەتی، کە هیچ بەشێکی کتێبەکە بەو ناونیشانە بوونی نییە، بەڵکو خۆی ئەو ناونیشانەی بۆ داناوە، بۆیە منیش ناونیشانەکەم گۆڕی بەو شێوەیەی لە کتێبەکەدا هەیە، بڕوانە: (الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة، تعلیق صالح احمد الشامی)، چاپی یەکەم: ١٤٢٣ک - ٢٠٠٢ز، ل: ٤١. وەرگێڕ.

بـواری ڕێکخسـتنی بەرژەوەنـدییە سیاسـیەکانەوە، ئەوەی جـێگەی سـەرەنجە ئەوەیە، ئەوەیـە کـە ئیبنـولقەیم پێـی گەیشـتووە یەکـدەگرێتەوە لەگەڵ یاسـا وەزعیەکاندا، کە دەبێ لە دادگای تاواندا پێویستە بەڵگەکان دادوەری مەدەنی و بازرگانیش بگرێتەوە و نابێ بەڵگەکان تەنها تایبەت بن بە دادوەری تـاوانەوە، چونکە سروشتی تاوان وایە بە ئاسانی بە شایەت پشتڕاست ناکرێتەوە، بۆیە ئەمەش وا دەکات بەڵگەکان سنووردار نەکرێن، بە گریمانەش سزا بدرێت، بە پێچەوانەی گرێبەستە داراییەکان، کە خاوەنی گرێبەست دەتوانێت شایەت بانگ بکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی گرێبەستەکە.

س - (إعلام الموقعين من كلام رب العالمين، ابن القيم)، کە لە سەرچاوە سیاسیە گرنگەکانە، زیاتر بیرۆکەکانی ئیبنو تەیمیەی تێدا دەرکەوتووە.

ص - (السياسة الشرعية والفقه الإسلامي، الشيخ عبدالرحمن تاج)، ئەویش درێـــژە پێـــدەری قوتابخـــانەی جـــوەینیە، هەروەهـــا بـــۆ ئەوەی هەمـــوو بەرژەوەنـدیەکان ڕەچـاو بکرێـت پانتـاییەکی فراوانـی داوە بە سیاسـەت، کە بە پلەی یەکەم ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتی تێدایە، بۆیە بەئاشکرا جیاوازیی کردوە لە نێوان فیقهو سیاسەتدا، کە دەریدەخات سیاسەت بەشێک نیە لە فیقهو لەگەڵ شەریعەتیشدا جیاوازی نییە، "بەم واتایە سیاسەت هەموو ئەو ئەحکامانە ئەگرێتەوە کە دام ودەزگاکانی حکومەت ڕێک دەخات و کاروباری ئوممەت بەڕێوە دەبەن، بەمەرجێک لە چوارچێوەی بنەما گشتیەکانیدا بێت و پێچەوانە نەبێـت لەگەڵ شـەریعەتدا و ئامـانجە کـۆمەڵایەتیە گشـتیەکانی بێنێـتە دی،[1] تەنانەت با بەڵگەیەکی درێژی جوزئی کە لە کیتاب و سوننەتدا هاتووە دەلالەتی لەسـەر نەکـات"، بەم پێناسـەیە سیاسـەت لایەنە دەسـتووری و ئیـداری و دادوەری و دارایی گشتی دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی سیاسەتی بانگەواز،

[1] نووسەر لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا دەستەواژەی (پێچەوانە نەبێت لەگەڵ شەریعەتدا) دووبارە دەکاتەوە، ئەمە بۆ هەندێک شوێن باشە کە لە جێبەجێکردندا بابەتە شەرعی و ناشەرعییەکان زۆر تێکەڵ بن، بەڵام کاتێک لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە سیاسەتی شەرعی لە فیکری ئیسلامیدا دەکرێت، کە زیاتر بابەتێکی مێژووییە، دووبارەکردنەوەی زۆری ئەو دەستەواژەیە بەجۆرێک لە موجامەلەی هەندێک لە تەوژم و دەقەکان دادەنرێت، وەرگێڕ.

که پارێزگاریکردنه له قەوارەی جەماعەت و گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی بۆ دەستەبەر بکات؛ لەهەمان کاتدا ئەم پێناسەیە لایەنە یاسایی و سیاسییە نێودەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوە.

هـ - (السياسة الشرعية، أو نظام الدولة الإسلامية، عبدالوهاب خلاف)، بیرۆکەی سەرەکی ئەو کتێبە ئەوەیە کە: سیاسەت فیقهی جێبەجێکردنە، لە حوکمدا ڕەچاوی مەبەستەکانی شەریعەت دەکات، هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تەنگەژەو ناڕەحەتی نەبنەوە، ڕێگەیداوە حوکمڕانەکان لە هەندێک کاتدا دەستکراوە بن.

م - (خصائص التشريع الإسلامي في السياسة والحكم، د. فتحي الدريني)، ئەو کتێبە پڕە لە چارەسەرە سیاسییەکان، بە درێژکراوەی لقێکی فیقهی شەجەرەی جوەینی و قوتابخانەی عەبدوڕەحان تاج، دادەنرێت، ئەو کتێبە ئاگاداری دەدات لەوەی کە جیاوازیی هەیە لەنێوان نووسین وەکو کارمەندێکی ئیداری و دادوەری و دارایی و کاروباری دەرەوەی دەوڵەت، هەروەها لەنێوان توێژینەوە لەو فەلسەفەیەی لە پشت ئەو وەزیفانەوە خۆی حەشار داوە، بۆ هەر یەکێک لەم دوو جیاوازییە پشتی بە تێڕوانینی ئەنجام و تێگەیشتنی یاسای گەردوونی بەستووە، هەروەها پشتی بە توێژینەوە لەو فەلسەفەیە بەستووە خوازیاری ئەم وەزیفانەیە، ئەو کتێبە بەم تێڕوانینە لە زانستێک بە حوکمە شەرعییەکانەوە سەردەکەوێت بۆ میتۆدێک کە لە کاتی جێبەجێکردندا لەسەر زەمین و بە واقیعی بۆ ئەوەی خاوەنی پلانی ستراتیژی و پلانی ئیدارەدانی قەیرانەکان بێت، چارەسەری حوکمە شەرعییەکان دەکات و ناهێڵێت لەگەڵ واقیعدا تێکبگیرێت.

ن - (السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشريعة ومقاصدها، د. يوسف القرضاوي)، ئەویش درێژەپێدەری قوتابخانەی مەقاصیدی عەبدوڕەحمان تاجە، کە بە واتایەکی فراوانتر لە واتای سیاسەت تێدەگات، چونکە تەوەری سەرەکی کتێبەکە وەکو نووسەرەکەی دەڵێت: "شیکردنەوەی بنەمای پێنجەمە لە (أصول العشرين)ی پێشەوای شەهید حەسەن بەننا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کە ئەو زۆر بە کورتی باسی لە دەسەڵاتەکانی خەلیفە، یان سەرۆکی دەوڵەت لە

لایەنــی تەشــریعیەوە کــردووە، کە بەم شــێوەیە دەڵێــت: "ڕای ئیمــام، یــان جێگرەکەی، لەو بابەتـانەی دەقێـک لە بـارەیەوە نیـیە، هەروەهـا لەو بابەتـانەی چەنـد ڕوویەک هەڵـدەگرێت، هەروەهــا لە بەرژەوەنـدییە ڕەهاکـان (المصــالح المرســلة) تــا تێکنەگیرێــت لەگەڵ بنەمــایەکی شــەرعیدا کــاری پێــدەکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەویش بەپێی بارودۆخ و عـورف و دابونەریت گۆڕانی بەسـەردا دێت".[1]

ی - (کتـاب فـقه السیاسـة الشـرعیة ومسـتجداتها المعاصـرة) ئەوە چەنـد تـوێژینەوەیەکی کۆنگرەی دوانزەی نوێبـوونەوەی فیکـری ئیسـلامییە، لە چـوار بەرگـدا، کە سـاڵی ٢٠١٣ لە کوەیـت گیـراوە، جـۆری توێژینەوەکـان لایەنــی مێـژووی و فیقهـی لەخـۆ گرتـووە، هەروەهـا دەسـتی بـۆ چەنـدین ناونیشـانی جۆربەجـۆری وەکـو: فـرە حیزبـی و گـۆڕینی فەتـوا و شـوێنەوارەکانی لەسـەر سیاسەتی شەرعی، هەروەها تاوتوێکردنی هەنـدێک لە توێژینەوەکان لە ڕێگەی کتێبی (السیاسـة الشرعیة) بـردووە، هەروەهـا درێژەپێدەری قوتابخـانەی ئیبنـو تەیمــیەیە، کە باســی لە ئەرکــی دەوڵەت و سیاســەتی دادوەری و دارایــی و ئـابووری و دیبلۆماسـی دەکـرد، کە زیـاتر تیشـکیان دەخسـتە سـەر حـوکمە شــەرعییەکە نەک چارەســەرییەکـان، باسـی لە پێشــهاتە تـازە و گۆڕانکـارییە پێویستەکان نەکرد، هەندێک لە توێژینەوەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیاسـی ئەگەرچـی بەرژەوەنـدیش بیخوازێـت، ئەزمـوونی گەلانـی ڕەت دەکـرد، چـونکە پێیــانوابوو وەرگرتنــی ئەزمــوونی گەلان، دەرچــوونە لە میتــۆدی شــەرعی ڕەسەن.[2]

ئەو کتێبانەی پەیوەندییان بە سیاسەتی شەرعییەوە هەیە:

کتێبەکانی ئەحکامی سوڵتانی:

---

[1] القرضاوي، یوسف. السیاسة الشرعیة في ضوء نصوص الشریعة ومقاصدها، القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٨ز، ص٧.

[2] التركماني، "مدخل في مناهج الدراسات المعاصرة في السیاسة الشرعیة"، مرجع سابق، ج١، ص٢٤٤.

ئەو کتێبـانەیە بایەخیـان بە باسـکردنی گرنگـی دەوڵەت و میرنیشـین و وەزارەت داوە، بەجۆرێـک باسـی چەنـد لایەنێکـی فیقهـی ئیـداری لە پەیوەنـدی نێوان وەزیر و ئەمیر و سـەرۆکی دەوڵەت کردووە، هەروەهـا چەند لایەنێکی فیقهـی سیاسیی، کە پشتی بە بەڕێوەبردن و لێوردبوونەوەی باش بەستبێت، لەوانە کتێبی (الأحکام السلطانیة)ی ماوەردی، کە فیقهی دەستوری و ئیدارییە لەگەڵ باسـی تەگبیروبەڕێـوەبردنی سیاسـی بە جۆرێـک بەرژەوەنـدییەکانی ڕەچاو کردووە و پێکەوە گرێیانیداوە، لە کتێبەکەیدا جیاوازیی نێوان حوکمی فیقهی و حوکمی سیاسیی بەدی دەکرێت، هەروەها "تایبەتمەندیی ئەمیر بۆ سیاسـەت و تایبەتمەنـدیی دادوەرەکـان بـۆ ئەحکامەکـان" ڕوون دەکـاتەوە، هەروەکو جیاکردنەوەی "مەرجە ئایینییە ڕووتەکان، لەگەڵ مەرجە سیاسییەکان، ئەوانەیـان بەرژەوەنـدی ئـوممەت و ڕاستبوونەوەی میللەتـی موسـڵمانیان تێدا بەدی دەکرێـت، کە تـێکەڵ بە مەرجە ئایینییەکـان کـراون"،[1] ئەوانەش مەرجگەلێکن شەرعزانەکان باسیان نەکردووە، بەڵام لەسەر بنەمای پسپۆڕی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی باسکراوە، بۆیە کارپێکردنیان سیاسەت باشتر دەکات.

هەر لەو کتێبانەی دووبارە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە، کتێبی: (الأحکام السلطانیة) ئەبو عەلی فەڕائە، هەروەها: (تحریر الأحکام في تدبیر الإسلام)ی ئیبنـو جەمـاعەیە، هەروەهـا کۆمەڵێـک لێکـۆڵینەوەی هـاوچەرخی تـر لە ژێـر ناونیشانی: (النظام السیاسي في الاسلام) یان (نظام الحکم في الإسلام).

کتێبەکانی ئاکاربەرزی و ئامۆژگاری پادشا و وەزیرەکان:

ئەوانەش کۆمەڵێـک ڕێنمـایی ئەدەب و ئاکـار لەخـۆ دەگرێـت، داوا لە کاربەدستان دەکات ڕەچاویان بکەن، ئەم کتێبانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک کتێبی فارسیەوە، کە لەم بوارانەدا وەرگێڕدراون:

ـ کتێبی: (أدب الدنیا والدین)ی ماوەردی، کە لە ساڵی: (٤٥٠ ک) مردووە، ئەو کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی تێگەیشتن لە یاساکانی ژیان و تێگەیشتن لە

[1] الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد، الأحکام السلطانیة والولایات الدینیة، القاهرة: دار الحدیث، (د.ت.)، ص٥١.

دەقی پێکەوە کۆکردۆتەوە، وادیارە زاراوەی ئەدەب هاوتای سیاسەتی بە واتا کار ڕێکخستن بووە، نموونەیەکیش بۆ ئەم واتایە ئەوەیە کە دەڵێت: " دوو جۆر ئەدەب هەیە: ئەدەبی شەریعەت و ئەدەبی سیاسەت، ئەدەبی شەریعەت ئەوەیە فەرزەکان بەجێبهێنرێت، ئەدەبی سیاسەت ئەوەیە زەوی ئاوەدان بکرێتەوە". لەو کتێبەدا تێگەیشتن لە یاسای ژیان و تێگەیشتن لە دەق کۆ کراوەتەوە، بەتایبەت لە وردبوونەوە لە کاروباری دونیا و پشکنینی بارودۆخەکان، هەروەها پشکنینی هۆکارەکانی ڕێک بوون و تێکچوون، تا بزانین بە چی چاک دەبێت و خراپ دەبێت، ئەم شیکارییەش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پلانی سیاسیی.

- کتێبی: (تسهيل النظر وتعجيل الظفر، بأخلاق الملك وسياسة الملك)ی ماوەردی، کە دەستی بۆ دوو بابەت بردووە: بنەماکانی ئەخلاق لە لایەنی تیۆرییەوە، سیاسەتی پاشا و بنچینەکانی، کە زیاتر ئامۆژگاری ئیدارین.

- کتێبی: (قوانين الوزارة وسياسة الملك)ی ماوەردی، ئەوە نامەیەکە بۆ یەکێک لە وەزیرەکان نێردراوە، وەکو فوئاد عەبدولمونعیم ئەحمەد ساغکەرەوەی کتێبەکە پەسەندی کردووە، ڕەنگە ئەو وەزیرە ئیبنو ماکۆلا بێت، نامیلکەکە بنچینەکانی وەزارەت لە دینداری و دادگەری و دانانی کەسی شایستە و بەئەمەک و لێبڕان، لەخۆ دەگرێت، پاشان شیکردنەوەی واتای وەزارەت و جۆرەکانی و ئەرکەکانی، هەروەها چەند ئامۆژگارییەکی ئیداری و ئەخلاقی وەکو لێبڕان و ئاکار لەخۆ دەگرێت، هەروەها درێژەی داوە بە جۆرەکانی بەئاگابوون وەکو ئاگابوون لە خودا، ئاگابوون لە سوڵتان، ئاگابوون لە ڕۆژگار، پاشان کار پێسپاردن و لادان و مافەکانی پاشا لەسەر وەزیر.

- کتێبی: (سلوان المطاع في عدوان الاتباع)ی ئیبنو زەفەری سەقەلی (٥٦٥ ک) مردووە، نووسیویەتی، بە (السلوانات في مسامرة الخلفاء والسادات)یش ناسراوە، ئەوە ئامۆژگاریگەلێکی کاربەدەستانە کە بە چەندین بەڵگە پشتڕاستکراوەتەوە، لەوێدا ئەو میکانیزمانە ڕوون دەکاتەوە دەکرێت کاربەدەست بەبێ بەکارهێنانی زەبر و توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەنای بۆ بەرێت، ئەو میکانیزمانە بە لێزانین ناودەبرێت، کتێبەکەی بە

پشتبەستن بە تێبینی واقیعی و میتۆدی لێکۆڵینەوە و پشکنین ناوی دەرکردووە، هەندێک لە توێژەران گومانیان وایە ئیبنو زەفەر لە جێبەجێکردنی میتۆدی پشکنیندا بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی بنەچەی حوکم پێش میکاڤیللی کەوتووە، کتێبەکە واقیعیەتی ئیبنو زەفەر بۆ دەستبردن بۆ هونەری بنچینەی حوکم دەردەخات، هەروەها دەسپێشخەر بووە لە ئاماژەکردن بۆ بەکارهێنانی هێز لە سیاسەتی گەلاندا.(١)

کتێبەکانی دادوەری (القضاء):

وەکو: (تبصرة الحكام)ی ئیبنو فەرەحون، هەروەها (معين الحكام)ی تەرابلوسی، کە بەشێکیان بۆ باسکردنی سیاسەتی شەرعی و جێبەجێکردنی لە بواری دادوەریدایە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی تۆڵەی قورسدا.

کتێبەکانی باج و دەسکەوت:

وەکو: کتێبی: (الخراج، أبي يوسف) کە لەساڵی (١٩٢ک) مردووە، لە سەرەتای ئەو نووسراوانەیە کە تایبەت کراوە بە سیستەمی دارایی دەوڵەتی ئیسلامی و تەوەری سەرەکییە تێیدا، هەروەها دەستی بردووە بۆ چەند بابەتێکی وەکو: بژێوی دادوەرەکان و کارمەندان و سەرپەرشتی حەپسیەکان، هەروەها کتێبی: (الأموال، أبو القاسم بن سلام)، کە لە ساڵی (٢٢٤ ک) مردووە، زیاتر ڕێبازی فەرموودەگەرایی بەسەردا زاڵە.

کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی و ئیداری:(٢)

لە لایەکەوە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە، چونکە مێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتیمان وەک خۆی ئەخاتە پێش چاو، لەکاتێکدا سیاسەت بایەخ بەوە دەدات چۆن دواڕۆژ دروست بکات، لەکاتێکدا ئەرکی سیاسی ئەوەیە

١ العاتري، علي السلطاني، "فن السياسة عند ابن الظفر العربي الصقلي"، مجلة شؤن الإجتماعية، الشارقة، جمعية الإجتماعيين، السنة (٣٣)، العدد (١٢٩)، ٢٠١٦م، ص١٦١.

٢ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ـ عثمان، محمد فتحي، من أصول الفكر السياسي الاسلامي، دراسة حقوف الانسان، رئاسة الدولة (الإمامة) في ضوء شريعة الإسلام وتراثه التأريخي والفقهي، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٤م، ص٣٤.

شوێنەواری ڕێکخەرەکانی ڕابردوو دەربخات، بۆ ئەوەی بزانی لە داهاتوودا چی بکات، لە لایەکی تریشەوە ئەم نووسراوانە پەرەسەندنی سیستەمی سیاسی ئیسلامی دەردەخەن، کە بابەتەکانی دەبن بە چەند بەشێکەوە، هەندێکیان تێکڕا وەکو: (نهاية الأرب في فنون الأدب) و کتێبی نوەیری، کە ساڵی (٧٢١ ک) مردووە، بایەخیان بە مێژووی ئەدەب داوە، هەندێکی تریان وەکو کتێبی: (صبح الأعشى في صناعة الإنشا)ی قەلقەشەندی کە ساڵی: (٨٣٢ ک) مردووە، بایەخی بە نامە گۆڕینەوەکانی ناوخۆی دەوڵەتی ئیسلامی داوە، کە چەندین بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە، هەندێکیان لایەنی ئیداری دەوڵەتی ئیسلامی زەق کردۆتەوە وەکو: (الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية)ی محەمەدی کوڕی عەلی تەباتەبا، ناسراو بە ئیبنو تەقتەقی. هەندێکی تریان لایەنی پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی زەق کردۆتەوە وەکو: (رسل الملوك ومن يصلح للرسالة والسفارة)ی ئیبنولفەڕا لە: (سەدەی چواری کۆچیدا) بووە.

### سێیەم: بەڵگەکانی سیاسەتی شەرعیی:

کۆمەڵێک بەڵگە هەیە کە دەکرێت بۆ دوو بەش پۆلێن بکرێن، بەشی یەکەم: پشتبەستنی سیاسەتی شەرعی بووە بە چەمکە گشتییەکانی تەشریع، بەشی دووەم: پیادەکردنی پێغەمبەر و (درودی خوای لەسەر) هاوەڵەکانی بووە بە بنەماکانی سیاسەتی شەرعیی، ئەم دوو بەشە بەڵگەن لەسەر ئەوەی سیاسەتی شەرعیی نەخشەیەکی تۆکمەیە جگە لە تێگەیشتن لە ئاکارەکانی موشەڕیع لە یاسادانان، پشت ئەستوریشە بە ئیجماع، کە ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر بنەمای سیاسەتی شەرعی.

بەڵگەکانی چەمکە گشتگیرەکانی تەشریع:

سیاسەتی تەشریع پشت بە چەمکە گشتییە تەشریعییە نەگۆڕەکان (القطعية) و بەها تەشریعییە مەزنەکان دەبەستێت، کە یەکەیەکی تەشریعی دروست دەکات کە لێدەرچوونیان، یان دەستلێهەڵگرتنیان نییە، لە هەندێک بارودۆخدا هەر حوکمێکی شەرعی جێبەجێکردنی ببێتە هۆی سەرپێچیکردنی ئەو یەکێتییە

تەشـریعییە، دەبێـتە پـێچەوانەی ویسـتی دانەری شـەرع، بـۆیە ئەبێ هەمـوار بکـرێتەوە بە جۆرێـک بگونجێـت لەگەڵ ویســتی دانەری شــەرعدا و بەهــا تەشریعییەکان بپارێزرێت لە دەستکاری کردن.[1]

گشـتگیر (کلـي): چەمکێکـی زیهنیـی ڕووتە (ذهنـي مجـرد)، لە دەرەوەی بەشەکانی بوونێکی مادی بەرجەستەی نییە، وەکو: دادگەریی، بەزەیی، برایەتی، ئەگەر بتەوێت لەناو کۆمەڵگەدا ئاماژە بۆ بەزەیی، یان دادگەریی، یان ئازایەتی بکەیـت، ئەوە بە یەکێـک لەو نـاوانەوە شـتێکی مـادی بەرجەسـتەت دەسـتت ناکەوێـت تـا ئامـاژەی بـۆ بکەیـت، بەڵام ئامـاژە بـۆ ئەنجـامە بەرجەسـتەکانی دەکەیـت، نمـوونەی شـوێنەواری بەزەیـی و دیاردەکـانی: بەزەیـی دایـکە بـۆ منداڵەکەی، یان بارانبارین بەزەییەکی خودایە بۆ دروستکراوەکانی، یان بەزەیی باڵنـدە بـۆ بێچووەکـانی، هەمـوو ئەمـانە بەشـێکن لە مەبـدەئێکی گشـتگیر کە بەزەییە.

بەڵام یەکێتی تەشـریعی، مەبەسـت پێی کـۆکردنەوەی هەمـوو ئەو دەقـانەیە پەیوەندییان بە بـابەتێکەوە هەیە بەبێ ئـاوڕدانەوە لە چەمـکە گشـتییەکە، تەنها لەسەر هەندێک بەڵگەی جوزئی ناوەستێت، وەکو بەزەیی و لادانی سەغڵەتی (رفع الحرج).

قورئـانی پیـرۆز ژمـارەیەک چەمکـی گشـتگیری لەخـۆ گرتـووە، سـەرەنجی بەنـدەکانی ڕاکێشـاوە بـۆ ئەو پەیوەنـدییەی لەنێـوان ئەو چەمـکە گشـتگیرانە و جوزئیاتەکانیـدا هەیە، خـوای باڵادەسـت لەبـارەی ڕێگەپێـدانی تەیەمـومەوە ئەفەرموێت: ﴿أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ (المائـدة: ٦). واتــە: یـان بـەر ئـافرەت کـەوتبوون و ئاوتـان دەسـت

---

[1] چارەسەری لانەدان لە بنەما شەرعییەکان، یان بوونی دەستەیەکی شەرعزانە لە دەسەڵاتی یاسادانان کە ڕێگە نەدات هیچ یاسایەک دەرچێت پێچەوانەی بنەما نەگۆڕەکانی شەریعەت بێت، یان دانانی چوارچێوەیەکە لە دەستووری وڵاتدا، هەر یاسایەک پێچەوانەی دەستوور بوو لەلایەن دادگای دەستورییەوە هەڵوەشێنرێتەوە. بەم شێوەیە وەحدەی تەشریعی دەپارێزرێت. وەرگێڕ.

نەدەکەوت (بۆ خۆشتن یان بۆ دەستنوێژ، ئەو کاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاک تەیەموم بکەن (واتە لەپی دەستان بەئاستەم بماڵن بە خاکدا) و بیهێنن بە ڕووخسار و دەستاندا (تا ئانیشکتان)، خوا نایەوێت لە ئایندا تووشی سەغڵەتی و ناڕەحەتیتان بکات، بەڵکو دەیەوێت پاک و خاوێنتان بکات (لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا) و دەیەوێت ناز و نیعمەتی خۆیتان بەسەردا تەواو بکات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن.

﴿مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ﴾، دوای ئەوەی بەدەق باسی حوکمی تەیەمومی کرد، ئەوەی ڕوونکردەوە حوکمێکی جوزئی هەیە کە تەیەمومە، ئەم حوکمە جێبەجێکردنی بنەمایەکی گشتگیرە، کە هەڵگرتنی حەرەج و ناڕەحەتییە، هەروەها ئایەتەکە ئاگادارییەکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە ئەم کارئاسانیەی بە تەیەموم دانراوە، ئاسانکردنی هەر حوکمێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت جێبەجێکردنی ببێتە هۆی سەغڵەتی، یان بەدینەهێنانی بەرژەوەندیی، ئەوەی چاوساغیمان دەکات بۆ ئەم ئەنجامە داڕشتنی ئایەتەکەیە، لەبەر ئەوەی لە ئایەتەکەدا وابەستەکەی (المتعلق) لابراوە، ئایەتەکە ناڵێت: خوا نایەوێت تووشی سەغڵەتی نەبن لە پاک و خاوێنیدا، یان لە خواپەرستیدا، بەڵکو داڕشتنەکە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، بۆ ئەوەی چارەسەرەکە هەموو حوکمێکی شەرعی لە عیبادەتدا، یان لە کڕین و فرۆشتندا، یان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، یان لە باری کەسێتیدا بگرێتەوە، ئەگەر جێبەجێکردنی حوکمەکە ئەبوو بەهۆی ناڕەحەتی و سەغڵەتی.[1] لە کاتی جێبەجێکردنی جوزئییەکاندا ئاوڕدانەوەی موجتەهید بۆ ئەم بنەما گشتییانە کارکردنە بە بنەمای یەکێتی تەشریعی.

"بەها مەزنەکان" و "وەحدەی تەشریعی" لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

---

[1] الكيلاني، ابراهيم زيد، خصائص الأمة الحضارية كما تعرضها سورة المائدة، عمان، جمعية المحافظة على القرآن الكريم، ٢٠٠٤، ج٣ - ٤، ص١٣.

"چەمکە گشتییەکان" و "بنەما گشتگیرەکان" کە لە قورئاندا هاتووە[1] وەکو: بنەمای "رفع الحرج" لادانی سەغڵەتی، یان "رفع الضرر" لادانی شوێنەوارەکانی زیانگەیاندن و ڕێگریکردن لە هۆکارەکانی، هەروەها مەبەستە شەرعییە باوەکانی وەکو: "الضروريات" ناچارییەکان، "حاجيات" پێداویستییەکان، "تحسينات" پەسەندەکان. ئەم چەمکانە قورئانی پیرۆز ڕەچاوی کردوون و لە هەندێک لە ئەحکامەکانیدا نموونەی بۆ هێناوەتەوە، ئەم چەمکانە ڕێپیشاندەری دادگەری و بەرژەوەندین، موجتەهید لە کاتی جێبەجێکردنی دەقەکاندا کەڵک لەم چەمکانە وەردەگرێت، جگە لەوەی کە زۆرێک لە چەمکە گشتییەکان سونەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە درێژی باسی لێیانەوە کردووە، کارکردن بەم چەمکانە دەبێ لە کاتی جێبەجێکردندا ڕەچاوی هاوکێشەی نێوان بنەمای مەبەستە شەرعییەکانی تێدا بکرێت، ئەم چەمک و "بنەما گشتگیرانە" هەموو لقەکانی تر بە بەشێک لە خۆی دادەنێت، ڕوونە هەموو کات جوزئیەکان بەتەواوەتی واتای گشتگیر هەڵدەگرن، هەرکاتێک موجتەهید تێبینی کرد لەبەر هەندێک بارودۆخ کارکردن بە جوزئی دەبێتە هۆی لەدەستدانی گشتگیر، ئەوکاتە بۆ ئەوەی گشتگیرەکە کار بکات لە جوزئیەکەدا و بۆ کارکردن بە گشتییەکە دەبێ حوکمەکە بگۆڕێت.[2]

حوکمە جوزئییە نەگۆڕەکان (القطعية)، ئەوانەن بە دەقێکی تایبەتی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، بە داڕشتنێکی ڕوون و ئاشکرا تا بەزۆرەملێ تایبەت نەکرێن، یان تەئویل و لێکدانەوەی تری بۆ نەکرێت بۆ شتێک مەبەستی خاوەنی شەرع نەبووە و دژ بێت بە ویستی موشەڕیع و خاوەنی یاسا. لە نموونەی ئەو دەقە جوزئیانەی کە پەیوەندیان بە سیستەمی گشتی شەرعیەوە هەیە، یان بەستراوە بەو پەیوەندییە بەهێزانەی خاوەنی شەرع بۆ تۆکمەکردنی نێوان کۆمەڵگە وەکو خێزان دایناوە، کە خاوەن شەرعی حەکیم و دانا بە جۆرێک ڕوونی کردۆتەوە بواری تایبەتکردن و تەئویلکردنی نەهێشتۆتەوە، یان

---

[1] الشاطبي، أبو اسحاق ابراهيم بن موسى. الموافقات في أصول الشريعة، شرح: عبد الله دراز، بيروت: دار المعرفة، ١٩٩٤م، ج١ - ٢، ص٤٢٧ - ٤٢٨.

[2] المرجع السابق، ج٣ - ٤، ص١٣.

حوکمەکانی تۆڵەی تاوانەکانی جەریمە، وەکو زیناو دزی، ئەم حوکمانە بە یەکلاکەرەوە هاتوون، ڕێگەی گۆڕین، یان لە جێگەی ئەوان ڕێگەی دانانی حوکمێکی تری نییە، چونکە چەندین بەرژەوەندی نەگۆڕی کۆمەڵگەیان پێوە بەندە.

ئەو دەقانەی وەکو تەشریع گشتین، نەک وەکو زەمانەوانی، ئەویش ئەو دەقانە دەگرێتەوە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە نەگۆڕەکانی مرۆڤایەتیەوە هەیە، وەکو خوای بالادەست دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (النحل: ٩٠). واتە: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناهو تاوان و دەستدرێژیی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و نامووس) و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و (هەر چاکە بکەن).

یان بنەمای هاوکاری، وەکو خوای بالادەست دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ (المائدة: ٢). واتە: یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژیی، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بەتووندی تۆڵە دەسێنێت.

مەبەستی خاوەنی شەرع لەم دەقانەدا ڕوونە، ئەبێ پارێزگاری لێبکرێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە قەوارەی سیاسیی، ئابووری، مرۆڤایەتی، کۆمەڵایەتی ئوممەت بکرێت، ئەم بەها تەشریعیە گەورانە، ڕەنگدانەوەی بنەمای دەستووری تەشریعی ئیسلامیە کە قبوڵی گۆڕان و دەستکاریکردن ناکەن ﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ﴾ (الأنعام: ٣٤).

سەرەڕای ئەوەی ئەم بنەمایانە باڵیان کێشاوە بەسەر هەموو لقە جوزئیەکانی تردا، هەروەها بەسەر ئەو ئیجتیهادەی ڕای موجتەهیدی تێدایە و ئاڕاستەی دەکات، شایانی ئەوەیە توێژەران لە پۆلێنکردندا لە پلەی یەکەمدا

دایبنـێن، دورەینـی[1] نـۆ بنەمـای گەورەی لە دەقە گەورەکـان دەرهێنـاوە، کە بنەمای دادگەریی ڕەهـان، بە جۆرێک تـاک و کۆمەڵگە بەهـۆی جیاوازی ئاین، یـان ڕەگەز، یـان زمـان، یـان ڕەنـگەوە سـتەمیان لێنەکرێت، هەروەهـا بنەمـای یەکسـانی بەتـایبەت لەبەردەم دادگـادا، هەروەهـا بنەمـای ئـازادی کە بەرانـبەر کۆمەڵگە و مرۆڤـایەتی هەسـت بە بەرپرسـیارێتی بکـات، نەک بە واتـای ئـازادی ڕەهای تاک کە ئازادی لە حەزەکانی خۆیدا دەبینێتەوە، هەوەها نەک ئەو جـۆرە ئـازادییەی بەواتـای خـۆ دەربـازکردن لە دەسـەڵاتە خۆسـەپێنەکان دێـت، وەکـو ئەوەی لە سـەرەتای شـۆڕشـی فەرەنسـیدا بـاو بـوو، چـونکە لە ئیسـلامدا خۆسـەپێنی و سـتەم نیـیە، هەروەهـا بنەمـای شـورا لە سـایەی بنەمـا تەشریعیەکاندا، دەرگای ئازادی سیاسی و تەشریعی و فرەیی دەکاتەوە.

هەر لەو بنەمـا گشـتییانە بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـازادی تـاک و بەرژەوەنـدی کۆمەڵگە، وەکـو یەک ئـاڵوگۆڕکردنی بەرپرسـیارێتیە لەنێوان تـاک و دەسـەڵاتدا، هەروەهـا لەو بنەمایـانە دووپـاتکردنەوەی پشـتیوانی دەسـەڵاتی حـوکمڕان و بنەمـای دەسـتەبەرکردنی بەرپرسـیارێتی کـۆمەڵایەتی و سیاسـیی، کە هەنـدێک ئەرک دەخـاتە ئەسـتۆی تـاک بەرانـبەر کـۆمەڵگە و دەوڵەت دەبـێ جێبەجێیـان بکـات، هەروەهـا بنەمـای خاوەنـدارێتی تـاک و بنەمـای خاوەنـدارێتی گشـتی و بنەمای هێز بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە و بەشێوەیەک چەمکی هێـز لەگەڵ هەر سـەردەمێکدا بگونجێـت، وەگەرنـا هێـزەکە دەگۆڕێـت بـۆ لاوازیی.[2]

جۆری دووەم لە بەڵگەکان: جێبەجێکردنی بنەماکانی سیاسەتی شەرعیی:

لە جێبەجێکردنـدا هەنـدێک لە ژیـانی پێغەمـبەری ئـازیز و (درودی خـوای لەسەر) سونەتەکانی موشەڕیع و کرداری هەندێک لە هاوەڵەکان دەخەینە پێش چـاو، هەمـوو ئەمـانە بەڵـگەن لەسـەر ڕێگەپێـدانی کـاری سیاسـیی، چـونکە جێبەجێکردنەکـانی پێغەمـبەری ئـازیز و هاوەڵەکـانی بەڵـگەن لەسـەر ئەوەی سیاسەتی تەشریع بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلانێکی تەشریعی ڕاست و بەجێیە،

[1] الدريني، خصائص التشريع الاسلامي في السياسة والحكم، مرجع سابق، ص١٨٦.
[2] المرجع السابق، ص١٧٨.

هەروەها کۆدەنگی ئەوان دووپاتی کردۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی سونەتەکانی موشەڕیع لە یاساداناندا پشتیوانی بنەمای سیاسەتی تەشریع دەکاتەوە.

لە بەدواداچوونی میتۆدی پێغەمبەر و (درودی خوای لەسەر) هاوەڵانی (خوا لێیان ڕازی بێت)، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە "یەکێتی تەشریعی (الوحدة التشريعية) و پایە گەورەکانی" کە لەم سێ سەرچاوەیە کە لە دەقە گشتییەکان و بنەما مەعنەویە گشتیەکان و دەقە جوزئیە قەتعیە نەگۆڕەکان وەرگیراون: کۆی گشتیان لە کاتی نەبونی دەقدا باڵ دەکێشن بەسەر پرۆسەی ئیجتیهاددا، یان لەو شوێنانەی دەق هەیە دەق باڵ دەکێشێت بەسەر پرۆسەی جێبەجێکردندا، هەر کاتێک جێبەجێکردنی ئەحکام لە هەر بارودۆخێکدا بوو بە هۆی لەدەستدانی هەر یەکێک لەم بەها گەورانەی تەشریع، ئەوە سیاسەتی شەرعی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی وەکو: پەسەندکردن (الإستحسان) ڕێگری لە بەهانە (سد الذرائع) ڕێگری لە ناڕەوایی و ستەم (منع التعسف) و چاودێری هاندەرەکان (مراقبة البواعث) بۆ ئەوەی پێکدادان نەبێت و بۆ پاراستنی مەبەستەکانی خاوەنی شەرع نێوەندگیری دەکات. ژمارەیەک جێبەجێکردن دەهێنین کە لە کاتی جێبەجێکردندا بالادەستی بەها مەزنەکانی تەشریع بەسەر ئیجتیهادا دەردەخات.

جێبەجێکردنەکانی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):

کوژرانی کەعبی کوڕی ئەشرەف لەلایەن موحەمەدی کوڕی مەسلەمەوە:[١]

---

١ بەدرێژی تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب المغازي، باب: قتل كعب بن الأشرف، ص٧٦٦، حديث رقم: (٤٠٣٧)، هەروەها تەماشای:
- القشيري، أبو الحسين مسلم بن الحجاج، صحيح مسلم، اعتنى به: أبو صهيب الكرمي، بيروت: بيت الأفكار الدولية، ١٩٩٨م، كتاب الجهاد والسير، باب: قتل بن الأشرف، ص٧٤٨ – ٧٤٩، حديث رقم: (١٨٠١).
- ابن هشام، عبدالملك بن هشام الحميري، السيرة النبوية (سيرة ابن هشام) ، تحقيق: مصطفى السقا وابراهيم الأبياري، وعبد الحفيظ الشلبى، بيروت: دار الخير، ١٩٩٠م، ج٣، ص٤٥ – ٤٧.
- ابن كثير، أبو الفداء اسماعيل بن عمر، السيرة النبوية، "سيرة ابن كثير"، تحقيق: مصطفى عبدالواحد، القاهرة، مطبعة عيسى البابى الحلبي، ١٩٦٤م، ج٣، ص١٠.

له کتێبەکانی سیرەدا هاتووە: کەعبی کوڕی ئەشرەف ئازاری پێغەمبەری ئەدا، قەڵاکەی کردبوو بە شوێنی پیلانگێڕان دژ بە دەوڵەتە ئیسلامییە تازەکە، دوای سەرکەوتنی موسڵمانان لە بەدردا ئێش و ئازارەکانی زۆرتر بوو، دەچوو بۆ مەککە و ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵ دەکردن و بە ئاشکرا دژایەتی ئیسلامی دەکرد، قسەی ناشیرینی بەرانبەر بە پیاوان و ئافرەتانی موسڵمان دەکرد، ئەوەندەی بۆی بکرایە هەموو ئامڕازێکی مادی وەکو هاندانی هۆزەکان، دژ بە موسڵمانان بەکاردەهێنا، ئازارەکانی لە سنوور دەرچوو بوو، بۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: کەسێک هەیە بۆ کەعبی کوڕی ئەشرەف؟ ئەو خوا و پێغەمبەری ئازارداوە، محەمەدی کوڕی مەسلەمە وتی: حەز دەکەیت بیکوژم؟ فەرمووی: بەڵێ، وتی: دە ڕێگەم بدە شتێک بڵێم، وادیارە محەمەد بۆ ئەوە مۆڵەتی وەرگرتووە لای ئەو سکالا لە پێغەمبەر بکات و بۆ خەڵەتاندنی کەعب ڕەخنە لە هەندێک لە هەڵوێستەکانی بگرێت. پێغەمبەر پێی وت بیڵێ، لە گێڕانەوەکەی ئیبنو کەسیردا[1] "چیت پێباشە بیڵێ"، محەمەدی کوڕی مەسلەمە وتی: ئەم پیاوە - واتە پێغەمبەر - بە داوای یارمەتی و صەدەقە ماندووی کردووین، لە شیکردنەوەی ئیبنو حەجەردا: "هاتنی ئەم پیاوە بۆ ناومان کارەساتی بۆ هێناوین، عەرەب دژایەتیمان دەکەن، هەموویان یەکدەنگن بەرانبەرمان"، لای واقیدی: "کەعب وتی بە ئەبو نائلە[2] ناودڵی خۆتم پێ بڵێ، دەتانەوێت چی لەگەڵ بکەن؟ وتی: پشتبەردانی و وازلێهێنانی، وتی: خۆشحاڵت کردم".[3] محەمەدی کوڕی مەسلەمە چوو بۆ لای کەعب پلانێکی دانا، کەعبی کوڕی ئەشرەفی پێخەڵەتاند، قسەی نەشیاوی بەرانبەر پێغەمبەر کرد، لەگەڵ ئەوەی دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی.

---

[1] ابن كثير، السيرة النبوية "سيرة ابن كثير"، مرجع سابق، ج٣، ص١٠.

[2] سیلکانی کوڕی نائیلە، یەکێکە لە هاوەڵان، هاوڕێی محەمەد بوو لە کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەفدا، وەرگێڕ.

[3] ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ١٩٩٩م، كتاب المغازي، باب: قتل كعب بن الأشرف، ج٢، ص١٧٩٠، شرح حديث رقم: (٤٠٣٧).

ئامـانج له هێنـانەوەی ئەم بەڵـگەیە ئەوەیە: قسـەی نەشـیاو بەرانـبەر بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) له گەورەترین خراپەکانه، چونکە قسـەوتن به خـودی پێغەمـبەر بە سـوکایەتی کـردن بە خـودی پەیـامەکەی و تەشـریع دادەنرێـت، ئەمەش وای لە پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسـەر) کـرد داوا لە هاوەڵانی بکات خراپەی کەعبی کوڕی ئەشرەف ڕیشەکێش بکەن.

بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەو خراپەیە، پێغەمبەری ئازیز ڕێگەی بە محەمەدی کوڕی مەسلەمە دا چی پێ باش بوو دەربارەی پێغەمبەر بیڵێت، بەئاشکرا دەبینین پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) میتۆدێکی جێبەجێ دەکرد هاوکێشە بوو لە نێوان خراپە و بەرژەوەندیدا، ئەو تای بەرژەوەندییەکەی گران کرد و ئەوی هەڵبژارد، هەرچەند لەبەرچاو بەدیهێنانی تێوەگلانی حەرامێکی تێدا بوو، بەڵام ئەو حەرامە بەرژەوەندییە باڵاکە شاردییەوە، ئەمە لە جێبەجێکردنەکانی سیاسەتی شەرعییە، کاری سیاسەتی شەرعی لەپێناو پارێزگاریکردن لە مەبەستە گەورەکانی شەریعەتە بۆ ئەوەی زایە نەبێت، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی جوزئی بە کوللی و کوللی بە جوزئی دەبێت، هەروەها ئەم هەنگاوە بۆ پارێزگاریکردن بوو لە پێگەی ئیسلام و قەوارەی ئوممەت و دەوڵەتە لاوەکەی، بۆیە سیاسەت هەڵسەنگاندن لە نێوان بەرژەوەندییەکاندا دەکات، ئەمەش هەڵاوێرانێکی جوزئیە لە حەرامە ئەصڵیە گشتییەکە لەپێناو بەرژەوەندییەکی پەسەند کراودا!.

تێکدانی کەعبە:

له فەرمـوودەی صـەحیحدا هـاتوە، پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسـەر) به دایکمان عائیشەی وت: "لَوْلَا حَدَاثَةُ عَهْدِ قَوْمِكِ بِالْكُفْرِ لَنَقَضْتُ الْكَعْبَةَ، وَلَجَعَلْتُهَا عَلَى أَسَاسِ إِبْرَاهِيمَ".[1] واتە: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە گەلەکەت دەمێک نییە وازیان لە کوفر هێناوە، کەعبەم تێکدەدا و لەسەر بناغەی ئیبراهیم دروستم دەکردەوە.

[1] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: العلم، باب: من ترك بعض الاختيار مخافة أن يقصر فهم بعض الناس عنه فيقعوا في أشد منه، ص٥٠، حديث رقم: (١٢٦)، دووبارە تەماشای:

ئەم فەرمـوودەیە هەڵسـەنگاندن لە نێـوان بەرژەوەنـدی ئەصـڵی و ئەنجـامی جێبەجێکردن و ئاکامەکەیدا دەکات، لە ئەنجامی جێبەجێکردنی حوکمی ئەصـلی بەریەککەوتنێـک لە نێـوان بنەمـای بەرژەوەندییەکانـدا پەیـدا دەبێت، بـارودۆخی تـازە کە لە ئەنجـامی بەریەککەوتنی جێبەجێکـردنەوە کە نزیکـی سـەردەمی ئەو کـۆمەڵگەیەیە بە کـوفر پەیـدا دەبێـت و سەردەکێشـێت بـۆ کـۆمەڵە ئەنجـام و داخوازییەکی تازە، دەخوازێت هەڵسەنگاندن لە نێوان بەڵگەی حوکمە ئەصڵیەکە کە تێکدانی کەعبەیە و ئەنجامە تازەکە کە فیتنەیە بکات، ئەم واتـایە بە ڕوونـی دیـار بـووە لە زیهنـی ئیمـامی بوخاریدا ڕەحمەتـی خـوای لێبێت، کە لێکدانەوەی واتـــای فەرمـــوودەکەی بەم شـــێوەیە کـــردووە: "دەســـتهەڵگرتن لە هەنـــدێک خواسـتەکان، لە ترسـی ئەوەی هەنـدێک خەڵـک لێـی تێنەگەن و بکەونە هەڵەی گەورە ترەوە".

ئیبنو حەجەر بەم شێوەیە لێدوانی لەسـەر ئەم فەرمـوودەیە هەیە کە دەڵێت: "لەمەوە ئەوە وەردەگیرێت، واز لە بەرژەوەنـدیەک بێنێت بـۆ دڵنیـابوون لەوەی نەکەوێتە خراپەیەکەوە، بۆ نموونە وازهێنـان لە ڕێگـری لە کارێکی ناپەسـەند لە ترسی ئەوەی بکەویتە کارێکی ناپەسەندترەوە".[١]

ڕاڤەکەی بوخـاری بـۆ فەرمـوودەکە ئەوە دەردەخـات لە ترسـی ئەنجـامی خراپ، دەسەڵاتەکانی موجتەهیدی بەرتەسکی کردۆتەوە، موجتەهید هەنـدێک لە خواسـتە ڕێپێـدراوەکانی وازلێـدینێت، لە ترسـی ئەوەی بکەوێـتە توونـدترەوە، لەکاتێکدا وازهێنان لە ڕێگەپێدراو ڕێگەپێدراوە، ئایا واجب وازلێدینێت لە ترسـی ئەوەی بکەوێـــتە توونـــدتر و قـــایمترەوە؟ ئەمە بوخـــاری ڕێگەچـــارەی بـــۆ نەدۆزیوەتەوە، لە دەستەواژەکەیەوە وادەردەکەوێت ئەو شتی وا ناڵێت.

---

- القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: الحج، باب: نقض الكعبة وبنائها، ص٥٢٦، حديث رقم: (١٣٣٣).

[١] ابن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: العلم، باب: من ترك بعض الاختيار مخافة أن يقتصر فهم بعض الناس عنه، فيقعوا في أشد منه، ج١، ص٣٥٢، شرح الحديث رقم: (١٢٦).

چۆنیەتی بەڵگەهێنانەوە لێرەدا لەوەدایە کە فیقهی جێبەجێکردن وەکو فیقهی تەشریع نییە، جێبەجێکردنی میکانیکی کارێکی ناپەسەندە، چونکە هەندێک کات لە بارودۆخی جێبەجێکردندا بە هۆی ناڕوونی بارودۆخ و پاڵنەرەکانەوە، جێبەجێکردنەکە پێچەوانەی مەبەستی موشەڕیعە، ئەمەش وادەکات ئەو مەبەستە نەیەتە دی کە حوکمەکەی بۆ دانراوە، ئەوکاتە جێبەجێکردنی میکانیکی سەردەکێشێت بۆ ئەنجامێک پێچەوانەی مەبەستی خاوەنی شەرعە، جاری واهەیە ئەنجامدانی کارێک واجبە، بەڵام لە ئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ حەرام، بۆ نموونە: خواردنی حەرام بۆ کەسی ناچار کارێکی ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو زۆرەملێیە و دەبێ ئەنجام بدرێت، چونکە نەخواردنی دەبێتە هۆکاری مردن، ئەم سەرەنجامەش دژە لەگەڵ ئەو مەبەستەی خواردنی مردارەوەبووی بۆ حەلاڵ کراوە، خواردنی مردارەوە بوو لەبەر زیانەکانی ڕێگەی لێگیراوە، بەڵام لە کاتی ناچاریدا، خواردنی ڕێگەیەکە بۆ مانەوەی کەسێک، بۆیە خواردنەکە واجب کراوە.

ئەم ڕێگەچارەیە پرسیارێک دەهێنێتە پێشەوە جێگەی بایەخ پێدانە، ئەویش ئەوەیە بارودۆخی تازە چۆن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەڵگەی تازە؟ ئەم بابەتە کەمێک نامۆ دیارە، چونکە بەڵگە لە بارودۆخدا سەرهەڵنادات، لەبەر ئەوەی بەڵگە قورئان و سوننەت و ئەو سەرچاوانەیە لە ئوصولی فیقهدا سەلمێنراون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئاڵۆزییەکە دەڵێین: ئەم بابەتە شاتیبی لە توێژینەوەیەکیدا لە بابەتی: (المناط الخاص)دا[1] ڕوونی کردۆتەوە کە هەندێک بەڵگە هەیە بۆ کاتی ئاساییە دەتوانین پێی بڵێین: "العزیمة"، هەروەها هەندێک

---

[1] نموونەی (تحقیق المناط) جا تایبەت بێت بە حوکمێکی تایبەتی نائاساییەوە وەکو خواردنی مردارەوە بوو، یان حوکمێکی سروشتی گشتی بێت، بەم شێوەیەیە:
خوای پاک و بێگەرد فەرمانی کردووە بە شایەتی دوو کەسی دادگەر: (وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ) (الطلاق: ٢). لەبەر ئەوەی واتای دادگەری لای ئێمە جێگیرە حوکمەکە بە بەڵگەی شەرعی جێگیر بووە، شوێنی حوکمەکەش (مناط الحکم) بەو شێوەیەیە دیاریکردنی ئەو کەسانەیە صیفاتی دادگەریان تێدا بێت. وەرگێڕ.

بەڵگەش هەیە بۆ کاتی نائاساییە، دەتوانین ناوی لێبنێین (الرخصة)، بارودۆخی ناچاری بەڵگەی ڕێگەپێدان و ڕوخسەت دەهێنێتە پێشەوە کە ئایەتە قورئانیەکە فەرمویەتی: ﴿ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ البقره: ١٧٣.واتە: جا ئەگەر کەسێک پێویستی ناچاری کرد بەخواردنیان بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو و بە بەزەیی و دلۆڤانە.

وەکو دەیبینیت بابەتەکە دوو بەڵگەی لەبارەوە هەیە: بەڵگەیەکیان لە حاڵەتی ئاساییە کە دۆزینەی شوێن و سەرچاوەی گشتی حوکمەکەیە (المناط العام)، بەڵگەیەکیشیان لە هەندێک حاڵەتی نائاساییدایە، ئەویش دۆزینەوەی شوێنی حوکمێکی تایبەتیە (المناط الخاص)، دەبێ موجتەهید لێکۆڵینەوە لەو واقیعە بکات کە حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، تا بڕیار بدات کام سیاسەت مەبەستی موشەڕیع بەدی دەهێنێت، هەروەها کام بەڵگە بەسەر ئەو حاڵەتەدا جێبەجێ دەبێت. لەم بارەیەوە ئیبنو تەیمیە دەڵێت: "بە تەئکید کەسێک شارەزای واقیعی خەڵک نەبێت و واجبەکانی دین نەزانێت، ئەوە دەربارەی بەندەکانی خواش حوکمەکانی خوا نازانێت، کە ئەوەشی نەزانی ئەو کاتە قسە و کرداری بە نەزانینە، کەسێکیش بەبێ زانیاری خواپەرستی بکات، ئەوە تێکدان و خراپکردنی زۆرترە لە چاککردنی".[1]

هەندێک کات بۆ هەندێک بابەت دوو حوکم دەبینیت کە هەردووکیان دەقیان لەسەرە، یەکێکیان کار ئاسانی تێدایە، ئەویتریان بڕیاری توندوتۆڵ و یەکلاکەرەوەی تێدایە، وەکو خواردنە حەرامەکان، کە ئایەتەکە باسیکردووە وەکو خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (البقرة: ١٧٣). واتە: (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی کە ناوی جگە لە خوایان لە کاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی کردووە لێتان، جا ئەگەر کەسێک پێویستیی ناچاری کرد بە خواردنیان بێ

---

[1] الحراني، تقي الدين أحمد بن عبدالحليم بن تيمية، قاعدة في المحبة، تحقيق: محمد رشاد سالم، القاهرة: مكتبة التراث الاسلامي، ط١، (١٤٠٣هـ/ ١٩٨٧م)، ص١١٩.

زیادەڕەوی و لەسنوور دەرچوون، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو و بە بەزەیی و دلۆڤانە.

ئەگەر لە ناچاریدا بویت، ئەوە حاڵەتەکە بەڵگە پەیوەندیدارەکە چالاک دەکات و دەهێنێتە پێشەوە، هەرکات ناچارییەکە نەما، حوکمە ئەصڵیەکە دەگەڕێتەوە.

هەندێکجار لە هەندێک بابەتی نائاساییدا دەقێکمان بەدەستەوە نییە، وەکو: بەشداری سیاسی موسڵمانان لە هەندێک وڵاتی غەیرە ئیسلامیدا، لەوانەیە هەندێک فەرموودە هەبێت بە ڕواڵەت ئەوەی لێوەربگیرێت بەشداری دروست نەبێت، بەڵام بەرژەوەندی ڕێگەدان بە بەشداریکردن دەخوازێت، ئەم بەرژەوەندییە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا تێک هەڵکێش دەکرێت وەکو خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧). واتە: (ئەی محەمەد درودی خوای لەسەر) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەک و پەری و... هتد).

لێرەدا بەراورد لە نێوان بەڵگە ئەصڵی و ئەو بەڵگەیەی بە هۆی بارودۆخی تازەوە سەریهەڵداوە دەکرێت، دوای ئەوە بە گوێرەی پلەی گرنگتر کام لایان پەسەندە کاری پێدەکرێت.

جێبەجێکردنی تێگەیشتنی هاوەڵان:

بابەتی جێبەجێکردنی حوکمەکان لە جەنگ و غەزادا:

کرداری هاوەڵە بەڕێزەکان وابووە: "لە غەزادا دەست نەبڕدرێت"[1] ئەوە ڕێڕەوی عومەری کوڕی خەتاب و حوزەیفەی کوڕی یەمان و ئەبو دەردا

---

[1] رواه أبوداود والترمذي، والنسائي بلفظ: لا تقطع الأيدي في السفر. وقال عنه الألباني: صحيح. أنظر:

- السجستاني، سنن أبي داود، مرجع سابق، كتاب: الحدود، باب: في الرجل يسرق في الغزو أيقطع، ص٤٨٢، حديث رقم: ٤٤٠٨).

- الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة. جامع الترمذي، بيروت، والرياض: بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٩م، كتاب الحدود، باب: ما جاء أن لا تقطع الأيدي في الغزو، ص٢٥٥، حديث رقم (١٤٥٠).

بووە، ئەم هەڵوێستە ئاوەڕدانەوە بۆ ئەنجامی جێبەجێکردنی تێدایە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی تازە کە: "غەزایە" کۆمەڵێک بەڵگە و داخوازی تازەی لێ پەیدا بووە، لەبەر ڕەچاو کردنی ئەوەی دەست بڕین لەوانەیە وابکات لە ئەنجامدا دەستبڕاو بچێتە ڕیزی دوژمنەوە و تۆڵەی خۆی بکاتەوە، یان لەبەر ئەوەیە بڕین لاوازی دەکات و توانای جەنگ و جیهادی نابێت، هەردوو بارودۆخی تازە وایان کردووە ئیجتیهادیان بێتە سەر ئەوەی حوکمەکە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، ئەمەش لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمدا ئاوەڕدانەوەیە بۆ: "یەکگرتویی تەشریع و بەها گەورەکانی".

شەرعزانەکان (فەقیهەکان)[1] لە سەر ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکی گشتییان داناوە، ئەویش ئەوەیە: لە کاتی غەزادا سزاکان ئەنجام نەدرێن، بێگومان ئەمە ئاوەڕدانەوەیە بۆ سەرەنجام و گەڕانە بە دوای قووڵایی دەقدا بۆ دۆزینەوەی ڕووح و مەبەستەکانی، هەروەها ئەوە دووپات دەکاتەوە کە: "سیاسەتی تەشریع" پلانێکی تۆکمەیە و قبوڵی گشتاندن دەکات، نەک حاڵەتێکی تایبەتی بێت و بەکەڵکی گشتاندن و قیاس و پێوانە نەیەت.

ئەگەر فەرموودەکە قسەی لەسەر کرا بێت، بەڵام پلانە تەشریعیە جێگیرەکان کە سیاسەتی شەرعی لەسەر بنیاتدەنرێت، بەشێوەیەکی بڕاوە پشتیوانی دەکات.

---

- الألباني، محمد بن ناصرالدين. صحيح سنن الترمذي، إشراف: زهير الشاويش، الرياض: مكتبة التربية لدول الخليج العربي، ١٩٨٨م، كتاب الحدود، باب: ما جاء أن لا تقطع الأيدى في الغزو، ج٢، ص٧٤، حديث رقم: (١١٧٤ - ١٤٩٠).
- النسائي، أبو عبدالرحمن أحمد بن شعيب. المجتبى من السنن (سنن النسائي)، اعتنى به: فريق بيت الأفكار الدولية، بيروت: بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٩م، كتاب: قطع السارق، باب: القطع في السفر، ص٥١١، حديث رقم: (٤٩٧٩).
- القرشي، غالب. أولويات الفاروق السياسية، المنصورة: دار الوفاء للنشر والتوزيع، ١٩٩٠م، ص٣١٨.

[1] أبو يوسف، يعقوب بن إبراهيم. الخراج، القاهرة: المكتبة الأزهرية للتراث والجزيرة للنشر والتوزيع، تحقيق: طه عبدالرؤوف وسعد حسن محمد، ٢٠٠٨م، ص١٩٤.

ئیبنـولقەیم ڕوونیکـردۆتەوە کە دواخســتنی سـنورەکان و تەمێکـردن لەبەر هۆکارێک، لەگەڵ بنەما گشتییەکانی شەریعەتدا تەبایە، چونکە شـەریعەت لەبەر بەرژەوەنــدی دواخســتنی جێبەجێکردنــی ســنوورەکانی ڕێگەپێــداوە، وەکــو دواخستنی تەمێکردن لەبەر سـەرمای زۆر، بەپێی ئەوە دواخسـتنی تەمێکـردن لەبەر بەرژەوەنــدی ئیســلامی لەپێشــترە، لەبەر ئەوە ئیبنــولقەییم وتــوویەتی: "زۆرترینێک لەبـارەیەوە هاتبێت ئەوەیە دواخسـتنی تەمێکـردن (التعزیـر) لەبەر بەرژەوەندییەکی قورستر، یان لەبەر ئەوەی موسڵمانان پێویستیان پێی هەیە، یـان لەبەر مەترسـی هەڵـگەڕانەوەی و چـوونە ڕیـزی بێبـاوەڕانەوە، هەروەهـا دواخسـتنی تەمێکـردن لەبەر هۆکارێـک، شـەریعەت لەبـارەیەوە هـاتووە وەکـو: تەمێکردنـی ئـافرەتی دووگیـان و شـیردەر و لە کاتەکـانی سـەرما و گەرمـا و نەخۆشـی دوادەخرێـت. ئەم دواخسـتنانە لەبەر بەرژەوەنـدی تەمێکـردنە، بـۆیە دواخستنی لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام لەپێشترە".(١)

ئەمە هەڵوێسـتێکە، بەڵام حەنبەلییەکـان دەڵـێن: جێبەجێکـردن دوادەخرێـت، بەڵام لاناچێت، بەڵام حەنەفییەکان دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئیمام دەسـەڵاتی بەسـەر وڵاتی جەنگدا (دار الحرب)دا نییە، لە کاتی غەزادا سنووری شـەرعی جێبەجێ ناکەن. کاسانی وتوویەتی: "لاقەکردن لە (دار الحرب) و لەو شـوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی یاخیبواندایە سنوورە شـەرعییەکان جێبەجێ نـاکرێن، تەنـانەت ئەگەر کەسێک لە (دار الحرب)، یان لە وڵاتی یاخیبووەکان زینای کرد، دوایـی هـات بـۆ ناومـان، سـنوورەکانی بەسـەردا ناچەسـپێت، چـونکە هۆکـاری جێبەجێکردنـی تەمێکردن کە دەسەڵاتە لە کاتی زیناکردنەکە نەبووە، دوای دەسەڵاتیش ئەنجام نادرێت، هەروەهـا دوژمنێکی پەنـادراو ئەگەر لەگەڵ موسـڵمانێک، یان زیمیـەک زینایکرد، یان پیاوێکی زیمـی زینـای لەگەڵ ئـافرەتێکی بەرەی دوژمـن کرد، یـان زینای لەگەڵ پەناهەندەیەکدا کرد، لای حەنبەلی و حەنەفییەکان ئەو پیـاو و ژنە

١ ابن القيم الجوزية، شمس الدين محمد بن أبي بكر الزرعی. اعلام الموقعين عن رب العالمين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩١م، ج٣، ص٧.

دوژمنه سنووری شەرعیان بەسەردا ناچەسپێ و تەمێناکرێن، بەڵام لای ئەبو یوسف هەردووکیان تەمێ دەکرێن".[1]

بەمە ڕوون دەبێتەوە ئامانج لە پاساودانەوەی حەنبەلییەکان جێبەجێکردنی ڕاست و ڕەوانی سیاسەتی شەرعییە، لەکاتێکدا پاساودانەوەی حەنەفییەکان بابەتەکە دەخاتە خانەی فیقهی گشتیەوە و هیچ ئاوەڕدانەوەیەکی بۆ ئەنجامی جێبەجێکردنی حوکمەکان تێدا نییە. هەروەها ئیبنولقەیم ڕای وایە ئەگەر جەنگاوەرەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا کاریگەری چاکی هەبوو و تۆبەی لە تاوانەکەی کردبوو، دروستە سزای لەسەر لا ببرێت، هەڵسوکەوتی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی لەگەڵ ئەبو میحجەندا بەبەڵگە هێناوەتەوە، ئەمە تێگەیشتنێکە بنچینەکانی سیاسەتی شەرعی ڕێگری لێناکات، کە دەرگای تۆبە دەکاتەوە بە مەرجێک لێبوردنەکە چاوپۆشیکردن بێت نەک یاسایەک بێت، بۆ ئەوەی هاندەر نەبێت پاڵەوان و ئازاکان دڵنیا بن لە تۆڵە و تەمێکردن، ئەمە تەنها قسەی ئیبنو تەیمیە و ئیبنولقەیمە، کە دەڵێت: "هەر ئەوەندەی خۆیدا بەدەستەوە و ئارەزوومەندانە کۆت و پێوەندی کردە پێی خۆی، شایەنی ئەوەیە تەمێکردنەکەی پێببەخشرێت و سزا نەدرێت".[2]

بابەتی یەکسانکردنی نێوان برای دایک و باوکی و برای دایکی لە میراتدا لەلای پێشەوا عومەری فاروقدا:[3]

ستوونی بابەتەکە ئەوەیە: مردوویەک چوار میراتگر: هاوسەر، دایک، یان باپیر، دوو یان سێ منداڵی دایکی و برای دایک و باوکی (العصبة) لە دوای خۆی جێدێڵێت. ئەم بابەتە لە سەردەمی فاروق عومەری کوڕی خەتابدا ڕوویدا، کاتێک بابەتەکەیان خستە بەردەستی لە سەرەتاوە بەپێی بنەما

---

[1] الكاساني، علاءالدين أبو بكر بن مسعود. بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، تحقيق: علي معوض وعادل عبدالموجود، بيروت: دار الكتب العلمية، مرجع سابق، ج٩، ص١٨٧.
[2] ابن القيم الجوزية، إعلام الموقعين عن رب العالمين، مرجع سابق، ج٣، ١٤.
[3] السرخسي، المبسوط، مرجع سابق، ج٢٩، ص١٦٨، هەروەها تەماشای ئەم سەرچاوانەش بکە:
- القرشي، أولويات الفاروق السياسية، مرجع سابق، ص١٩٨.

گشتییەکان بڕیاریدا، بۆ خزمە نزیکەکان (العصبة) هیچ نەمایەوە، ساڵی دووەم خرایەوە بەردەستی ویستی وەکو یەکەمجار بڕیاری لەسەر بدات، زەیدی کوڕی سابیت وتی: "ئەگەر باوکیان گوێدرێژیکیش بێت، خۆ باوک نزیکی زیاتری بۆ دروست کردوون".[(١)]،[(٢)]

کاتێک قسەکەیانی بیست، ئەوکاتە بۆ چەسپاندنی دادگەری کە بەها باڵاکانی تەشریع پیشان دەدات، ئەو سێیەکەی مابۆوە بەیەکسانی دابەشیکرد بەسەریاندا، ئەمە نموونەیەکی ڕوونە لەسەر جێبەجێکردنی حوکمە جوزئیەکان بە جۆرێک زیان بە بنەماکانی دادگەری نەگات،[(٣)] بەڵکو بنەماکانی دادپەروەری ڕێپیشاندەری تێگەیشتنە لە دەقە جوزئیەکان، ئەو نموونەیەی پێشوو ڕۆڵی ئیجتیهاد و ڕەئی دەرخات لە تێگەیشتن لە ویستی خاوەنی شەرع و مەبەستە گەورەکانی!

---

[١] ذكره الحاكم في المستدرك والبيهقي في سننه الكبرى، وضعفه الألباني، تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ الحاكم، أبو عبد الله محمد بن عبد الله. المستدرك على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، (١٤١١هـ/١٩٩٠م) كتاب: الفرائض، باب: ميراث الإخوة من الأب، ج٤، ص٣٣٧.

ـ البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي. سنن البيهقي الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، مكة المكرمة: مكتبة دار الباز، (١٤١٤هـ/١٩٩٤)، كتاب: الفرائض، باب: المشتركة، ج٦، ص٢٥٦، حديث رقم: (١٢٢٥٣).

ـ الألباني، محمد ناصرالدين، إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، إشراف: زهير الشاويش، بيروت: المكتب الاسلامي، ط٢، ١٩٨٥م، ج٦، ص١٣٣ - ١٣٤، حديث رقم: (١٦٩٣).

[٢] لە جاری دووەمدا ویستی بە هەمان شێوەی پێشوو دابەشی بکاتەوە بەسەریاندا، یەکێکیان وتی: تۆ لە باوکم گەڕێ وایدانێ باوکم گوێدرێژێک بوو! لە بەشەکەی دایکمان بۆمانی دابنێ، ئەمجارەیان ٣/١ دابەشکردەوە بەسەریاندا. پیاوێک وتی: خۆ ساڵی ڕابوردوو وا دابەشتنەکرد؟ عومەر وتی: ئەوکاتە وادابەشمان کردووە، ئێستاش بەم شێوەیە دابەشی دەکەین. وەرگێڕ.

[٣] السباعي، مصطفى، شرح قانون الأحوال الشخصية، ط١، دمشق، ١٩٥٨م، ص٤٨١. هەروەها تەماشای ئەم سەرچاوانەش بکە:

ـ أبو زهرة: محمد، أحكام التركات والمواريث، دار الفكر العربي، (د.ت.)، ص١٤٤.

بابەتی وەرگرتنی سەرانە لە نەصرانیەکانی تیرەی تەغلیب:

کاتێک ئەوان وەکو لوتبەرزییەک وشەی جزییەیان قبوڵ نەبوو، عومەری کوڕی خەتاب چەند قات سەرانەی لە نەصرانیەکانی تەغلیب وەرگرت، کاتێک عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) داوای باجی لە نەصرانیەکانی تەغلیب کرد، ئەوان لوتبەرزیان نواند و بەرانبەر باجدان (الجزية)، داوایان کرد ئامادەن بەزیادەوە (صدقە) بدەن، عومەریش لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو، سەرپشکیکردن لە نێوان جزیەدان و ڕۆیشتن بۆ لای ڕۆم و چۆڵکردنی ناوچەکە، ئەوانیش ڕۆیشتنی لای ڕۆمیان هەڵبژارد، دەستیان بە خۆئامادەکردن بۆ ڕۆیشتن کرد. لەم بارەیەوە ئەبو عوبەیدی ئەلقاسمی کوڕی سەلام دوو هەواڵ دەگێڕێتەوە، یەکێکیان لە داودی کوڕی کوردووسەوە دەڵێت: دوای ئەوەی فوراتیان بڕی و ویستیان پەیوەندی بە ڕۆمەوە بکەن لەبری بەنی تەغلیب لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب بەم شێوەیە ڕێکەوتم: سروشتی مناڵەکانیان نەگۆڕن[1]، زۆریان لێنەکرێت بچنە هیچ دینێکی ترەوە، دەبێ دەیەکیش بە چەندقات بدەن.

لە گێڕانەوەیەکی تردا: لە عوبادەی کوڕی نوعمانەوە کە ئەو وتی بە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت): "تۆ ئاگاداری ئازایەتی بەنی تەغلیب هەی، ئەوان بەرانبەر بە دوژمنن، ئەگەر لە دژت پشتی دوژمن بگرن ئەرکیان گران دەبێت، ئەگەر پێت باشە شتێکیان بدەرێ، ئەویش وتی: بیکە، ڕێکەوت لەگەڵیاندا مناڵەکانیان نەکەن بە نەسرانی، سەرانەشیان چەند قات بێت".[2]

لێرەدا پرسیار دەکەین: ئایا جیاوازی نێوان عومەری کوڕی خەتاب و بەنی تەغلیب لە ناوەکەدا بوو، یان لە ناو و ناوەڕۆکدا بوو؟ عومەر دەیویست چۆنیەتی ناوەرۆکی ئایەتەکەیان بەسەردا جێبەجێ بکات: ﴿حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ

---

[1] ئەبو عوبەیدە دەڵێت: (على أن لا يصبغوا صبيانهم) واتە: مناڵەکانیان نەکەن بە نەسرانی.

[2] البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، مرجع سابق، كتاب: الجزية، باب: نصارى العرب تضعف عليهم الصدقة، ج٩، ص٢١٦، حديث رقم: (١٨٥٧٥)، هەروەها بڕوانە:

ـ ابن حزم، أبو محمد بن علي أحمد، المحلى بالآثار، القاهرة: المطبعة المنيرية، ١٩٢٨م، ج٦، ص١١٣، مسئلة رقم: ٧٠١، وضعفه.

﴿وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ (التوبة: ٢٩). واتە: هەتا ئەو کاتەی بەناچاری باج پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام دەکەن، (لەجیاتی ئەوەی کە گیان و ماڵ و سامانیان پارێزراوە و بەشداری جەنگ ناکەن). کەوابێ مەبەست ئەوە نییە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، ئەندازەیەک پارە بدەن بە دەوڵەت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەندازەکە بدەن، هەروەها دەستاودەست باج بدەن ﴿عَن يَدٍ﴾ هەروەها کاتێکیش دەیدەن دەبێ مل بۆ دەسەلات بدەن ﴿وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾.

ئیبنو عەتیە[1] لەسەر مانای ﴿عَن يَدٍ﴾ قسەی چەند ڕاڤەکارێک دێنێت، لەوانە: "ئاسودەیی و کاری چاک"، واتە بە چاکەتان دەزانین، یان هێز و دەسەلاتتان بەسەریاندا هەبێت، کە هیچ ئالا و پەناگەیەکیان نەمێنێت، دەست لە زمانی عەرەبیدا بە واتای "دامرکاندنەوە و زاڵبوون" دێت، بۆیە ئەوترێت فلان کەس خاوەن دەستە، ئەو مانایە موعەمەر لە قەتادەوە گێڕاوییەتیەوە، هەروەها وتراوە "عَن يَدٍ" چاکە و بەخشندەییتان بەسەریانەوە هەبێت[2] دەکرێت عومەری کوڕی خەتاب دەستی بەواتای هێز و زاڵبوون لێکدابێتەوە، هەروەها وای بۆچووبێت مەرجەکانی بەنی تەغلیب دەبێتە شێواندنی ئەو چۆنیەتیەی ئایەتەکە دیاریکردووە.

هەرچەند جێبەجێکردنی ئایەتەکە بەپێی ئەو مەرجانەی هاتوون، پێکدادان لەگەڵ بەرژەوەندییەکی شەرعی - کە دەبێ ڕەچاو بکرێت - دروست دەکات، ئەو بەرژەوەندییە شەرعییە ئەوەیە کە نوعمانی کوڕی زورعە ئاماژەی پێکرد، کە لە قسەکانیدا لەگەڵ عومەردا دەڵێت: "بەنی تەغلیب دوژمن شکێنن، بەوان پشتیوانی دوژمنەکەت مەکە". بەم بارودۆخە تازەیە پاساوی ناوەڕۆکی ئایەتەکە بکرێتە حوکمێکی گشتی و نەگۆڕ گونجاو نییە، بۆیە وادەخوازێت چارەسەری دۆخەکە بکرێت، دەبێ پاساوێکی تر لەبەرچاو بگیرێت کە زۆر

[1] ابن عطية، أبو محمد عبدالحق، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، تحقيق: عبدالله الأنصاري والسيد عبدالعال إبراهيم، الدوحة، مطبوعات وزارة الأوقاف والشؤن الاسلامية، ١٩٨٨م، ج٦، ص٤٦٠.

[2] القرطبي، أبو عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري. الجامع للأحكام القرآن، القاهرة: دار الكتب المصرية، ١٩٦٤م، ج٨، ص١١٥.

گونجـاوتره، زیـاتر مەبەسـتە شـەرعیە گەورەکـان دەپارێزێت کە یەکگرتـوویی تەشریعی و بەها بەرزەکانی ڕوونیان کردۆتەوە، ئەویش بەوە دێتە دی لە ژێر ناونیشانی صەدەقەدا، ئەندازەیەکی چەند بەرانبەری دارایی دیاریی بکرێت.

ئەمەو لەو نموونـانەی کە هـاوەڵان بە پشتبەسـتن بە کردارەکـانی پێغەمـبەر (درودی خوای لەسەر) جێبەجێیان کردووە، بەهێزترین بەڵگەیە بۆ سـەلماندنی ڕێبازی سیاسـەتی تەشریع، خەلیفە ڕاشیدەکان کاریـان پێکردووە، هـاوەڵانیش بە قسە و کردار هاوبەشیان بوون، لەوەی بە چـاوی خۆیـان بینویـانە هیچیـان سەرپێچیان نەکردووە و پێی ناقایل نەبوون، کەوابوو کارکردن بە سیاسـەتی شـەرعیی، بووە بە کۆڕای هاوەڵان، هەروەها لە هەڵێنجانی چارەسەر کێشـەکان کە ڕۆژگار و سەردەمە تازەکان دەیهێننە پێشـەوە کە دەقێکی تـایبەت لە کیتـاب و سـوننەت و ئیجمـاعی لەسـەر دانەمەزراوە، یـان لەبارەیـانەوە هاوشـێوەیمان دەست ناکەوێت قیاسی بکەینە سەر، لەو کاتـانەدا پشت بە سیاسـەتی شـەرعی دەبەستریت.[1]

## جێبەجێکردنی یاسا و سونەتەکانی موشەڕیع:

تێگەیشـتن لە یاسـاکانی موشـەڕیع لە دانـانی ئەحکامەکانـدا، لە هەنـدێک بـارودۆخی تایبەتـدا ڕەچـاوکردنی سیاسـەتی شـەرعی پشتڕاسـت دەکـاتەوە، خـوای باڵادەسـت لە دابەزانـدنی شـەریعەتی گەلانـی پێشـوودا ڕەچـاوی گۆڕانکاری ڕێڕەوی ژیان و بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی کردوە،[2] بۆیە دوای هاتنی گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی خەڵکیدا گۆڕانی هەندێک ئەحکامی بەدوای خۆیدا هێنـاوە، بـۆ نمـوونە لەبەر ئەوەی دانـانی تەشـریع بـۆ بەنـی ئیسـرائیل تەشریعێکی کاتی بووە، ئەوەی لەسەر ئەوان قەدەغە کراوە وەکو کارکردن لە ڕۆژی شـەممەدا، لەسـەر ئـوممەتی مـحەمەد (درودی خـوای لەسـەر) لەبەر ئەوەی کۆتا شەریعەتە قەدەغە نەکراوە، بەڵکو بۆ تەریببون لەگەڵ ئەو پەیامە جیهـانیەی دەیەوێـت چاکسـازیی لە بـوونەوەردا بکـات، هەروەهـا بـۆ کەڵـک وەرگرتن لە کات، کارکردن لە شەریعەتی ئێمەدا خواپەرستییە. هەروەها خوای

---

[1] عطوة، المدخل إلى السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٢٨.

[2] تاج، السياسة الشرعية في الفقه الاسلامي، مرجع سابق، ص٦٥.

بالادەست چەوری هەندێک ئاژەڵی لەسەر بەنی ئیسرائیل حەرام کردووە، لەکاتێکدا بۆ پێشووەکانیان حەلاڵ بووە، پاشان جارێکی تر بۆ ئەوانەی دوای ئەوان حەلاڵکراوە، هەروەها لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیدا ڕێگە دراوە پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی خۆیدا بکات، بەلام کاتێک وەچە زۆر بوو جۆری مرۆڤ پەرەی سەند، قەدەغەکرا.

لەکاتێکدا شەریعەتەکانی پێشوو ڕەچاوی بەرژەوەندی و پێداویستی خەڵکیان کردبێت، شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ ئەوەی کامڵە و کۆتا شەریعەتە، دەبێ شانبەشانی بارودۆخی خەڵکی بڕوات و داوا و پێداویستییەکانی ژیان و بەرژەوەندی و پێداویستییەکان کە ڕۆژانە بەرۆکی خەڵکی دەگرێت بێنێتەدی، ئەوەش ئەم کارەی پێ ئەنجام دەدرێت سەرچاوە و بنەما و پلانە تەشریعیەکانی سیاسەتی شەرعییە، کە لە هەموو سەردەم و ژینگەیەکدا ڕەچاوی پێداویستییەکانی ژیان دەکات!

دانانی ڕوخسەت (الرخصة) لە شەریعەتی ئیسلامیدا، کارئاسانییە بۆ هەندێک بارودۆخی تایبەت، هەروەها ڕەچاوکردنی جیاوازیی بارودۆخ و ئەحوالی خەڵکە، لەهەمان کاتدا حوکمگەلێکی گشتی و زاڵی توونند هەیە، شایەتیدانی لەسەر زینا بەتووندی گرتووە، کە ئەو توونديیە لەسەر تاوانەکانی تر نییە، ئەمەش لەبەر ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هاوسەرەکانە، تاوانی زینا ئابڕووچوونی هەموو خێزانەکەی تێدایە، بەڵکو ئابڕووچوونی هەموو کۆمەڵگەشی تێدایە، لەبەرانبەردا ئەگەر پیاوێک تۆمەتی دایە پاڵ ژنەکەی و ناوی زڕاند، شایەتیشی نەبوو، لەبەر ڕەچاوکردنی حاڵەت و بارودۆخەکە، بە سوێندی نەفرین لەیەکترکردن بڕاندۆتییەوە و قایل بووە، ئەگەر کەسێک بە هۆکاری دابەزینی ئایەتی نەفرین (اللعان)دا بچێتەوە، بە ڕوونی تایبەتمەندێتی حاڵەتەکە دەبینێت، وەکو بوخاری خستۆتیە ڕوو، کە هیلالی کوڕی ئومەییە لای پێغەمبەر ناوی ژنەکەی زڕاندو تۆمەتباریکرد بە شەریکی کوڕی سەحما، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: "یان شایەت بهێنە، یان بە جەڵد کاری پشتت سزات دەدەین"، ئومەییە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا یەکێک لە ئێمە ئەگەر پیاوێکی بەسەر ژنەکەیەوە بینی دەڕوات بە دوای شایەتدا بگەڕێت؟

پێغەمبەریش ئەوەی ئەوتەوە:" شایەت، یان بە جەڵد کاری پشتت سزات دەدەین"، هیلال وتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە، ڕاستگۆم دڵنیام خوای باڵادەست ئەوە دەنێرێتە خوارەوە پشتم لە جەڵدکاری بپارێزێت، جیبریل (سەلامی خوای لەسەر) دابەزی و: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ﴾ (النور: ٦). دابەزاندە سەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، واتە: ئەوانەی کە تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵ هاوسەرەکانیان، هیچ شایەتێکیشیان نیە جگە لە خۆیان، پێغەمبەر خوێندییەوە تا گەیشتە: ﴿إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾،[1] واتە: بێگومان لە ڕاستگۆیانە (بە چاوی خۆی تاوانەکەی بینیوە). شەریعەت سوێندی نەفرین لەیەککردنی لە جگە لە هاوسەران قبوڵ نەکردووە، لەبەر ئەوەی هۆکاری حوکمەکە نابەستریتەوە بە جگە لە ئەوانەوە، هەروەها جیاوازی بارودۆخیش پاساوی هەڵاوێردنەکەیە، هەمیشە پیاو سوورە لەسەر داپۆشینی ئابڕووی، بۆیە هەنگاو بۆ ئەو جۆرە داوایە نانێت مەگەر کاتێک لێی دڵنیا بێت.

لەو نموونانەی لە پێشەوە بەسەریاندا تێپەڕبووین، بۆمان دەردەکەوێت ڕەچاوکردنی ئەو ئاکامانەی بەهۆی بارودۆخی تازەوە بەرجەستە دەبن لە ڕووی شەرعییەوە کارێکی جێگیرە، پلانێکی تەشریعی تۆکمە چارەنووسی دیاریکردووە، کە خاوەنی شەرع خۆی لە هەندێک شێوە و حاڵەتدا جێبەجێی کردوە، بۆ ئەوەی هەرکات کێشەیەکی هاوشێوەی ئەو بارودۆخە ڕووبەڕوومان بۆیەوە چاوی لێبکەین و بەو ڕێڕەوە کار بکەین. بە جێبەجێکردنی بنەمای قیاس - بەواتا گشتیەکەی نەک جوزئیەکەی - ئەبینین خاوەنی شەرعی دانا و زانا بە بایەخەوە سەیری ئەو بارودۆخە تازانەی کردووە لە بەرجەستەکردنی ئەو مەبەستە شەرعییانەی لە کاروباری ڕۆژانەدا کاریگەرییان دەبێت، بە جۆرێک لەوکاتەدا حیساب بۆ بەرژەوەندییەکان ناکات

---

[1] بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، وشەکە هی بوخارییە، تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: التفسير، باب: ﴿وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ﴾ (النور: ٨). ص٩٢٠، حديث رقم: (٤٧٤٧).
- القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: اللعان، باب: وحدثنا يحيى بن يحيى، ص٦٠٦، حديث رقم: (١٤٩٦).

و دەیانکات بە ژێرەوە یان زایەیان دەکات، دەڵێم خاوەنی شەرع ئەو بارودۆخانەی بە وەصفێکی لەبار داناوە بۆ گۆڕینی حوکمەکە، لەکاتێکدا یەکێک لەجۆرەکانی ئیعتیباری گونجاو و لەبار ئەوەیە خاوەنی شەرع وەصفێک لە هاوشێوەی هەمان وەصف دابنێت بۆ پاساوی حوکمێکی هاوشێوەی هەمان حوکم، بۆیە وەصفەکە پاساوی حوکمەکەیە، لە هەر شوێنێک ئەو وەصفە هەبوو، لەو شوێنە هەمان حوکم هەیە.[١]

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەڵێم: شەرعزانەکان لە توێژینەوەکانیاندا بۆ سوودبینین لە بەرهەمهێنانی وزەی دەقە تەشریعییەکان، بۆ مەرجەکانی پاساو و هۆکار (العلة) میتۆدێکیان داناوە کە فراوانترین بوار بۆ کردنەوەی دەرگای ژیری دەڕەخسێنێت، کاتێک ڕوونیان کردۆتەوە بایەخپێدانی خاوەنی شەرع بە وەصفێک لە وەصفەکان بایەخدانە بەو ڕەگەز و جۆرەی وەصفەکانیان پێکەوە تێکهەڵکێش دەبێت، ڕەگەز (الجنس) زاراوەیەکی لۆژیکییە کە زۆر شت دەگرێتەوە کە لە ناوەڕۆک و حەقیقەتدا لێک جودان، ڕەگەز لەچەند جۆرێک پێکدێت، جۆریش لە تاک پێکدێت. بەڵام جۆر (النوع) تایبەتتر لە ڕەگەز (جنس) دەگرێتەوە، جۆر (النوع) زۆر شت دەگرێتەوە کە ئەو شتانە حەقیقەت و ناوەڕۆکیان وەکو یەک وایە[٢]، بێگیان (الجماد) ڕەگەزێکە لە خۆیدا چەند جۆرە بێگیانێکی وەکو یەک دەگرێتەوە، بەڵام لە چەند تایبەتمەندییەکی تردا لێک جودان، گیاندار (الحیوان) ڕەگەزە لە ناوخۆیدا جۆرەکانی وەکو: نێر و مێ دەگرێتەوە، هەروەها (المصلحة) بەرژەوەندی ڕەگەزە، چەند جۆرێکی وەکو: دیاریکردنی ناچارییەکان (الضروریات)، یان پێداویستییەکان (الحاجیات)،

---

[١] وەکو سەرخۆشی، کە وەصفی موناسیبی حەرامکردنی ئارەقە، چونکە هۆکاری قەدەغەکردنی ئەو شتانەیە سەرخۆشکەرن، پاراستنی ژیریی لەسەر قەدەغەکردنەکە وەستاوە. یان کوشتن بە مەبەست و دوژمنایەتی، گونجاوە بۆ تۆڵەسەندنەوە، چونکە لە تۆڵەسەندنەوەدا پاراستنی گیانی تێدایە، بۆیە لە هەر شوێنێک کوشتنی عەمدی عودوانی هەبوو، بەهەمان شێوە تۆڵەسەندنەوەش هەیە. وەرگێڕ.

[٢] ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد. التقريب لحد المنطق، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار الحياة، ١٩٥٩م، ص٢٠ – ٢١.

یـان پەســەندەکان (التحسـينيات)، هەروەهــا لەبەرچــاوگرتنی ســەرەنجامەکان (المآلات) دەگرێتەوە.

لە کـاتی وردبـوونەوە لە نەکوشـتنی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئـوبەی، هەروەهـا تێکنەدانـی کەعـبە لەبەر ئەوەی خەڵکـی گومانیـان بـۆ دروسـت نەبێـت، یـان سزانەدانی تاوانبـار لە غەزادا، دەبینین ئەمـانە چەند یەکەیەکی لەیەک جـودان، بەڵام یەک جۆر و بنەما کۆیان دەکاتەوە، ئەویش لەبەرچاوگرتنی سـەرەنجامە، ئەو جێبەجێکردنــانەی لە پێشــەوە ئاماژەیــان پێکــرا، دەبــن بە ڕێنمــایی بــۆ موشەڕیعی موسڵمان کە هەرکات بینی بارودۆخ گۆڕاوە و سەردەکێشێت بۆ ئەنجـامێکی مەترسـیدار، ئەوکـاتە وەکـو چارەسـەرێک ئەو بنەمایـانە جێبەجـێ بکات، ئەم وردبوونەوەیە بە گرنگترین پایەکانی فیقهی دادەنرێت، ئەوە مانـای قسەی ئوصوڵیەکانە کە دەڵێن: بایەخدانانی خـاوەنی شـەرع بۆ وەسـفێک، ئەوە بایەخدانانە بۆ هەموو ئەو جۆر و ڕەگەزانەی لەگەڵیدا تێکهەڵکێش دەبن.[١]

بەهــــرەی فیقهــــی جێبەجێکــــردن لەلای هــــاوەڵان بەرهەمــــی ڕێنمــــاییە قورئانییەکانی قۆنـاغی ئامادەسـازی و بنیاتنـانە، تـوێژەر ئەوە تێبینـی دەکـات کە قورئـانی پیـرۆز دوو هۆکـاری بـۆ بنیاتنـانی بەهـرەی فیقهـی بەکارهێنـاوە، تـا توانــای جێبەجێکردنــی ئەحکامەکــانی لە واقیعــدا بەجۆرێــک بێــت لە ســایەی بەندایەتیکردنی پەروەردگاری جیهاندا دادگەری و گەشەکردن بەدی بێنێت، ئەو دوو هۆکــارەش: ئــاوڕدانەوەیە لە کوللیاتەکــان، هەروەهــا پێشکەشــکردنی پێشەنگی فیقهی واقیعە، لە ئەنجامی چیرۆکە قورئانییەکانەوە.

بەڵام ئـاوڕدانەوەی قورئـان بـۆ کوللیاتەکـان لەم فەرمـوودەیەی خـوای باڵادەستەوە دەردەکەوێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ (النسـاء: ٢٩). واتـە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق و بەبێ بەرامبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانییەک بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموو لایەکتان بێت، خۆتـان مـەکوژن و (یـەکتر بەناحـەق مـەکوژن، کاتێک بێزاریی و

[١] الآمدي، أبو الحسن علي بن أبى علي. الإحكام في أصول الأحكام، بيروت: دار الفكر، ١٩٨١م، ج٣، ص٢٨٣ - ٢٨٤، ئەوە جۆری چوارەمە لە جۆرەکانی ئیعتیبار و بایەخپێدان.

بێتاقەتی ڕووتان تێدەکات، یان تووشی زیانێک دەبن)، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان.

فەرموودەی خوا: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ ئەم کۆتاییە پاساوە بۆ پێشووتر، کە ڕێگری لە کوشتن و سووخۆری کرد، هاوەڵان لەوە تێگەیشتبوون خولگەی هەموو ئەحکامەکان بەزەییە، هەرکات لە بارودۆخێکی تایبەتیدا جێبەجێکردنی حوکمێک لە بەزەییەوە سەریکێشا بۆ دژەکەی، ئەوە لە شەریعەت نییە، لێرەدا ئەوەمان بیردەکەوێتەوە کە عەمری کوڕی عاص لە کاتی سەرمای زۆردا، ئەم ئایەتە دەهێنێتەوە بۆ ڕەوایی تەیەموم. وەکو ئەبو داود لە عەمری کوڕی عاصەوە دەگێڕێتەوە: "قال احتلَمتُ في ليلةٍ باردةٍ شَديدةِ البردِ فأشفَقتُ إن اغتسَلتُ أن أهْلِكَ فتيمَّمتُ ثمَّ صلَّيتُ بأصحابي صَلاةَ الصُّبحِ قال فلمَّا قدِمتُ علَى رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ ذَكرتُ ذلكَ لهُ فقال يا عَمرو صلَّيتَ بأصحابِكَ وأنت جُنُبٌ قالَ قلتُ يا رَسولَ الله إنِّي احتَلمتُ في ليلةٍ باردةٍ شَديدةِ البَردِ فأشفَقتُ إن اغتَسلتُ أن أَهْلَك فذَكرتُ قولَ اللهِ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا فتيمَّمتُ ثمَّ صلَّيتُ فضَحِكَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ ولم يقُلْ شَيئًا".[١] واتە: لە شەوێکی زۆر ساردا لە غەزای (ذات السلاسيل)دا تووشی بێدەستنوێژی گەورە بووم، ترسام ئەگەر خۆم بشۆردایە تێدا بچم، تەیەمومم کرد، پاشان نوێژی بەیانیم بۆ هاوڕێکانم کرد، ئەوەیان بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) باسکرد، وتی: ئەی عەمر بە لەشگرانی پێشنوێژیت بۆ هاوەڵەکانت کردا منیش ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە ڕێگری لێکردم لە خۆشۆرین، وتم: گوێم لە فەرمایشتی خودا بووە کە دەڵێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ پێغەمەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێکەنی و هیچی نەوت، عەمری کوڕی عاص (خوا لێی ڕازی بێت) بەڵگەی بە بنەما گشتێکە هێناوەتەوە کە ڕەحمەتە، ئەو ڕەحمەتەی

---

[١] رواه أبو داود في سننه، واحمد في مسنده وصححه الأرناؤوط. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- السجستاني، سنن أبي داود، مرجع سابق، كتاب الطهارة: باب: إذا خاف الجنب البرد أيتيمم؟ ص٦٢، حديث رقم: (٣٣٤).

- الشيباني، مسند الإمام أحمد بن حنبل، مرجع سابق، ج٢٩، ص٣٤٦ - ٣٤٧، حديث رقم: (١٧٨١٢).

وەکو ڕۆح چۆن لە لاشەی زیندوودا بڵاودەبێتەوە، یان ئاو چۆن لە لاسکی ڕووەکدا بڵاودەبێتەوە، ئەویش لەناو هەموو حوکمەکانی شەریعەتدا بڵاو بۆتەوە، عەمریش تێبینی کردووە کە خۆشۆرین بە ئاوی سارد لە کەش و هەوای بیاباندا لەگەڵ واتای ڕەحمەتدا یەکناگرێتەوە، بۆیە کاری بە ڕووخسەت کرد و تەیەمومی کرد.

لەبەر گرنگی ڕەچاوکردنی گشتگیرەکاندا (الكليات) لە جێبەجێکردنی حوکمەکاندا، ئیبنولقەییم بەم شێوەیە بنچینەیەکی گشتگیری داناوە کە دەڵێت: "شەریعەت بنچینە و بنەماکەی لەسەر حیکمەت و بەرژەوەندی بەندەکان دانراوە، بۆیە هەمووی دادگەرییە، هەمووی بەزەییە، هەمووی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانە، هەمووی حیکمەتە، هەر بابەتێک لە دادگەری دەرچوو بۆ ستەم، لە بەزەیی بۆ دژەکەی، لە بەرژەوەندی بەرەو خراپە و تێکدان، لەحیکمەتەوە بەرەو گاڵتەجاڕی، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە شەریعەتەوە نییە، بابە تەئویلیش بخزێنرێتە ناوی".[1]

ئەم دەقەی ئیبنولقەیم تێگەیشتنی ئەو بۆ ئەرکی سەرەکی تەشریع دەردەخات، کە ئەویش بەدیهێنانی بەرژەوەندیی بەندەکانە، لێرەوە پێویستە لە هەموو حوکمێکی شەرعیدا، هەروەها لە کاتی ڕوونکردنەوە و جێبەجێکردنیدا، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکان بکرێت.

چیرۆکە قورئانییەکان نموونەیەکی کردەیین لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکاندا، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی تێدا بکرێت، کەسێک لە چیرۆکە قورئانییەکانیەکانی سەردەمی مەککە وردبێتەوە، دەبینێت کۆمەڵێک ڕێنمایی لەخۆی گرتووە لەتوانایاندا هەیە عەقڵیەتێک دروست بکەن توانای جێبەجێکردنی بەجۆرێک بێت ئەنجامی حوکمەکانی لەپێش چاو بێت و لە جێبەجێکردندا ڕەچاوی ئەولەوییەت و لەپێشترینیان تێدا بکرێت.

تێگەیشتن لە ئەنجام گرنگە لەپێناوی پارێزگاریکردن لە بانگەواز، لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە خۆی دەبینێتەوە لە هێزێکی ڕیشەکێشکەر و دەستڕۆیشتووی

---

[1] ابن القيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر. إعلام الموقعين عن رب العالمين، تعليق: طه سعد، بيروت: دار الجيل، (د.ت.)، ج٣، ص٣.

دەســـەڵاتدارانی مەکـــکە، لێـــرەوە پێویســـتە عەقڵێـــک بنیـــات بنرێـــت، توانـــای ئـاوڕدانەوەی لە ئەنجـامی جێبەجێکردنەکـانی سـەر واقیعـی هەبێت، هەروەهـا بەراوردی نێـوان بەرژەوەنـدییە دژبەیەکەکـان بکـات، بـۆ ئەوەی لە قۆنـاغی بنیاتناندا هەڵەیەک لە هەڵەکان سەرنەکێشێت بۆ لەباربردنی بانگەواز.

## چوارەم: بەسەرهاتی پێغەمبەران لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها وانەکانی سیاسەتی شەرعی:

بەســـــەرهاتێکی زۆر لە قورئـــــانی پیــــرۆزدا هەیە، دەکرێـــــت لە بـــــواری مـــامەڵەکردن لەگەڵ دەســـەڵاتدار و سیســـتەمە سیاسـییەکاندا ســـەرچاوەیەکی ڕێپیشاندەر بێت بۆ هەڵوێستی بانگخوازان لە کۆمەڵگەکانیاندا.

لەوانە ئەوەی سـورەتی قەصـەص هەڵوێسـتی خوشـکەکەی موسـا (درودی خـوای لەسـەر) بۆمـانی دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەمـان بـۆ بـاس دەکـات کە لە مـاڵ دەرچوو بۆ شوێنپێی هەڵگرتنی براکەی، هەروەها چۆن لەبەردەرگای کۆشکەکە وەستاو چاودێری چوونە ژوورەوەی شیردەرەکانی دەکرد، ئەوەی تێبینی کرد براکەی هیچ کام لە شیردەرانی قبوڵنەدەکرد، ئـا لەوکاتەدا خـۆی تێهەڵقورتاند، وەکو خوای باڵادەست بۆمانی باس دەکات: ﴿وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ وَهُمْ لَهُ نَاصِحُونَ﴾ (القصص: ١٢). واتـە: ئێمـە پێشـتر هـەرچی ئـافرەتی شـیردەرە لـەومان حـەرام کـرد، خوشـکەکەی (بەمـەی زانـی حەکیمانە لە کۆشک نزیک بۆوە) وتی: ئایا ناونیشانی ماڵێکتان پێ بڵێم کە ئەو منداڵەتان بۆ بەخێو بکەن، دڵسۆز و میهرەبانیش بن بۆی. ئیبنو عەبـاس دەڵێت: "کاتێک ئەو قسـەیەی کـرد گرتیـان، گومانیـان لەسـەری دروسـتکرد، پێیـان وت: چـۆن دەزانـی ئەو مـاڵە دڵسـۆز و بە بەزەیـین بەرانـبەری؟ وتـی دڵسـۆزی و بەزەییان لەوەدایە بە ئومێدی ئەوەی سودمەند بن حەز ئەکەن دایانی پاشا بن، ئیتر دوای ئەوە ناردیان". [1]

---

[1] ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي. تفسير ابن كثير "تفسير القرآن العظيم"، بيروت: دار الفكر، ١٤٠١هـ ص١٤١١.

ئەوەی لەم شـــوێنەدا تێبینـــی دەکرێـــت ئەم ئـــایەتە هوشـــیاری مەترســـی دەربڕینی وشەی لای هاوەڵان دروستکرد، لە مەککە ڕێنمایی موسڵمانانی کرد، ئاوڕ لە هەڵبژاردنی وشـە بدەنەوە، نەکا بەرەو چارەنووسـێکی مەترسیداریان بەرێت.[1]

٧ – لەوانە بەســـەرهاتی موســـا لەگەڵ ئەو دەســـەڵاتدارانەی پلانیـــان دژی دەگێڕا، وەکو خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَجَاءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ يَسْعَى قَالَ يَا مُوسَى إِنَّ الْمَلَأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَاخْرُجْ إِنِّي لَكَ مِنَ النَّاصِحِينَ﴾ (القصص: ٢٠). واتـە: (دوای ماوەیەک) لەوپەڕی شارەوە پیاوێکی (ئیماندار کە لـە خزمانی فیرعـەون بـوو) بـە پەلـە هـات و وتـی: ئـەی موسـا (فریـای خـۆت بکـەوە) بەڕاسـتی دارو دەستەی فیرعەون دانیشتوون و نەخشە دەکێشن تا بتکوژن، تا زووە دەرچۆ و ئێرە بەجێ بهێڵە، بێگومان من لە دڵسۆزانم بۆ تۆ.

لە ئـایەتەکەدا ئەوە تێبینـی دەکرێـت هوشـیاری ئـامڕازی دەزگـا ئەمنیەکـانی لەلای هاوەڵان دروستکرد، هەروەها چۆن لە بازاڕ وشـەیەک لە دەمی کەسـێک دەرچـوو یەکســـەر گەیشـــتە فیـــرعەون و دارودەســـتەکەی، ئەمە تـــۆکمەیی و بەهێزی سیستەمی ئەمنی سـەردەمی فیرعەون دەردەخـات، هەروەهـا پیـاوانی دەســـەڵات لە کۆبـوونەوەی بەردەوامـدا بـوون، دوای گەیشـتنی زانیـارییەکە لە بـــازاڕی شـــارەوە، ئەوان بڕیـــاری یەکجـــارەکی کوشـــتنی موســـایان درکـــرد، هەروەکـو لە بەسـەرهاتەکەشـەوە دەردەکەوێـت چـۆن موسـا (درودی خـوای لەســـەر) بەهـــۆی بەرفراوانـــی پەیوەنـــدییەکانییەوە تـــوانیتی پلانەکەیـــان تێـــک بشـــکێنێت، ئەمەش ڕێنمـــاییەکە بـــۆ بـــانگخواز بـــۆ پارێزگـــاری بـــانگەوازەکەی پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەبێت و خۆی گۆشەگیر نەکات.

بەســـەرهاتی ئیمانـــداری ئـــالی فیـــرعەون ئامـــاژەیەکی گرنـــگ لە ئاڕاســـتەی گوتـاری بـانگەوازدا پێکـدێنێت، بەسـەرهاتی ئەو پیـاوە ئیمانـدارەی ئیمـانەکەی شـــاردبۆوە، نیشـــانەیە لەســـەر ئەوەی لە قۆنـــاغی دواییـــدا ڕۆڵێکـــی گرنگـــی لە پارێزگاری لە موسا (درودی خوای لەسەر) هەبووە، وەکو خوای باڵادەست

---

[1] لەوە دەچێت نووسەر بۆیە قسەکەی ئیبنو عەباسی هێناوە هەرچەند بێ سەنەدیشە تەنها بۆ پاڵپشتی ئەم پەرەگرافە بێت، وەرگێڕ.

دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُم بِالْبَيِّنَاتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِن يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ (الغافر: ٢٨). واتە: (دیارە سەرئەنجام فیرعەون بڕیاریداوە موسا شەهید بکات بۆیە): پیاوێکی ئیماندار لە خزمانی فیرعەون کە باوەڕەکەی شاردبۆوە تا ئەو کاتە، وتی: ئایا ڕەوایە پیاوێک بکوژن تەنها تاوانی ئەوەیە کە دەڵێت پەروەدگارم – الله - یە، لەکاتێکدا چەندەها بەڵگە و نیشانەشی لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون و نیشانی داون، خۆ ئەگەر درۆزن بێت، ئەوە درۆزنیەکەی بە زەرەری خۆی تەواو دەبێت، خۆ ئەگەر ڕاستگۆبێت هەندێک لەو بەڵایانەتان بەسەردێت کە پێی ڕاگەیاندوون، بەڕاستی من دڵنیام کە: خوا هیدایەت و ڕێنموویی کەسێک ناکات زیادەڕەو درۆزن بێت (واتە: ئەگەر موسا درۆزن بوایە، ئەو هەموو پشتیوانیەی لێ نەدەکرا لەلایەن خواوە). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر بەسەرهاتی ئیمانداری ئالی فیرعەون ڕێنمایی ئیمانداران دەکات کە دەکرێت هەندێک کات لە ناو دەستە و تاقم و ئەنجومەنی حوکمدا کەسانێک هەبن باوەڕیان بە چاکسازیی کۆمەڵگە هەبێت، هەروەها لێهاتوویی ئەوەیان تێدا بێت لەگەڵ تاقمە ئیماندارەکەدا هاوکار بن، لەبەر ئەوە دەبێ گوتاری ئیسلامی گوتارێکی هاوسەنگ بێت، توانای زۆرکردنی دۆست و کەمکردنەوەی ناحەزی هەبێت، بەجۆرێک بوار بۆ تاقم و دەستە باشەکە بسازێنێت خۆیان بکەن بە خاوەنی بانگەوازەکە و پارێزگاری لێبکەن و ئاگایان لێی بێت.

لە بەسەرهاتی موسادا (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ بەندە باشەکەدا، سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ بیرلێکردنەوە و فێربوونی حیکمەت، دیارترینیان: ئەو پێغەمبەرە پایەبەرزە فێر ببێت بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەیەک ببێتە هۆی دەستبەسەرداگرتنی کەشتی بانگەواز چۆن بە لەسەرخۆی و نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، هەروەها بۆ پاراستنی لە داگیرکاری و گرەنتی بەردەوامبوونی پەلە نەکات لە لێکردنەوەی بەروبوومی بانگەوازەکەی، لە بەسەرهاتەکەدا چەند ئاماژەیەکی بۆ بزافە سیاسییەکان تێدایە کە لە سەرەتای دامەزراندنیاندا هێز و بازویان نەخەنە

پێش چاو، ڕژێمەکان بە جۆرێک بیانترسێنن کە هاندەر بێت بۆ دەستگرتن بەسەر دەسکەوتەکانی بزافەکەدا و لەدەستدانی نوسینگە و دامەزراوە و مینبەر و قوتابخانەکان، چونکە لە دەریای کاری سیاسییدا ئەوانە کەشتی بانگەوازن.

قورئانی پیرۆز چەند جۆرە پەیوەندییەکی نێوان پاشاکان و پێغەمبەرانی باسکردووە، کە دەکرێت شێوازی ئەو پەیوەندییانە کاریگەرییان لەسەر نەرمی گوتاری بانگەواز هەبێت، وایدەبینم ئەو پەیوەندییانە دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

- قبوڵ نەکردنی سیستمەکە و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە سیاسەت و بڕیارەکانی.

- هاوکاری لەگەڵ سیستەمەکە بۆ بەدەستهێنانی چەند ئامانجێک کە بەرژەوەندی گشتی تێدایە.

- تەواوکاری بەجۆرێک ئەرکی پاشا تەواوکەری پەیامی پێغەمبەر بێت (درود و سەلامی خوای لەسەر).

صالح ئەلعەلی بۆ ئەوە دەچێت کە: "قورئان باسی هیچ پێغەمبەرێکی نەکردووە لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیدا، یان بۆ جێبەجێکردنی بانگەشەی چاکسازییەکانی پشتی بە پاشاکان بەستبێت".[1] ئەوەی بۆم دەرکەوتووە هەڵوێستی پێغەمبەران بەرانبەر بە پاشاکان - وەکو باسم کرد - چەند جۆرێک بووە، بەرانبەر بە پادشا و دەسەڵاتدارەکان هیچ هەڵوێستێکی پێشوەخت نەبووە، کە بەربەست دروست بکات لە هەڵبژاردنی شێوازێکی باشتر بۆ پارێزگاری بانگەواز.

لە نموونەی قبوڵنەکردنی ڕژێمی دەسەڵاتدار: ڕووبەڕووبوونەوەی ئیبراهیم (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارەی خوا هێز و توانای پێدا بوو، وەک قورئان بۆمانی باس دەکات دەسەڵاتەکەی لەسەر خۆبەزلزانین و لوتبەرزی ڕاگیر کردبوو: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ (البقرة: ٢٥٨).

---

[1] العلي، صالح، الدولة في عهد الرسول، بغداد، المجمع العلمي العراقي، ١٩٨٨م، ج٢، ص٣٤٢.

واتە: ئایا نەتبیستووە و نەتڕوانیوەتە ئەو کەسەی دەمەقاڵەی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا لە بارەی پەروەردگاریەوە لەبەر ئەوەی خوا پاشایەتی پێبەخشی بوو، (لەجیاتی باوەڕهێنان و سوپاسگوزاری کەچی دەمەدەمێی دەکرد لەگەڵ ئیبراهیمدا)، (ئەم لووتبەرزیەشی کاتێک بوو بە هەوا و فیزەوە پرسیوویەتی لە ئیبراهیم کە پەروەردگاری تۆ کێیە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: پەروەردگاری من ئەو زاتەیە کە ژیان دەبەخشێت و مردنیشی بەدەستە، (نەمروود لە وەڵامیدا) وتی: جا منیش ژیان دەبەخشم و مردنیشم بەدەستە، (ئینجا فەرمانیدا هەندێک لە نەیارانی بکوژن گوایە ئەوە دەیانمرێنێت، هەندێکیشی نەکوشت گوایە ئەوە ژیانی پێبەخشین!!)، ئەوسا ئیبراهیم وتی: بەڕاستی خوا خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنێت جا (ئەگەر تۆ دەتوانیت) لە ڕۆژئاواوە بیهێنە، ئینجا ئەو بێ باوەڕە ڕەنگی پەڕی و دەمکوت کراو وەڵامی نەما، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی زاڵم و ستەمکار نادات.

ئەمە پوچەڵکردنەوەی بانگەشەی خوایەتی و پیادەکردنی ئەو خۆبەزلزانین و خۆسەپێنیە بوو، کە ملهوڕی سەردەمی ئیبراهیم دەیکرد، لەکاتێکدا کە گەل گوێڕایەڵی دەسەڵات بوو، دەبێ لەبەرانبەردا دەسەڵاتدارەکان بەندایەتی خۆیان بۆ پەروەردگاریان بنوێنن.

هەر لەم جۆرە پەیوەندی نێوان موسا (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ فیرعەون، کە بە سیاسەتی خۆبەزلزانین و خۆسەپێنی و بانگەشە خۆبەخوا زانین حوکمڕانی وڵاتەکەی دەکرد، کە خوای باڵادەست بەکورتی دەیگێڕێتەوە: ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي﴾ (القصص: ٣٨). یان: ﴿مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى﴾ (غافر: ٢٩). لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بە لایەنێک بەهێز بکات، پشتی بە ورووژاندنی دووبەرەکی لە نێو تاکەکانی میللەتەکەیدا بەستبوو، وەکو ئایەتەکانی سورەتی قەصەص بۆمانی ڕوون ئەکەنەوە: ﴿وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ﴾ (القصص: ٤). واتە: خەڵکەکەی پارچە پارچە کرد (جیاوازیی خستە نێوانیانەوە)، دەستەیەکیانی دەچەوساندەوە و لاوازی دەکردن، منداڵە نێرینەکانی

سەردەبڕین، کچان و ئافرەتانی (بەزەلیلی دەهێشتەوە)، بەڕاستی ئەو ستەمکارە یەکێک بوو لەوانەی تۆوی خراپی دەچاند.

دووبارە یەکێکی تر لە پەیوەندییەکان ڕێگری لە ستەم و بەر پەرچدانەوە بوو، وەکو: پەیوەندی نێوان خزر و (سەلامی خوای لەسەر) ئەو پاشایەی دەستی بەسەر هەموو کەشتیەکاندا دەگرت و لە خەڵکەکەی داگیر دەکرد، وەکو سورەتی (الكهف) باسیکردووە: ﴿ أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا﴾ (الكهف: ٧٩). واتە: ئەو کەشتیەی (عەیبدارم کرد چەند هەژارێک خاوەنی بوون لە دەریادا کاریان دەکرد، جا منیش ویستم عەیبداری بکەم، لەکاتێکدا لەو ناوەدا پاشایەک هەبوو کە هەموو کەشتیەکی (چاک و ڕێکوپێکی) داگیر دەکرد.

تێبینی دەکرێت لە هەر یەکێک لە حاڵەتەکان پەرچەکردارەکان لێک جودان:

وەکو بەسەرهاتی ئیبراهیم و نەمروود کە حاڵەتەکەیان گفتوگۆ و دەمەقاڵێ بوو، یان بەسەرهاتی موسا و فیرعەون، کە حاڵەتەکەیان گەیشتە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان، یان بەسەرهاتی موسا و خزر (درودی خوایان لەسەر)، لەوکاتەدا چاکسازیی گران و نەگونجاو بوو، بۆیە ئەم حاڵەتەیان خۆپاریزی بوو لە پێکدادان، هەروەها کەمکردنەوەی زەرەر و زیانی سەر خەڵکی بوو.

جۆرێکی تری پەیوەندی: پەیوەندی هاریکاری، وەکو پەیوەندی نێوان یوسف لەگەڵ عەزیزی میسردا، کە یوسف بە پشتبەستن بە لێهاتوویی و ئەمینی پێشنیاریکرد گەنجینەکان و سامانی سەرزەوی میسرم پێبسپێرن، وەکو خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ (یوسف: ٥٥). واتە: یوسف وتی: پێم باشە بمکەیت بە لێپرسراو بەسەر گەنجینەکان و سامانی سەرزەوی ئەم وڵاتە (میسر)، بەڕاستی من پارێزەرێکی زانام (لەخۆم ڕادەبینم کە شت بپارێزم و زاناشم کە چۆن دەیپارێزم). شوێنەواری ئەو هاوکارییە ئەوە بوو دەوڵەت ئەو قەیرانە ئابوورییەی تێپەڕاند کە تێیکەوتبوو.

یەکێکی تر لە پەیوەندییەکان: پەیوەندی تەواوکارییە لە نێوان تالوتی پاشا و پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل وەکو قورئان چیرۆکەکەی باسکردووە، وەکو خوای بالادەست دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ * وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوا أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٤٦ – ٢٤٧). واتە: ئایا نەتبیستووە و نەتڕوانیوەتە بەسەرهاتی دەستەیەک لە گەورە پیاوانی نەوەی ئیسرائیل لە دوای موسا لەکاتێکدا بە پێغەمبەرەکەی خۆیانیان وت: پاشایەک، سەرکردەیەکمان بۆ دیاری بکە و بینێرە تا لە پێناوی خوادا بجەنگین، پێغەمبەرەکە وتی: باشە؛ ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر بڕیاردراو خەریک بوو یەخەتان بگرێت و پەشیمان بوونەوە و نەجەنگان؟ (لە وەلامدا) وتیان: چیمانە کە لە پێناوی خوادا نەجەنگین، لە کاتێکیشدا ئەوەتە دەربەدەرکراوین و لە ماڵ و منداڵ و وڵاتمان بووین، کەچی کاتێک جەنگیان لەسەر بڕیاردا، تەنها کەمێکیان نەبێت ئەوانی تر هەموویان پشتیان هەڵکردو پەشیمان بوونەوە، خوایش زانا و بەئاگایە بە ستەمکاران.

ئینجا پێغەمبەرەکەیان (بەوانەی کە ئامادەی جەنگ بوون) وتی: ئەوە ئیتر خوا بە ڕاستی بڕیاری داوە و تالوتی ڕەوانە کردووە کە پاشا و سەرکردەتان بێت، کەچی (هەندێکیان) وتیان: چۆن ئەو ببێتە سەرکردە بەسەرمانەوە و ئێمە شایستەترین بە سەرکردەیی لەو، ئەو ماڵ و سامانێکی زۆری نییە! (جوولەکە هەمیشە ماڵ و سامان دەکەنە پێوەر لە هەموو شتێکدا)، (پێغەمبەرەکە لە وەلامیاندا) وتی: بەڕاستی خوا (طالوت)ی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بەسەرتاندا و زانست و زانیاری زۆر و لاشەیەکی بەهێز و گەورەشی داوەتێ، خوای گەورەش پاشایەتی دەبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) و خوا فراوانگیر و زانایە.

بەسەرهاتی (ذو القرنين) دەکەویتە چوار چێوەی ئەم جۆرە پەیوەندییانەوە، ئەو لەو کەسانە بوو خودا دەسەڵاتی پێدا بوو لەزەویدا، هەروەها بووە تەواوکەری پەیامی پێغەمبەران لەلادانی ستەم و زۆر لەسەر بێدەسەڵاتەکان، کە ئەو نەتەوەیە لە زمانی بەرانبەر تێنەدەگەیشتن".[1]

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرە پێشینانەی ئایەتە قورئانیەکان باسیکردوون، مەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی گرنگە لەوانە:

بنیاتنانی هوشیارییەکی سیاسی گرێدراو بە هەڵوێستی دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەکان بەرانبەر بانگەواز، ئەمەش ئەوە دەخوازێت هەڵوێستێکی نەگۆڕی پێشوەختە بەرانبەر سیستەم و دەسەڵاتە سیاسییەکان نەبێت، بۆیە بڕیارەکە بەستراوە بە هەڵوێستی خودی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرانبەر بە ئیسلام. ئەگەر هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسیی هەڵوێستێکی فیرعەونی ڕیشەکێشکار بوو، ئەوە حوکمێکی هەیە، خۆ ئەگەر وەکو عەزیزی میسر دەرگای هاوکاری کردەوە، ئەوە حوکمێکی تری هەیە، یان ئەگەر وەکو تالوت بوو، ئەوە حوکمەکەی جیاوازە.

پڕچەککردنی هاوەڵان بە بەهرەی سەرکردایەتیکردن، وەکو لێکۆڵینەوە لە واقیع، دانانی میکانیزم بۆ پارێزگاری بانگەواز لە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان و کارکردن بۆ نەهێشتنیان.

ت. دانانی میتۆدێک نەرمی سیاسی و پێکەوەژیانی پێوە دیار بێت، خەملاندنی هەڵوێستی داهاتووی تێدا بێت، وەکو نموونەی هەڵوێستی خزر سەبارەت بەو پاشایەی هەموو کەشتییەکی باشی داگیر دەکرد، بۆ خۆ پارێزی لەدەست بەسەرداگرتن و ڕووبەڕوو بونەوەیەکی چاوەڕوان کراو، خزر لە تورەکردنی پادشا خۆی بەدوور گرت.[2]

---

[1] الزمخشري، أبوالقاسم محمود بن عمر. الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، ضبطه: مصطفى أحمد، القاهرة وبيروت: دار الريان ودار الكتب العربي، ١٩٨٧م، ج٢، ص٧٤٣، بەدواوە.

[2] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: أحاديث الأنبياء، باب: حديث الخضر مع موسى عليهما السلام، ص٦٥٢ - ٦٥٣، حديث رقم: (٣٤٠١).

ئەم هەمـوو جـۆرە مـامەڵەیەی قورئـان ئامـاژەی پێیـان کـردووە، پێویسـتی دەکات لەسـەر عەقڵی موسڵمان بەقووڵی تـوێژینەوە لە واقیعی ئەو سیسـتەمە سیاسـیەدا بکـات هەڵسـوکەوتی لەگەڵ دەکـات، بزانێـت تـا چەنـدێک لەبـارەی هاوپەیمـانی لەگەڵـدا بکـات، چـۆن دەتوانێـت خـۆی بپارێزێـت؟ هەمـوو ئەمـانە بنچینەن بۆ گەلاڵەکردنی تێگەیشتنێک بە چاکی پەیبەرێت بە جێبەجێکردنی دەق لە واقیعـدا، ئەمە بەهرەیەکـی سـەرکردایەتیکردنە، هەمـوو خـاوەن پڕۆژەیەکـی قیـادی پێویسـتی پێیەتـی، کە سیاسـەتی تەشـریعیش هەوڵ دەدات دیسـپلینی بـۆ دابنێت.

**پێنجەم: پەیوەندی سیاسەتی شەرعی بە فیقهەوە:**

سیاســەتی شــەرعی وا دادەنرێـت جـۆرێکە لە فیقهــی جێبــەجێکردن، بەم بۆچوونەش سیاسەتی شەرعی دەبێت بە هاوشانی فیقهی تیۆریی.

١. ئەوەی هاندەرە بۆ ئەوەی سیاسەتی شەرعی دەروازەیەکی سەربەخۆ بێـت، ئەوەیە کە زانایـان تێبینیـان کـردووە زانسـتی سیاسـی پشـتی بە چەنـد میکانیزمێک بەستووە زانایەکی زۆر شارەزا لە حوکمە نەزەرییە پەتییەکاندا لە بەڵـگە تەفصـیلیەکاندا دەسـتی ناکەوێـت، لەم بـارەیەوە ئیبنـو خەلـدون دەڵێـت: "لەناو تاکەکانی مرۆڤدا زانایان و شەرعزانەکان لە هەموو کەس لە سیاسـەت و شـێوازەکانی دوورتـرن، هۆکارەکەشـی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی ئەوان لەسـەر داڕشتنی سیستەمی جێگیری فیکری و چوونە قوڵایی مانا و مەبەستەکانەوە ڕاهاتوون، ئەوان فیکر جودا دەکەنەوە لە هەستپێکراوە مادییەکان و لە زیهندا بە بێلایەنـی و پەتـی وەکـو کۆمەڵێـک بنەمـای بـێلایەن دەیهێڵـنەوە، تـا وەکـو کۆمەڵێک بنەمای گشتی زانستی کاری پێبکرێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەکو کەرەستەیەکی تایبەت، یان کەسێکی تـایبەت، یـان نەوەیەکـی تایبەت، یـان نەهـامەتیەکی تـایبەت، یـان پۆلێـک لە خەڵکـی تـایبەت، هەڵسـوکەوتی لەگەڵ بکرێـت، پاشــان ئەو بنەمــا گشــتییە بەســەر دەرەوەشــدا جێبەجــێ بکرێــت... هەڵگرانی سیاسەت دەبێ هەمیشە ڕەچاوی وردەکاری دەوروبەر و بارودۆخە شاراوەکانی دەرەوە بکەن، چـونکە هەمـوو ڕووداوەکـان وابەسـتەی سیاسـەتن.

لەبەر ئەوەی سیاسەت شاراوەیە لەوانەیە هەندێک شتی تێدا بێت، وەکو بنەمای قیاس نەلکێنرێت بە لێکچوویەکی خۆی، یان نموونەیەکی هاوشێوەی خۆی، خۆ ئەگەر شەرعزان بیەوێت بیشی لکێنیت لەوانەیە دژ بێت لەگەڵ ئەو شتە گشتگیرە (الکلي)ی ئەو ئەیەوێت وەکو بنەمایەک لەنێویدا جێگەی بکاتەوە".[1]

بۆ یەکەمجار لە زانستی قەزاوەتدا تێبینی پەیوەندی نێوان فیقهو سیاسەت کرا، ئەویش هۆکارەکەی ئەوەیە هەندێک جار لە کتێبە فیقهییەکاندا بۆ ئەو بابەتە دەقێکمان دەستناکەوێت، بۆیە دەبێ لەوکاتەدا بۆ ناسینی ڕاستی پەنا بەرین بۆ بەهرە و فیراسەت، دەبێ لەوکاتەدا بەشارەزایی و ئەزموون بدۆزرێتەوە، هەروەکو نابێ قەزاوەت تەنها پشت شتە دیار و ڕوونەکانی دادوەری ببەستێت، بۆیە هەندێکجار ئەگەر گومان لەسەر پاڵنەرەکانی دروست بوو، دانپیادانان دەگێڕدرێتەوە، هەموو ئەمانەش بە ئەزموون دەزانرێت، بۆیە دەربارەی ئەم مەبەستە ئیبنو فەرەحون دەڵێت: "مالیکی کوڕی ئەنەس ڕەحمەتی خوای لێبێت وتوویەتی: پیاوان لە وڵاتانەوە دەهاتن بۆ مەدینە بۆ پرسیارکردن دەربارەی زانستی دادوەریی، ئەو زانستە بە بەڵگەی فەرموودەی خوای باڵادەست ... وەکو زانستەکانی تر نییە: ﴿وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ، فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ (الأنبياء: ٧٨ – ٧٩). واتە: یادی داود و سولەیمانیش بکەرەوە کاتێک بڕیاردرا دەربارەی ئەو کێڵگە کشتوکاڵیە، کاتێک کە مەڕ و ماڵاتی خەڵکی تیایدا بڵاوبوونەوە بە شەو، زیانیان بە کێڵگەکە گەیاند، ئێمەیش شایەت بووین لەسەر ئەو دادوەری و بڕیارەی ئەوان. (لە سەردەمی حوکمی حەزرەتی داوددا ڕانە مەڕێک زەوی و زاری کابرایەکی کاولکرد، کابراش چوو سکاڵای خۆی گەیاندە داود، ئەویش بڕیاریدا کە هەموو ڕانە مەڕەکە بدرێت بە خاوەن زەویەکە، بەڵام حەزرەتی سولەیمانی کوڕی، ڕایەکی پەسەندتری هەبوو، وتی: با بەروبومی ماڵاتەکە بدرێت بە خاوەن زەویەکە تا زیانەکەی پڕ دەکاتەوە).

---

[1] الحضرمی، مقدمة ابن خلدون، مرجع سابق، ج٣، ص١٢٥٥.

جا ئێمە چارەسەری کێشەکەمان لە سولەیمان گەیاند، بەڵام هەریەکە (لەم باوک و کوڕە) بەهرەوەرمان کردبوو لە حیکمەت و دانایی و عیلم و زانستی، هەروەها باڵندە و چیاکانیشمان لەگەڵ داوددا ملکەچ و فەرمانبەردار کردبوو، هەمووان پێکەوە تەسبیحات و ستایشی ئێمەیان دەکرد، ئێمەش ئەوەمان کرد.

خـوای پـاکوبێگەرد ستایشـی داودی کـرد لەبەر ئەوەی لە حـوکمەکەدا ئیجتیهـادی کـرد، هەروەهـا ستایشـی سـولەیمانی کـرد لەبەر ئیجتیهـاد و تێگەیشـتنی لە ڕاسـتی چارەسـەرەکە. جـێگەی سەرسـوڕمان نیـیە کە زانسـتی قەزاوەت جیـاواز بێـت لە فیقهـی پەلوپـۆی مەزهەبەکـان، لەبەر ئەوەی زانسـتی قەزاوەت هەنـدێک شـارەزایی دەربـارەی حوکمەکـان پێویسـتە کە دەبـن بە پێشـەکی بـۆ زانینـی حـوکم دەربـارەی ڕووداو و جوزئیاتەکـان، زۆرجـار ئەو پێشـەکییانە لە نووسـراوە فیقهیەکانـدا باسـنەکراون و شـەرعزانیش هـیچ شـارەزاییەکی لەبـارەیەوە نیـیە، لەکاتێکدا ئەوانە تەوەری حوکمەکانیـان لەسـەر وەستاوە، بۆیە ئەوانەی نەشارەزان لەو حوکمـانەدا وەکو کەسـانێکی نەشـارەزا لەتاریکیـدا کـوێرانە بـڕۆن سـاتمە دەکەن، نووسراوێکیشـم نەبینیـوە پشـتی پێببەسـتم لە دەرخسـتنی تەواوی نهێنـی و وردەکارییەکـانی و ڕێخۆشـکەر بێـت بۆ زانینی بنچینە و ڕوونکردنەوەی ڕاسـتییەکانی، بۆیە وامبینـی بە یەک شـێوە بـابەتە گرنـگ و زۆر پێویسـتەکانی کـورت بکەمەوە و هەموویـان پێکەوە ڕێـک بخـەم، لەبەر ئەوەی ئامانج لەم نووسینە باسکردنی بنچینەکانی ئەم زانسـتەیە و ڕوونکـردنەوەی ئەو شـوێنانەیە دادوەری بـابەتە مشـتومڕ لەسـەرەکان و ئەحکامەکانی سیاسەتی شەرعی تێدا دەکرێت".[1]

نووسـەرەکان لە باسـی ئاکـار و ڕەوشـتی دادوەریدا هەندێک نموونە بـاس دەکەن، لەوانە: لە کاتی دادوەریدا فیراسـەت و بەهـرەی (ئیاس) و توانـای لێک جـوداکردنەوەی کـچ و بێـوەژن لە یەکتـر، بە پشتبەسـتن بەوەی کاتێـک کـچەکە قسـەی لەگەڵ دەکـرد "چـاوی بڕیبـووە زەوی"، دووەمیـان کاتێـک قسـەی لەگەڵ

[1] ابن فرحون، برهان الدين إبراهيم بن علي اليعمري. تبصرة الحكام في أصول الأقضية ومناهج الحكام، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠١م، ص٢.

دەکــرد چــاوی بڕیبــوە چــاوی،[1] تێبینــی ئەم جــۆرە هەڵســوکەوتانە، کە بە ئەزموون دەست دەکەوێت و فیقە باسینەکردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا یارمەتی دادوەر دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕاستی.

دووبــارە هەر لەوانە دۆزیــنەوەی هەڵســوکەوتی تاوانکارەکــانە، جــا ئەو هەڵسوکەوتە بە مەبەستی دزیی بێت، یان بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بێت، یان گاڵتەجاڕی بێت، هەر یەکێک لەمانە سروشتێکیان هەیە، بە لێوردبوونەوە دەزانرێت، کە ئەوانە هاوکاری دادوەر و لێکۆڵەر دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕاستی، بەڵـگەی ئەمە بەســەرهاتی دادوەری حەنەفــی مەزهەب ئەبــو حــازم بــوو، کە تاوانبارێک بە ئاسانی دانینا بە تاوانەکەیدا، گومانی بۆ دروست بوو، دەرکەوت خودی ئەو ئاسانکارییە درۆیە، بە ئەزموونی ڕۆژانە توانی ڕاست و نادروست لێــک جــودا بکــاتەوە،[2] لێــرەوە زانســتی دادوەری پێویســتی پــۆلێنکردنێکی ســەربەخۆی پێویســتە، لەبەر ئەوەی بابەتگەلێــک چارەســەر دەکــات بەو ئیعتیبارەی فیقە زانینی ئەحکامی شەرعی کردارییە، دەستی بۆ نەبردووە، بەڵام دادوەری پێویســتی بە شــارەزایی و بیرلێکــردنەوە هەیە. ئەوەی بەســەر دادوەریــدا جێبەجــێ دەبێت، بە هەمــان شــێوە بەســەر جۆرەکــانی تــری فیقهــی کرداریدا جێبەجێ دەبێت.

## شەشـەم: سیاسـەتی شـەرعی پێویسـتی بە تێگەیشـتنی مەقاصـید و یاسـا سروشتییەکان هەیە:

چەند نموونەیەکی جێبەجێکردن

ڕەچاوکردنی پێکهێنانی حوکمە سیاسییەکان:

لەبەر بەیەکـداچوونی بەرژەوەنـدییەکان لە کــاتی جێبەجێکردنـدا، پێکهێنــانی حــوکمی سیاســی پێویســتی بە شــارەزایی و دەرکپێکردنــی واقیــع هەیە، بــۆیە لە کــاتی جێبەجێکردنــی کردەییــدا بــۆ پێکهێنــانی حوکمێــک دەبــێ چەنــدین ئیعتیبــار لەبەرچاو بگیرێت، لەوانە:

---

[1] ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٣٦.

[2] المرجع السابق، ص٤١.

تێگەیشــتن لە دەقــی تەشــریعی، کە ئەو تێگەیشــتنە بە جۆرێــک بێــت بە ڕەچــاوکردنی ئامــانج و حیکمەتەکــانی دەق بەرژەوەنــدییەکانی تێــدا ڕەچــاو بکرێت، چەقبەستوویی لەسەر دیوی دەرەوەی وشـەکان، یارمەتیدەر نییە بۆ پێشکەشـکردنی چارەسـەرە فیقهیەکـان، سـەرەڕای ئەوەی - وەکـو زانایـانی مەقاصــیدیش ڕەحمەتــی خوایــان لێبێــت دەریــانبڕیوە - ئەوە میتــۆدێکی ناتەندروستە. لەو بنچینە مەقاصیدیانەی بابەتەکە توونددوتۆڵ دەکات:

- "بنەڕەتی حوکمەکان لۆژیکیبوونە نەک پەرستشی".[١]

- "ئەرکەکـان هەموویـان بەرژەوەنـدی دونیـا و دواڕۆژی بەنـدەکانیان تێـدا ڕەچاو دەکرێت".

- " هەندێک کرداری شـەرعی هەیە خـوودی خۆیـان مەبەسـت نین، بەڵکو مەبەست پێیان هەندێک کاری ترە کە مانـای کردارە شـەرعییەکان دەگەیەنن، ئەویش ئەو بەرژەوەندیانەیە لە پێناویدا دانراوە".

- "ئەوەی لە بەجێهێنـانی ئەرکە شـەرعییەکاندا ویسـتی شـتێکی هەبێـت کە بـۆی دانەنـراوە، بە دڵنیـایی ئەو سـەرپێچی شـەریعەتیکردووە، هەرکەسـێکیش سەرپێچی شەریعەت بکات، کارەکانی کاتی سەرپێچیکردنەکانی بەتاڵە".

لەسەر بنەمای ئەوانەی پێشوو:

ـ هەتـا بەنـدە نزیک بێت لە بەجێهێنـانی ئەم بەرژەوەنـدییانە ئەوە بۆچـوون بەرەو کەمـاڵ لە مەبەسـتی پەروەردگـاری نزیکتـرە، لەبەر ئەوەی لە وێـنە و مانــادا بە ئەرکــی خــۆی هەســتاوە، ئەمەش ئەوەیە شــاتیبی ئاگــاداری کردووینەتــەوە لێــی و دەڵێــت: "بەرژەوەنــدییەکان کە لە خــودی خۆیانــدا بەرژەوەندین، خواپەرستییان تێدا ڕەچاو کراوە، هەرشتێکیش لەسـەر بنەمـای خواپەرستی بنیـاتنرا، ناکرێت بەشـێوازێک بکرێت خواپەرسـتییان تێدا ئەنجـام نەدرێت".

ســـەردەرکردن لەو یاســـایانەی ڕێکـــخەری پێکەوەبـــوونی مرۆڤەکـــانن، یارمەتیدەرن بۆ جێبەجێکردن و ڕاڤەکردنی واقیع بە باشی و چاودێریکردنی

---

[١] الكيلاني، عبد الله. "أثر المقاصد الجزئية والكلية في فهم النص الشرعي"، مجلة دراسات، الجامعة الأردنية، المجلد (٣٣)، عدد (١)، ٢٠٠٦م، ص٩٩.

ڕووداوەکـان، هەروەهـا ئەوانە بنچینـەی واقیعـی بـوون و بنـاغەی حیکمەتـی سیاسـی دادەنـێن، بەڵکـو هەنـدێکجار یارمەتیـدەرن بـۆ تێگەیشـتن لە دەقێکـی یاسـایی بەجـۆرێکی جیـاواز لەوەی بـۆ تێگەیشـتن لە دەق تەنهـا پشـت بە ئامرازەکانی زمانەوانی بەستراوە، ئەوەی یارمەتیدەری ئیبنو خەلدون بوو بۆ تێگەیشـتنی قوڕەیشـیەت لە فەرمـوودەی: "الأئمـة مـن قـريش"، کە بەمانـای دەمارگیریی (العصبية) دێت، تێگەیشتنی بوو لە گرنگی پشتیوان بۆ سیستەمی سیاسـی، یـان ئەوەی لە ڕاڤەکردنـی دەسـتکەوتدا "السـلب" یـارمەتی ئیمـامی مالیکیدا کە ئەو یاسایە حوکمێکی سیاسییە پەیوەندیی بە ڕەزامەندی ئیمامەوە هەیە، تێگەیشـتنی بـوو لە یاسـای جەنـگ و پێداویسـتی ڕێکخسـتنی جەنـگ بە پلانێکی سـەربازی، بۆیە گشـتاندنی فەرمـوودەی: "مَـن قَتَـلَ قَتِيلًـا لَـهُ عَلَيْـهِ بَيِّنَـةٌ فَلَـهُ سَلَبُهُ". واتە: ئەگەر لە جەنگدا موسڵمانێک کەسێک بکوژێت شایەتی هەبێت کە ئەو کوشتوویەتی، بۆیە گشتاندنی ئەمە لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە، کە کوژراوەکە ئەوەی پێوەیەتی بدرێت بە بکوژەکە، چونکە جاری واهەیە ئەوەی هیچی پێوە نییە کاریگەری زۆرترە لەوەی دەسکەوتێکی زۆری پێوەیە.

بەراوردکردن لە نێوان بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکاندا بە ترازووی مەبەستە شەرعییەکان.

ڕەچـاوی بەشـەکانی حـوکمە فیقهیەکـان بکرێـت تـا چەنـدێک قـابیلیەتی گۆڕانکارییـان هەیە، هەروەهـا ڕەچـاوی بوارەکـانی سیاسـەتی شـەرعی لە هەر یەکێک لە بەشەکانیدا بکرێت.

چەنـد نمـوونەیەکی جێبەجێکـردن کە لە تەشـریعی ئەحکامەکانـدا ڕەچـاوی تێگەیشتن لە مەقاصیدیان تێدا کراوە:

میتۆدی فیقهی سیاسەتی تەشریع بریتیە لە تێگەیشتن لە مەبەستی دەقەکان و ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدییەکان لە کـاتی جێبەجێکردنـدا، هەروەهـا لێـک جیاکردنەوەی ئەو ئەحکامـانەی نەگـۆڕن لەو ئەحکامـانەی قـابیلی گـۆڕانن، لەم چەند نموونە جێبەجێکراوانەدا ڕوون دەبێتەوە:

ڕێکخسـتنی دروسـتکردنی دەرمـان و چارەسـەر، کە بەردەوام گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، هەروەهـا بڕیـاری دڵنیـابوون لە عـیللەت و سـودی دارایـی لە

دەرمانەکەدا، کاتێک زانست لەو نموونانەدا قازانج و سوودی دۆزیوەتەوە، بەو دۆزینەوەیە پاساو و عیللەتی بەماڵکردن دروست دەبێت، کە پێیدەوترێت (مناط المالية):

ئەم مەسەلەیە لەو ئەحکامانەیە لەبەر گۆڕانی پاساوی کردنەماڵ حوکمەکەی پێشوو تێیدا گۆڕاوە، کە پێش دۆزینەوەی ئەو کەرەستانە کە نەزانرابوون دەرمانیان لێدروست دەکرێت، هیچ بەهایەکیان نەبووە، نموونەی ئەوە: دۆزینەوەی پاساوی کردنەماڵ لە بەکتریا (الجرثوم) و پێکوتەی پلازما، پێش ئەوەی زانست سوودەکانیان بدۆزێتەوە بە زیانبەخش و کوشندە دادەنرا، ئەمەش وایکردبوو لە ڕووی شەرعیەوە بە ماڵ هەژمار نەکرێت، بەڵام دوای ئەوەی لەم سەردەمەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی درم و پەتادا سوود و کەڵکەکەی دۆزراوەتەوە و دوای ئەوەی ژەهرەکەی کەم و لاوازکراوە، بووە بە "ماڵ"ێکی خاوەن بەهای جیهانی، لە کوشندەییەوە بووە بە دروستکەری بەرگریی و دژی تووش بوون بە نەخۆشیەکانی وەکو کۆلێرا و ئاوڵە و تاعوون و هاوشێوەکانی بەکاردێت[1]، ئەمە کەڵکێکی گەورەیە پەیوەستە بە پاراستنی ژیانی مرۆڤەوە و لەناوچوون و مردن دەیپارێزێت، ئەم مەبەستە شەرعییە کە پەیوەندی بە پاراستنی ناچاری و زەرورییەتەکانەوە هەیە، ئەوەیە کە سیاسەتی تەشریع پشتی پێدەبەستێت بۆ دانانی چەندین ڕێگەو شوێن بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتی دروستکردنی چارەسەر بە جۆرێک بەرژەوەندی هەموو لایەک بەدی بهێنێت و توونودتۆڵی بکات. قسەی هەندێک لە زانایانی حەنەفی لەمەوە نزیکە کاتێک فەتوایان داوە جانەوەر و مێرووی زەوی ئەگەر لە دەوا و دەرماندا کەڵکی بەدیکرا، دەبێت بە ماڵ، واتە خاوەنداریێتی پێوە دەکرێت، حوکمی پێشوو ئەوەبوو لەبەر ئەوەی (المناط المالية) کە سوود و کەڵکە تێیدا نەسەلما بوو، بە ماڵ دانەدەنرا، بەڵکو حوکمی شەرعی لەبەر ئەو زیانەی تێیدایە بەکارنەهێنانی بوو، ئەو بنچینەیەی ئیمام شاتیبی کە لە بەڵگەکانەوە وەریگرتووە بە سەر ئەم مانایەدا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت: "حاڵی زۆربەی

---

[1] ئێستاش پلازمای خوێن بۆ چارەسەری پەتای کۆرۆنا بەکاردەهێنرێت. وەرگێڕ.

ئەو شتانەی قازانج و زەرەریان تێدایە دەبێ ڕێژەیی بێت، کەڵک و زیانەکانی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، یان لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت". یان دەڵێت: "ئەگەر ورد ببیتەوە لە زەمکراوێک: ئەو زەمکردنە بە هۆی ڕەفتاری پێسپێردراو "المکلف"ەوەیە لە نیعمەتەکەدا، نەک خودی نیعمەتەکە".[١][٢]

ئالێرەدا بە دڵنیاییەوە سیاسەتی تەشریع بە بنیاتنان لەسەر شوێنەواری ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر ئەو مادە دۆزراوەیەی وەکو بەکتریادا لە ڕێگەی دۆزینەوەی زانستیەوە هاتووە، دەستێوەردان دەکات بۆ دانانی حوکمێکی لەبار و دانانی سیستەمگەلێک بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی دوستکردنی دەرمان، تا لە پشت ئەم حوکمە تازەیەوە بە حوکمێکی لەبار بڕیاری بە (ماڵ) بوونی و بە کەڵک لێوەرگرتنی ڕێگەدان بدات، هەروەها پارێزگاری لە مافی وەبەرهێنەر و ئەو کەسە بکات دۆزیویەتییەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە مەبەستە شەرعیەکە بێتە دی کە پارێزگاریکردنە لە نەفس، هەر ئەو مەقاصیدانە بوو حوکمی پێشووی بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە لەبەر زەرەر و زیانەکانی و دیارنەبوونی هیچ کەڵکێک تیایاندا بەرهەمهێنا، هەردوو حوکمەکە چ قەدەغەکردن و چ ڕێگەپێدان، هەردووکیان بە دوای یەک مەبەستەوەن ئەویش پارێزگارییە لە نەفسی مرۆڤ، وەکو ئاوڕدانەوە لە مەبەستە شەرعیەکە کە بەرژەوەندی تێدا دەرکەوتووە، حوکمەکە بە هۆی دۆزینەوەیەکی زانستیەوە گۆڕاوە.

فەتوای ڕێگەدان بە وەرگرتنی کرێ لە کاتی پێویستیدا لەسەر پەرستشەکان لە ترسی دوورکەوتنەوە لێیان:

ئەوە ڕێکخستنێکی سیاسییە وەکو ئاوڕدانەوەیەک بۆ بنەما گشتییەکانی شەریعەت، سیاسەتی تەشریع بەڕێوەی دەبات، وەکو لە فەتواکانی خانیدا

---

[١] المرجع السابق، ج٣ - ٤، ص١٩٤.

[٢] وەکو ئیسراف لە خواردندا، کە خوای باڵادەست زەمی ئەو حاڵەی کردووە لەبەر ئاکاری زیادەڕۆییە لە خواردن نەک خودی نیعمەتەکە. وەرگێڕ.

هاتووه بڕیاری کۆن ڕێگەپێنەدان بوو،[1] کە ئەمە دەقەکەیەتی: "ئەگەر پیاوێکی بەکرێگرت بۆ فێرکردنی قورئان، لای پێشینەکان بە کرێگرتنەکە ڕاست و دروست نییە، کرێشی ناکەوێت، کاتی دیاریکردبێت، یان دیارینەکردبێت، بەڵام مەشایخی بەڵخ ڕەحمەت خوایان لێبێت ڕێگەیان پێداوە".

ڕووی جیاوازی فەتوا کۆنەکە لە فەتوا تازەکە ئەوەیە: لەوکاتەدا مامۆستاکان لە بەیتولمال یارمەتی دەدران، ئەوەش ڕەغبەتێکی زیاتری ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاینی و هەستان بە حیسبەی تیایاندا دروست کردبوو، وەکو خاوەنی فەتوای خانیە دەڵێت: لەم ڕۆژگارەدا یارمەتیەکەیان کەمیکردووە، ڕەغبەتی ئەوانیش بە هەستان بە کاروباری قیامەت کەمیکردووە، ئەگەر ئەوان لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیاندا خەریکی زانست بن، ژیانیان تێکدەچێت، بۆیە ئێمەش وتمان بەکرێگرتنەکەیان دروستە، هەروەها واجیبە کرێی مامۆستاکان بدرێت.

دەبینیت شەرعزانەکان بەکارکردن بە بنەمای سیاسەتی شەرعی تا بەرژەوەندییەکان تیانەچن، چۆن چارەسەریان کردووە، بۆ ئەوەی کەموکورتی دروست نەبێت، یان بەرژەوەندییەکان نەفەوتێن، بڕیاری گونجاویان داوە، لە جێبەجێکردنی حوکمەکەدا بە ئاشکرا ئاوڕدانەوە بۆ ئەنجام دەبینی، لە پاساوی جیاوازی هەردوو فەتواکەدا دەڵێت: شەرعزانەکانی کۆن پشتیان بەوە بەستبوو کە مامۆستایان لە بەیتولمال کرێ وەردەگرن، بەڵام کاتێک ئەو کرێیە بڕا، پێویستە چاو بە حوکمەکەدا بگێڕدرێتەوە، نەک هیچ قازانجێکی بۆ ئەو بەرژەوەندییە تێدا نییە کە مەبەستە، بەڵکو لەناویشی دەبات، بۆیە پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت، لەلایەک تا بەرژەوەندی مامۆستایان کەلێنی تێنەکەوێت، لەلایەکی تریش بەهۆی لاوازی پاڵنەری ئاینی، یان لەبەر دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیان، هەموو ڕوو بکەنە کەسابەت، ئەوکاتە فێرکردن و بەرژەوەندی دین کەموکورتی تێبکەوێت، ئەوە ئەم سەرەنجامەیە

---

[1] قاضيخان، حسن بن منصور، الفتاوى الخانية، مطبوع بهامش "الفتاوى الهندية" المسمات بـ" العالمكيرية في مذهب أبي حنيفة النعمان"، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د.ت.)، ج٢، ص٣٢٥.

بنەمـــای سیاســـەتی تەشـــریع بـــۆ پارێزگـــاری لە (بەرژەوەنـــدییەکان) پشـــتی پێدەبەستێت.

هەر لەم بابەتەدا ئەم بنچینە فیقهیەیە کە دەڵێت: "بە هـۆی گـۆڕینی کـاتەوە ڕێگـــری لە گـــۆڕینی حوکمەکـــان ناکرێـــت"، هەروەهـــا لەبەر جیـــاوازی بەرژەوەندییەکان و گـۆڕینی عـیللەت و هۆکـارە گشـتییەکە هـیچ شـوێنەوارێکی خـراپیش جێناهێڵێت، ئەوکـاتە بە پشتبەسـتن بە عـیللەت و هۆکـارە تـازەکە کە گونجان (المناسبة)ی حوکمەکەیە بۆ هەردوو کاتەکە بڕیار دەدرێت.

فەتـوای ڕێگریکردنـی دادوەرەکـان لە وەقفـی قەرزارێـک کە قەرزەکە هەمـوو مـاڵەکەی گرتۆتەوە، ئەگەر وەقفەکە بـۆ ڕاکـردن بێت لە قەرزاری، ئەو فەتوایە دەدرێت، با بڕیـارێکیش دەرنەچووبێت بە ڕێگریکردنـی لە مـامەڵەکردن (الحجـر) لەسەر کابرای قەرزار.[1]

لە پەراوێـــزی ئیبنـــو عابیدینـــدا هـــاتووە: "وەقفـــی بـــارمتەدانەری (الـــراهن) دەستکورت و نەخۆشی قەرزار پوچەڵ دەکرێتەوە کاتێک وەقفەکە هەمـوو مـاڵ و سەروەتەکەی بگرێتەوە، بەڵام کەسێکی ساغ پێش ڕێگری لە مـامەڵەکردنی بە سـامانەکەی (الحجـر) وەقفیکـرد، دادەمەزرێـت" وەکـو دەبینیـت ئەم بڕیـارە پلاندانانێکی سیاسییە بۆ ڕێگریکردنی قەرزارەکان لە ڕاکردن لە دەست خـاوەن قەرزەکـان، بـۆیە سیاســەتی شـــەرعی دەســـتوەردان دەکـات بـۆ ڕێگـری لە بەکارهێنـانی گرێبەسـتەکان بەمەبەسـتی خـۆدزینەوە و کـاری نـاڕەواو ڕێـگە پێنەدراوە، هەروەها بۆ گێڕانەوەی ڕاسپێردراو (المكلف) تـا نیـاز و کرداری لە جێبەجێکردن و مەبەستدا بە گوێرەی ویستی خاوەنی شەرع بێت.

زەرقا دەڵێت: خـاوەن دەسـەڵات لەبەر بەدیهێنـانی بەرژەوەندییەک دەتوانێت ڕێگری لە ڕێگەپێدراو بکات، یـان ڕێـگە بە قەدەغەکراو بدات، حـوکمی ڕێگـری

[1] الحصكفي، علاءالدين محمد بن علي بن محمد. الدر المختار، مرجع سابق، ج٤، ص٣٩٧. (مطبوع مع "رد المحتار" المعروف بـ"حاشية ابن عابدين").

کاری پێدەکرێت تا بڕیارە یاساییەکە هەبێت، چونکە پشتی بە بەرژەوەندییەک بەستووە و شایانی گۆڕانکارییە.[1]

فەتوای ڕێگەدان بە دروستی بەشداریکردن لە کۆمپانیا هاوبەشەکان کە هەڵدەستن بە دروستکردنی پرۆژەی گرنگ و زیندوو:

هەرچەند ئەم کۆمپانیایانە بەشێک لە سەرمایەکانیان لە بانکی سوودوەرگر دادەنێن (البنوک الربوية)، کە لە ئەنجامدا کۆمپانیاکانیش لە داهات و قازانجدا پشکیان بەردەکەوێت، هەروەکو لە هەندێک کاتدا لەو بانکانە لەبەرانبەر سوودێکدا کە دەبێ بیانداتێ قەرز دەکات، بۆیە هەندێک لە کارەکانی چ لە وەرگرتن، یان پێدان سووی تێدەکەوێت، کە ئەم فەتوایە بەدەرە لە یاسای: "ئەوەی وەرگرتنی حەرام بێت، بەخشینیشی حەرامە"، ئەم فەتوایە شێخ موستەفا زەرقا لە کاتی لێکۆڵینەوەی مادی کۆمپانیاکان لە ئاستی دکتۆرا لە کۆلێژی شەریعە/ زانکۆی ئوردن، پێمانیدا، کە: (بەناوی دەزگای شەرعییەوە) دەرچووە، وەکو دەردەکەوێت لە سێ ڕووەوە پشتی بە بنەمای سیاسەتی تەشریع بەستووە:

ڕووی یەکەم: بەدەمەوەچوونی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئوممەت، سەرمایەی تاکەکان تەنانەت سەرمایەی دەوڵەتێکیش بەتەنها ناتوانێت پێی هەستێت، بۆیە ئەبێ ئەو بەرژەوەندییە لە ڕێگەی کۆمپانیا هاوبەشەکانەوە بەدیبهێنرێت، هیچ کۆمپانیایەکی هاوبەشیش نییە بەبێ سیستەمی سوودکاری کە باسکرا مامەڵە بکات، هەرکاتێک کۆمپانیای بێ سوود هەبوو، دەبێ واز لەو کۆمپانیایانە بهێنرێت کە پشت بە سوود دەبەستن.

ڕووی دووەم: بەدەمەوەچوونی بەرژەوەندی تاکی بەشدار بووە بچووکەکان، ئەوانەی لەبەر بچووکی پاشەکەوتەکانیان هیچ بەدیلێکی وەبەرهێنان شکنابەن، جگە لەمەش لەبەر خراپی ئەستۆی تاکەکان، متمانەیان نییە بەشداریی شوێنی تر بکەن، ڕەچاوکردنی ئەم بارودۆخە زەمینەسازیی بۆ

---

[1] الزرقا، مصطفى. العقود المسماة في الفقه الاسلامي، عقد البيع، دمشق: دار القلم، ٢٠١٢م، ص٣٢.

دروستی ئەو فەتوایە کردووە، بە مەرجێک قازانجی پشکەکان دوور بێت لە ڕەگەزی حەرام.

ڕووی سێیەم: فەتوادان بە ڕێگری بەشداریکردن لەم کۆمپانیانەدا کە بەشێکی زیندوو کارای ئابوری ئوممەت لەسەری وەستاوە، واتە وازهێنان لە ئابووری و هێشتنەوەی ئابووری لە دەستی غەیری موسڵماناندا، ئەمەش چارەنووسێکی مەترسیدارە پێویستە تێپەڕێنرێت.

لەسەر بناغەی ئەمەی پێشوو، دەردەکەوێت بنەمای بەراورد لەنێوان چاک و خراپ، دەخوازێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت بوونی ئەم کۆمپانیایانە لەناو کۆمەڵگەدا پێویست، لەهەمان کاتیشدا بەدوای میکانیزمدا بگەڕێن بۆ دوورخستنەوەی ڕەگەزی حەرام لە قازانجی پشکەکاندا، ئەوەش فەتواکە دەریخستووە، ئەمەش دەقی فەتواکەیە: "سوپاس تەنها بۆ خوا، درود و سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەرمان محەمەد و خێزان و هاوەڵەکانی، پاش ئەمانە: لە سەردەمی ئێستەماندا کۆمپانیا خاوەن پشکەکان وەکو کۆی دەمارەکانی لاشەی زیندوو بە لاشەی ئوممەت و گەلاندا بڵاوبوونەتەوە، لەبەر پڕۆژەی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی گەورەی وەکو: ئاودێری، کارەبا، ڕێگەوبان و هاتوچۆی وشکانی، ئاویی، هێڵی ئاسمانی، ئامێری تەلەفۆن، ڕایەڵەی ئاو، کارگەی بەرهەمهێنانی کانزایی، کۆمپانیای خۆراک و چەندەهای تر، کە لەم سەردەمەدا باوە، هیچ گەل و وڵاتێک لە مانەوەی ئەم کۆمپانیایانە تیایاندا بێ نیاز نییە.

لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژە گەورانە سەرمایەی قەبەیان دەوێت، ئاشکرایە لەتوانای تاکدا نییە تەنانەت بودجەی دەوڵەتانیش تووشی پاڵەپەستۆ و تەنگەنەفەسی دەکات. ئەو کۆمپانیایانە پشکی سەرمایەکانیان بە هەزاران و سەد هەزار و ملیۆنان دابەش دەکەن، بە بەهایەکی بچووک بۆ هەر پشکێک، بۆ هەر یەکێک لەو پشکانە لەناو خەڵکیدا سەرمایەی پێویست کۆدەبێتەوە، ئەم پشکانە بوارێکی بەرهەمهێنانی باش دەڕەخسێنن بۆ ئەوانەی پاشەکەوتێکی بچووکیان هەیە و ناگاتە ئاستێک بتوانن پارچە زەوییەکی پێبکڕن و بەرهەمی بێنن، یان پارەکەی بدەن بە کارێکی بەرهەمهێنان، کە بتوانن چەند پشکێکی ئەو

کۆمپانیانە بکڕنەوە و کەڵک لە قازانجەکەی وەربگرن، لەهەمان کاتدا کۆمپانیا لەو کۆکردنەوەیەدا دەستکراوە دەبێت و پێگەیەک بۆ سەرمایە بەرهەمهێنەرە قەبەکەی، یان ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکات، یان لە جێبەجێکردنی پێداویستی خەڵک دروست دەکات.[١]

لەسەر ئەم بنچینەیە دەڵێین: ئەم کۆمپانیا خاوەن پشکانە بوون بە پێویستییەکی دەستەویەخە و ناچاریی، چونکە لە ژیانی هاوچەرخدا هەر گەل و وڵاتێک بیەوێت سودمەند بێت لە پێشکەوتنەکانی زانست و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا، هەروەها لە ئاستە سەرەتاییەکاندا نەمێنێتەوە، ناچارە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، کە دەچێتە چوارچێوەی ئاوەدانکردنەوەی زەوییەوە، کە خودا فەرمانی پێکردووە کە ئەوەش لە بەرژەوەندی موسڵمانان و مرۆڤایەتیە بەگشتی.

ئەوکاتە ئەو گرفتەی دەبێ چارەسەر بکرێت ئەوەیە ئەم کۆمپانیایانە لە وڵاتانێکدان، لە مامەڵەکردندا سیستەمەکانیان پابەندنین بە خۆپارێزی لەگەڵ ئەو بانکانەی مامەڵەکانیان بە ڕیبا و سووە، هەروەها کۆمپانیاکان سیولە مالیەکانیان لەو بانکانە دادەنێن، ئەویش قازانجی ڕیبەوی دەخاتە سەری کە لەگەڵ داهات و قازانجەکانیدا تێکەڵ دەبێت، هەروەکو لە هەندێک حاڵەتدا لە بەرانبەر سودێک کە دەبێ بیدات ئەو بانکانە قەرزیان پێدەدەن، ئەو قەرزانەش دەچنە ناو ئەو بەرهەم و قازانجانەی کۆمپانیا بەرهەمی دێنێت.

لە پێدان و وەرگرتندا سوو تێکەڵ بە هەندێک لە کارەکانی دەبێت. لەم کێشەیەدا دەزگای شەرعی وایدەبینێت ئێمە بە ڕەهایی لە بەشداریی ئەو

---

١ لە کاتی توێژینەوەی قۆناغی دکتۆرام لە مادەی کۆمپانیاکاندا، سەبارەت بە فەتواکەی پرسیارم لە مامۆستای بەڕێز و پایەدار شێخ زەرقا کرد، سەبارەت بە کۆمپانیا خاوەن پشکەکان داوای ڕوونکردنەوەی زیاترم کرد، ئەگەر لە لایەنێکی خزمەتگوزاری زیندوو دڵنیاییدا بە ڕەهاییە بەشداریکردن یان نا؟ وەڵامی دایەوە ئەو کۆمپانیا خاوەن پشکانەی خزمەتگوزارییەکی زیندوو زەروری، یان پێویستی بۆ هەموان دەستەبەر نەدەکرد، لەهەمان کاتیشدا لە پاشەکەوتی سامانەکەیدا مامەڵەکانی بەسوود و ڕیبا بوو، بەشداریکردن لە پشکەکانیدا حەرامە، چونکە ئەگەر مایەپوچیش بێت کۆمەڵگە زەرەر ناکات.

پشکانە ڕێگری لە خەڵکی نەکەین، هەروەها بە ڕەهاییش ڕێگەیان پێنەدەین، بەڵکو ڕەچاوی زەرورەتی ئەو کۆمپانیانە بکەین بۆ کۆمەڵگە، لەنێویشیاندا کۆمەڵگەی ئیسلامی، هەروەها پێویستی خەڵکێکی زۆر بۆ پشکەکانی، بەتایبەت ئەوانەی هیچ ڕێگەیەک شکنابەن بۆ بەرهەمهێنانی پاشەکەوتە بچووک و کەمەکانیان، ئەگەر ئەوە نەکەن ئەوە سامانەکەیان سڕ دەبێت و خۆی دەخواتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبێ قازانجی پشکەکانیان لە ڕەگەزی حەرام بەدوور بگیرێت، بۆیە ئەو کۆمپانیا پشکدارانەی بواری چالاکی ئابووری حەرامە، وەکو کۆمپانیای بەرهەمهێنانی جۆرەکانی ئارەق، یان کۆمپانیای دروستکردنی بانکی ڕیبەوی، ئەمانە حەرامن، هەروەها حەرامیشە موسڵمانان پشکەکانی بکڕن و مامەڵەی پێوە بکەن، چونکە قازانجەکەشی حەرامە،[1] بەڵام کۆمپانیاکانی تر کە بواری کار و چالاکیان حەڵاڵ و ڕێگەپێدراوە، وەکو هەموو پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، خاوەندارییەتی پشکەکانی و کڕین و فرۆشتن پێوەی و وەرگرتنی داهات و قازانجەکانیان دروستە، بەڵام بە مەرجی ئەوەی خاوەن پشکەکان حیساب ڕابگرن زۆر بە وردی بزانێت داهاتی هەر پشکێک چەندێک حەرامی تێکەڵ بووە، (یان ئەگەر حیسابی وردی بۆ نەدەکرا لە گۆترەکارییەکەدا زۆر نزیکی بکاتەوە) ئەندازەی حەرامەکە لە داهاتی پشکەکەی دیاری بکات، پاشان بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ ببینێت، یان بیخاتە بری زەکات، یان بیخاتە بری صەدەقەی ماڵی خالیصی خۆی، یان بیدات بە باجی حکومەتدا، با زەرییەکە ناحەقیشی تێدا بێت، چونکە هەر یەکێک لەوانە سوود

---

[1] ئەم فەتوایە کۆمپانیاکانی کردووە بە سێ بەشەوە: بەشێکیان: کۆمپانیای بەرهەمهێنانی جۆرەکانی ئارەقە، هەروەها کۆمپانیای خاوەنداری بانکی ڕیبەوی، ئەمانە بەشداریکردن لە پشکەکانیاندا حەرامە، بەشی دووەم: ئەو کۆمپانیایانەی خاوەن پڕۆژەی خزمەتگوزاری زیندوون، هەرچەند لەگەڵ بانکە ڕیبەوییەکان مامەڵە دەکەن لە پێدان و وەرگرتنیاندا ڕیبای تێدەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمپانیای خزمەتگوزاری زیندوون و گەل و نەتەوەکان بە بەشداری ئەوان نەبێت ئیشیان ناڕوات، ئەوانە دروستە بەشدارییان لەگەڵ بکرێت، بەشی سێیەم: ئەو کۆمپانیایانەن هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ بانکە ڕیبەوییەکاندا نییە و حەرام لە پشکەکانیاندا نییە ئەوانەش هیچ ڕێگرییەک نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، وەرگێڕ.

بینینە لە ماڵی حەرام و لە داهاتی پشکەکانی، بەڵکو دەبێ دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، هەژمارکردنی ئەو ڕەگەزە بەتایبەتی ئەگەر گۆترەکارییەکی ورد بێت بە ئامراز و میکانیزمە تازەکان، یان بە کۆمەکی خەڵکی شارەزا بێت، زۆر ئاسان بووە، ئەمە لەو بازنەیەدایە کە هەموو خەڵک گیرۆدە بوون پێوەی، بەم ڕێگەیە کارئاسانی بۆ خەڵکی دەکەین و بەبێ ئەوەی لە ڕێگەی وەبەرهێنانێک کە لەبەر بچووکی پاشەکەوتەکەیان، هیچ بەدیلێکیان نییە، بێبەشیان بکەین، لە هەمان کاتدا لە حەرامیش دەیانپارێزین.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە تێبینی بکرێت کە شەریکایەتی بچووکی بازرگانی و پێشبڕکێی بازرگانی (المضاربة) لەبەر دەگمەنی پاراستنی ئەمانەت - بەداخەوە - لەم سەردەمەدا زۆر مەترسیدار بووە، وای لێهاتووە ئەو کەسەی بۆ وەبەرهێنان ماڵەکەی دەخاتە چنگی یەکێکیترەوە، لەبەر تێکچوونی ئەستۆپاکی خۆی دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە، ماڵەکەی دووچاری ئەوە دەبێت وەکو هەڵم بە هەوادا بچێت، نەخوازەڵلا کە زۆرێک لەوانەی پاشەکەوتێکی بچووکیان هەیە، وەکو هەتیو و بێوەژن، کە ناتوانن خۆیان کار بۆ خۆیان بکەن، کە هەر سەردەمە و حوکمی خۆی هەیە، کە شەرعزانەکان لە بۆنە جیاوازەکاندا چەندین بڕیاری بەدەر لە بنەما گشتییەکەیان داوە، پاساوەکەشیان تێکچوونی ڕۆژگار بووە.

ئەمەو لە کاتی بوونی کۆمپانیای خاوەن پشک کە پێداویستی پێدا بین دەکرێت و لە پێدان و وەرگرتنیدا مامەڵە بەسوود ناکات، پێویستە لەسەر بەشداربووان و خاوەن پشکەکان مامەڵە و سەودا لەگەڵ ئەو کۆمپانیانانەدا نەکەن کە لە کاتی پێویستدا بەسوود قەرز دەکەن و سامانەکانیان لە بەرانبەر زیادەیەک لە کۆمپانیاکاندا دادەنێن.

دەرهێنانی مۆڵەتی کۆمپانیا پشکدارەکان و سەنەدی شەرعیان:

- بنچینەی گرفتاری گشتی و لادانی نارەحەتی:

ئەمە بناغەیەکی شەرعی گشتیە، لقێکە لە کۆی مەبەستە گشتییەکانی شەریعەت، ئەوە ئەو مەبەستەیە کە قورئانی بەرز لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ (الحج: ٧٨). واتە: ئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵیبژاردوون و

لە ئاین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی ناڕەوا و قورس و گرانی لەسەر دانەناون (کە نەتوانن ئەنجامی بدەن). یان دەفەرموێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرة: ٢٨٦).

بەدرێژایی ڕۆژگار شەرعزانی مەزهەبەکان چەندین لقی فیقهی و فەتوایان بەپێی ئاڵوگۆڕی کات و جیاوازی شوێنەکان و نۆرەی بارودۆخە کتوپڕ و سەرهەڵدانی ڕووداوە تازەکان داناوە و بەرجەستە کردووە، تەنانەت لە کاروباری خواپەرستی و کڕین و فرۆشتن و تاوانەکاندا، دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درود و سەلامی خوای لەسەر) لەبارەیانەوە زیاتر بنەما شەرعییەکان جێگیرتر دەکات.

پشتڕاستکراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە کە چاوپۆشی لە بەرماوەی پشیلە کردووە ئەگەر لە قاپێکدا خواردبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بە دەقی فەرمودەیەکی تر لە ئاژەڵە درندەکانە، لە بنەڕەتدا بەرماوەی پیسە، بەڵام پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پاساوی ئەو چاوپۆشییەی بەوە داوەتەوە: "إنَّها منَ الطَّوَّافينَ عليكم".[1] واتە: پشیلە پیس نییە، زۆر تێکەڵن لەگەڵتان و بەردەوام لە دەوروبەرتانن. ئاماژەیە بۆ ئەوەی خۆپاریزی لە بەرماوەکەی گرانە، چونکە لە ماڵدا دەگەڕێت و بەهەموو کون و قوژبنێکدا دەڕوات و لەسەربانەوە دادەبەزێتە ناوماڵ، وەکو شەرعزانەکان باسی دەکەن ئەمە دەچێتە خانەی گرفتاری گشتییەوە، لەکاتێکدا ئیمام محەمەد حەسەنی کوڕی شەیبانی چوو بۆ ڕەی، ڕووباری دێیەکانی بینی پەرژینیان بۆ نەکراوە، ناشتوانن پەرژینی بۆ بکەن، ئاژەڵ لە نێوان ڕووباری لادێکاندا دەلەوەڕان و هەندێکات پشقلەکانیان

---

[1] رواه النسائي وابو داود واللفظ له، وصححه الألباني، تەماشای سەرچاوانە بکە:

- السجستاني، سنن أبي داود، مرجع سابق، كتاب: الطهارة، باب: سؤر الهرة، ص٣٣، حديث رقم: (٧٦)،
- النسائي، المجتبى من سنن النسائي، مرجع سابق، كتاب: الطهارة، باب: سؤر الهرة، ص٢٥، حديث رقم: (٦٩).
- الألباني، صحيح سنن أبى داود، مرجع سابق، كتاب: الطهارة، باب: سؤر الهرة، ج١، ص١٣٣ - ١٣٤، حديث رقم: (٦٩).

دەکەوتە ڕووبارەکەوە لەگەڵ ئاوی دەولکەدا ئەهاتە دەرەوە، خۆپاریزی زۆر گران بوو، بۆیە فەتوایدا بەچاوپۆشی لەو پشقلانەی دەکەونە ڕووبارەکەوە، ڕووبارەکەش لەبەر گرفتاربوونی گشتی پاکە.

له شایەتیداندا بڕیاریانداوە لە کاتی تێکچوونی ڕۆژگار و بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و دەگمەن بوونی دادگەریدا و لەبەر گرفتاری گشتی و بۆ ئەوەی ئەگەر داوای دادگەری تەواو لە شایەت بکرێت دادگا لەکار دەکەوێت، لە دادگادا شایەتی ئەو کەسە وەردەگیرێت کە لەوانیتر باشتر بێت.

بنچینەی پێداویستی (الحاجة):

بنچینەی پێداویستی گشتی ئەویش بناغەیەکە کۆڕایی (الإجماع) لەسەرە، دەرگایەکی لە تێڕوانینی شەرعزانەکان پێدەکرێتەوە کە بە گشتی دەقەکان خوازیاری داخستنیانن، لەبەر ئەوەی شەریعەتی بەڕێز و میهرەبان نەهاتووە دەرگای پێداویستی ڕاستەقینەی هاووڵاتیان دابخات، بەڵکو هاتووە بۆ بەدەمەوەچوونی پێداویستییە ڕاستەقینەکان کە بارودۆخی ژیان پەکی لەسەری کەوتووە و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەروەها هاتووە بۆ ڕێگری لە پێداویستییە وەهمی و درۆینەکانی وەکو: سوو و ئارەق، هەروەها بۆ پوچەڵکردنەوەی نەریتە خراپ و گەنیوەکان، کە سەردەکێشن بۆ زیان و دوژمنایەتی و بەزاندنی سنووری ئەوانیتر، وەکو: تۆڵەسەندنەوە لە بێتاوان بەهۆی تاوانکاریکی هۆزەکەی، یان کوشتنی منداڵ لە ترسی هەژاری و نەبوونی، هەروەها خراپەی هاوشێوەی ئەمانە کە لە کۆمەڵگەی نەفامیدا بە پێداویستییەکی زیندوو دانراوە.

بەڵام پێداویستییە ڕاستەقینەکان کە بە گوێ بۆ نەگرتنیان بەرژەوەندییە زیندووەکان کە پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک و ژینگە و سروشتیانە دەفەوتێت، هەروەها بە لەناوچوونیان زەحمەت و قورسایی وماندوبوون پەیدا دەبێت، شەریعەتیش داوای نەکردووە ئەو کۆڵەگرانە بخەنە سەرشانیان، ئەوە شەریعەت بەدەم ئەو جۆرە داوا ڕەوایانەوە دەچێت.

وەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە بنچینەی پێداویستی سوننەتی پێغەمبەر دەلالەتی لەسەر کردووە، کە دەڵێت: "کاتێک پێغەمبەر(درودی خوای

لەسەر) ڕێگریکرد لە بڕینەوەی دار و پووش لە حەرەمی مەککەدا، پێیانوت: ئەوان بۆ دارەڕای خانووەکانیان پێویستیان بە (إذخر)ە، پێغەمبەریش فەرمووی جگە لە (إذخر).[1]

ئەم دەقە ئاماژەیە بۆ بنەمایەکی فیقهی لە ڕەچاوکردنی پێداویستییە ڕاستەقینەکان. جێبەجێکردنی بنەمای ڕەچاوکردنی پێویستی (الحاجة) لە فیقهی مەزهەبەکاندا زۆر و بڵاوە، تەنانەت ئەوان لەبەر پێویستی چاوپۆشییان لە هەندێک کڕین و فرۆشتن کە نادیارە و لەوانەیە زیانەکەی ڕوون و بەرچاو بێت (الضرر الفاحش) کردووە، لە هەموویان دیارتر ڕێگەدانە بە گرێبەستی خەڵات (الجعالة) لەگەڵ ئەوەی ناڕوونییەکی ئاشکرای تێدایە، ئەو ڕێگەپێدانەش لەبەر پێداویستییەکە لە زۆر بواری مامەڵەدا هاندەری ئەو گرێبەستەیە، لە بابەتی مامەڵەی نادیار و داکۆکی لێکردنی لەبەر پێویستی ئیبنو تەیمیە وتەیەکی بە نرخی هەیە، لە ڕووی فیقهیەوە بەرچاو ڕوون دەکاتەوە، هەروەها قوتابیەکەشی ئیبنولقەیم (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، لەسەر بنەمای بنچینەی پێداویستی دەستەی فەتوا وایدەبینێت کۆمپانیا پشکدارەکان کە لەم سەردەمی دواییەدا بە هۆی گۆڕانکارییەکانی ژیانی سەردەم و دەسکەوتە زانستی و بارودۆخی ئابووری و دەستەبەر کردنی خزمەتگوزارییە گەورەکانی وەکو: کارەبا و تۆڕەکانی ئاو و تەلەفۆن و هاتوچۆ و بەرهەمهێنانی بەروبوومە سروشتی جۆربەجۆرەوە دەرکەوتوون کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەکەڵکە، هەموو ئەمانە وادەکەن دامەزراندنی کۆمپانیای پشکدار پێویستییەکی زیندووی گشتی بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگەدان بە پشکەکانی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت.

---

[1] بەدرێژی تەماشای ئەم شوێنانە بکە:

ـ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: اللقطة، باب: كيف تعرف لقطة أهل مكة، ص٤٥٧، حديث رقم: (٢٤٣٤).

ـ مسلم، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: الحج، باب: تحريم مكة وصيدها وخلاها، ص٥٣٤، حديث رقم: (١٣٥٣).

دوای پەسـەندکردنی ڕێگەدان بەم جۆرە کۆمپانیـانە لەبەر پێویستی گشتی، ئەوکاتە بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی پشکەکانی و وەرگرتنی قازانجەکانیشیان دووبـارە دەبێـتە پێداویسـتییەکی گشـتی، بەتـایبەت بـۆ ئەوانەی پاشـەکەوتێکی کەمیـان هەیە وەکـو هەتیـوو، بێـوەژن و هەمـوو ئەوانەی نـاتوانن بە سـامانە زیادەکانیـان پـڕۆژەی بازرگـانی و کـڕین و فرۆشـتن بە زەوی و خـانووەوە بکەن، ئەم چینانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجی پێشوو کە وتمان دەبێ خۆی لە ڕەگەزی حەرام بپارێزێت و لە هەر شوێنێک هەستی پێکرد سووی تێکەوتووە بە ئەنـدازەی ئەوە لە مـاڵەکەی بەبـێ ئەوەی بیخـاتە بەر زەکـات و صـەدەقە، بیدات بە هەژاران، ئەو گومـانەش هەڵەیە کە دەوترێت مـادام کۆمپانیـا سـووی تێکەوتووە ئیتر هەمووی حەرام دەبێت و حەرام و حەڵاڵ لێک جودا ناکرێنەوە، چـونکە خـودی مـاڵەکە خـۆ ئـارەق و بەراز نییـە حەرام بێـت، بەڵکـو هەنـدێک حەرامی تێکەڵبووە بەو ڕێگەیەی ئێمە جودا دەکرێتەوە.

ئیبنـــو عەرەبـــی لە (ڕاڤەی ئایەتەکـــانی ئەحکـــام)دا لە وەڵامـــی ئەوانەدا هێناوییەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (البقرة: ٢٧٨). واتە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، پارێزكـار و خوانـاس بـن و واز لـە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن.

" هەنـــدێک لەوانەی زیادەڕەویـــان لە وەرع و خۆپارێزیـــدا کـــردووە، وایبۆچـوون مـاڵی حەڵاڵ کە بە جۆرێـک حەرامـی تـێکەڵ بـوو لێـک جـودا نەکرانەوە، با ئەندازەی حەرامەکەشی لێدەرکات، هەر حەڵاڵنابێت و پاکنابێتەوە، چـــونکە دەگونجێـــت ئەوەی دەریکـــردووە حەڵاڵەکە بێـــت و حەرامەکە هەر مابێتەوە، ئەمە غولوو زیادەڕۆییە لە دیندا".[١]

پێویستە لەم شوێنەدا ئەوە تێبینی بکرێت ئەگەر تەنها بە گومانی دوور، یان لاواز تەنـــگ بە موســـڵمانان هەڵچنـــین لەگەڵ پێداویســـتیان وەکـــو پشـــکی کۆمپانیاکان کە لە خودی خۆیان و سروشتیاندا هیچ ڕێگرێکی شەرعی نییە، ئەو کـاتە ئـێمە لە بـوارێکی گەورەی چـالاکی ئـابووری کە لە هەمـوو وڵاتـانی

[١] ابن العربی، أحكام القران، مرجع سابق، ج١، ص٢٤٥.

هاوچەرخدا بنەڕەتییە دایاندەبڕین، ئەوکاتە ئەو خزمەتگوزارییە گەورانە لە دەستی غەیری خۆیاندا دەبێت، مادام دەتوانین لە ڕەگەزی قەدەغەکراو بیانپارێزین بەرژەوەندی وا دەخوازێت تەنگیان پێهەڵنەچنین.

هەندێک کات لە ئاڵوگۆڕپێکردنی بەشی ئەم کۆمپانیا پشکدارانەدا گومانێکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە پشک بەشێکی بەربڵاوە لە کۆی سامانی کۆمپانیاکە و مافەکانی وەکو: دراوی سائیلە و کەلوپەلی بەنرخ، یان قەرزی سەر خەڵکی، کڕین و فرۆشتنی پشک، واتە ئاڵوگۆڕپێکردنی هەموو ئەمانە لە کۆمپانیادا بەو نرخەی پشکەکەی پێدەفرۆشرێت، کەوابێ بەشێک لەم فرۆشتنە پارەیە، دەبێ لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا پێدان و وەرگرتن هەبێت، لەکاتێکدا هەندێک لەم فرۆشراوە قەرزەو لە ئەستۆی کەسێکی تردایە، ئەمە لە ڕیزی قەرز فرۆشتنە بە کەسێک کە قەرزەکەی لەلا نیە، ئەمەش دروست نییە.

وەڵامی ئەم گومانە ئەوەیە ئەوەی پشتڕاستکراوەتەوە لە مەزهەبەکان و بنچینە فیقهیەکان، ئەوەیە ئەوەی دەبێتە پاشکۆی کڕین و فرۆشتن، کە خودی خۆی بنچینەو مەبەست نییە، مەرجە شەرعییەکانی تێدا ڕەچاو ناکرێت، لەلایەکی تریشەوە شەرعزانەکان ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە کە زۆرینە حوکمی گشت (الکل)ی بەسەردا دەچەسپێت، ئەنجامیش بۆ زۆرینەیە.

لە بەرگی حەوتەمی فەتواکانی شێخ محەمەدی کوڕی ئیبراهیم ئەلشێخ، موفتی شانشینی عەرەبی سعودیدا (خوا لێی خۆش بێت) سەبارەت بە کۆمپانیا پشکدارەکان و ڕێگەدان بە ئاڵوگۆڕی پشکەکانی و کڕین و فرۆشتن پێیانەوە، هاتووە: "ئەگەر بوترێت لەو کۆمپانیانەدا دراو هەیە، فرۆشتنی دراویش بە مەرجی خۆی نەبێت دروست نییە، دەڵێین: دراوو پارەکان لێرەدا پاشکۆ و شوێنکەوتەیە خۆیان مەبەست نین، بەم شێوەیەش حوکمی سەربەخۆی نییە، بۆیە مەترسی سوو نامێنێت، وەکو لە فەرموودەی ئیبنو عومەردا باسی دێت".

ئەگەر بوترێت کۆمپانیا قەرزی لەلای خەڵکیە، یان ئەو پشکانەی فرۆشراون بەشێک لە قەرزیان تێدایە کە لەوانەیە لەسەر ئەصڵی کۆمپانیاکە بێت، قەرزیش لە ئەستۆی کەسێکی تر بێت بە خاوەنی قەرز ئەویش بەمەرجی خۆی نەبێت دروست نیە، ئەڵێین: ئەمەش دووبارە لە شتە پاشکۆکانە و حوکمی

سەربەخۆیان نییە، فەرموودەی مەرفوعی ئیبنو عومەریش بەڵگەیە لەسەری: "مَـنْ ابْتَـاعَ عَبْـدًا وَلَـهُ مَـالٌ فَمَالُـهُ لِلَّـذِي بَاعَـهُ إِلَّـا أَنْ يَشْـتَرِط".[1] واتە: ئەگەر کەسێک کۆیلەیەکی فرۆشت ماڵ و سامانی هەبوو، ماڵ و سامانەکەی بۆ فرۆشیارە، مەگەر کڕیار بە مەرجی بگرێت.

گشتگیری فەرمووودەکە مەبەستی ئەو ماڵەیە بەدەستی کۆیلەکەوەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە قەرزە لای خەڵکی، فەرمووودەیەکی تری ئیبنو عومەر دووبارە ئەو مانایە دەردەخات: "مَنْ بَاعَ نَخْلًا قَدْ أُبِّرَتْ فَثَمَرُهَا لِلْبَائِعِ، إِلَّا أَنْ يَشْتَرِطَ المُبْتَاعُ".[2] واتە: کەسێک باخە خورمایەکی پێگەیوو بفرۆشێت بەرەکەی بۆ فرۆشیارە، مەگەر کڕیار بە مەرجی بگرێت، بەڵگەی ئەم فەرمودەیە لەوەدایە، فرۆشتنی بەرروبوم پێش گەیشتنی دروست نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشکۆی ئەصڵەکەیە چاوپۆشی لێکراوە، ئەگەر بە گرێبەستێکی جودا بوایە ئەو چاپۆشیە نەدەکرا،[3] شەیخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەربارەی ڕێگریکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە فرۆشتنی بەروبوم لەسەر دار پێش گەیشتنی، باسی ئەوەی کردووە ئەگەر لە باخێکدا جۆرەها دار هەبوو بەرەکەی سەریان هەمووی فرۆشرا، بەبێ ئەوانیتر هەندێک لە میوەکان گەیشتبوون، ئیبنو تەیمیە لە دروستی ئەم مامەڵەیە دوو قسەی هەیە: یەکێکیان دەڵێت دروستە، ئەویتریان ڕێگرییە، کە وتوویەتی: "قسەکردن لەبارەی

---

[1] متفق علیە، واللفظ للبخاري، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ـ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: المساقات، باب: الرجل يكون له ثمر أو شرب في حائط أو نخل، ص٤٤٦، حديث رقم: (٢٣٧٩).

ـ القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: البيوع، باب: من باع نخلاً عليها ثمر، ص٦٢٦، حديث رقم: ٨٠ – (٢٢٠٤).

[2] متفق عليه واللفظ للبخاري، تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب البيوع، باب: من باع نخلاً قد أبرت، ص٤١٠، حديث رقم: (٢٢٠٤).

ـ القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: البيوع، باب: من باع نخلاً عليها ثمر، ص٦٢٥، حديث رقم: ٧٧ – (١٥٤٣).

[3] واتە: ئەگەر بە تەنها بەبێ دارەکە فرۆشرا.

دروستیەوە ئەوە قسەی لەیسی کوڕی سەعدە"، لەیس فرۆشتنی هەموو بیستانەکەی بە دروست زانیوە، ئەگەر جۆرێکیان پێگەیوو بوو، هەروەکو فرۆشتنی یەک جۆری بە دروست زانیوە ئەگەر هەندێکی پێگەیی بوو، چونکە لێک جوداکردنەوەیان زیانێکی مەزنی تێدایە، ڕووی زیانەکەشی ڕوونکردۆتەوە".[1] پاشان وتوویەتی: "ئەم قسە یە لە قسەی دووەم کە دەنگیداوەتەوە کە ڕێگری ڕەهایە بەهێزترە، لێرەدا ڕێگەپێدان تەنها بۆ کاتی پێویستە، پاشان بەم قسەیە کۆتایی بەم بابەتە هێناوە: "نهێنی شەریعەت لە هەموو ئەمانەدا: کارێک ئەگەر خراپەی لەخۆی گرت، لەوەدا ڕێگری لێدەکرێت، مەگەر بەرژەوەندییەکی پەسەند لەبەرانبەریدا بوەستێت، وەکو خواردنی مردارەوەبوو بە ناچاری، فرۆشتنی نادیار ڕێگری لێکراوە، چونکە لە جۆری قومارە کە سەردەکێشێت بۆ خواردنی ماڵی خەڵکی بەفیڕۆ، ئەگەر زەرەرێکی گەورەتر هاتە ڕێگەی بۆ لادانی خراپە گەورەکەیان، چاوپۆشی لە بچووکەکە دەکرێت، خوا زاناترە".[2]

### حەوتەم: بواری جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی:

دیاریکردنی بواری سیاسەتی شەرعی پشت بە پێناسە و چەمکەکانی دەبەستێت، لەسەر ڕای ئەو شەرعزانانەی پێناسەی سیاسەتی شەرعیان بەرتەسک کردۆتەوە: شەرعێکی زبرە، تایبەت کراوە بە بواری سزادانەوە، هەروەها زبر نیشاندانی هەندێک حوکم وەکو پێبژاردنی پیشەسازەکان، ئەم ڕێڕەوە لە بواری تاوان و قەزاوەتدا دەسەڵاتێکی زۆر دەدات بە دەسەڵاتی گشتی، بەڵام لە بواری کڕین و فرۆشتن و عیبادەتدا دەسەڵاتی گشتی پێوەندی دەست و پێی دەکات، وایدەبینێت وەکو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکان کڕین و فرۆشتن و عیبادەت بواری سیاسەتی شەرعی نییە، بەڵکو ئەوە کارێکی

---

[1] الحراني، تقي الدين أحمد بن عبدالحليم بن تيمية، مجموع الفتاوى ابن تيمية، جمع وترتيب: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي، المدينة المنورة: مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، ١٩٩٥م، ج٢٩، ص٤٨٢ ـ ٤٨٣.

[2] المرجع السابق، ج٢٩، ص٤٨٣.

تایبەتی تاکە، یان شەئنی کۆمەڵگەیە، بۆیە لە ڕووی شەرعیەوە عیبادەت چاوەڕانی بڕیاری ئیداری دەسەڵاتی گشتی ناکات، بەڵام ئەوەی دەیەوێت پێناسەی سیاسەتی شەرعی فراوانتر بکات، ئەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی دەیکات بە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، لای ئەو بواری سیاسەتی شەرعی فراوانە بۆیە ڕێکوپێکردنی ئەو شتانە دەگرێتەوە پەیوەندی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە.

بۆ نموونە بەپێی ئەو ڕێڕەوەی باوەڕی بە فراوانکردن هەیە، وتاری هەینی دەچێتە بواری سیاسەتەوە، سەرەتا لەلایەن حەنەفییەکانەوە بە بێ ڕەزامەندی ئیمام دروست نییە، واتە بە بڕیارێکی ئیداری ڕێگە بە دروستکردنی مزگەوت دەدرێت، ئەگەر مزگەوت بەبێ مۆڵەتی ئیمام دروستکرا جومعەی تێدا دروست نییە، بەڵام شافیعییەکان وای بۆ دەچن سیاسەت و بڕیاری ئیداری پەیوەندییان بە دروستی عیبادەتەوە نییە، لەبەر ئەوەی عیبادەت بە تەواوکردنی پایە و مەرجەکانی دادەمەزرێت، کە مۆڵەتی ئیمام لەنێویاندا نییە، ڕای حەنەفیەکان و شافیعییەکان لە دیاریکردنی وتاری هەینیدا لێکۆڵینەوەیان لە مافی دەوڵەت نەکردووە، کە بە دیاریکراوی ئەمە گرنگی لێکۆڵینەوە لە بواری سیاسەتدا ڕوون دەکاتەوە، چ کاتێک دەوڵەت لەبەر بەرژەوەندی دەتوانێت دەست بخاتە کاروباری ئاینیەوە، چ کاتێکیش جێی دەهێڵێت بۆ ئازادی گشتی.

بواری سیاسەت لە دوو بەشدایە، یان لە ئەحکامدایە و لە سەرەتاوە یاسا و تەشریع دادەنرێت و چارەسەری ئەنجامی جێبەجێکردن دەکرێت، یان لە ڕێکخەرەکان و دۆزینەوەی دامەزراوەکاندایە، ئەگەر لە ئەحکامدا بوو، ئەگەر لە بابەتەکەدا دەقێک هەبوو دەبێ پلانی پێویست دابنرێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستی حوکمەکە، ئەم پلاندانانەش لەوانەیە پێویست بە گۆڕینی هەندێک حوکم بکات، وەکو سنووردارکردنی ڕێگەپێدراو، یان ڕێگەدان بە هەندێک قەدەغەکراو، هەندێک حوکمیش هەیە وەکو حوکمەکانی خواپەرستی و بنچینەکانی ئەخلاق، سیاسەت دەبێ پارێزگارییان لێبکات.

ئەگەر بابەتەکە دەقی لەسەر نەبوو، ئەوکاتە لە سیاسەتی شەرعیدا ئەبێ ئاوڕ لە بنەما کوللیەکان بدەینەوە و لە کاتی تەشریعدا بە دوای

بەرژەوەندییەکانـدا بگەڕێـین، کە ئەویـش دەچێـتە چوارچێـوەی بەرهەمەکـانی فیکری تەشریعیی مرۆڤەوە.

بەڵام لە ڕووی ڕێکـخەرەوە بە دروسـتکردنی دامەزراوەکـان دەبێـت وەکـو دامەزراوەی دادوەری و دامەزراوەی شـورا و دامەزراوەی پاراسـتنی مافەکانی مـرۆڤ، کە چاوسـاغی خەڵکی دەکەن، هەروەهـا بە پێکهێنـانی چەنـد دەزگـایەک کە ئەم سیاسـەتانە جێبەجێ بکات، هەروەها کار بکات بۆ نەهێڵانی کەلێنەکـان و پەرەپێدانی جێبەجێکردنەکانیان، لە هەموو ئەمانەشـدا مەبەسـتی خـاوەنی شـەرع ڕەچـاو دەکرێـت، لەبەر ئەوەی سیاسـەتی شـەرعی ئەو ئەحکامـانە جێبەجـێ دەکات دەقیـان لەبـارەوە هەیە، لەهەمـان کاتـدا ئەو شـوێنانەی دەقیـان لەبـارەوە نییە ئاوڕ لە کوللیاتەکان دەداتەوە.

لەسـەر بنەمـای ڕاگرتنـی هاوکێشـە لە نێـوان دەق و بەرژەوەندیـدا، چەنـدین دەق و حوکمی شـەرعی هەیە سیاسـەت ناتوانێت هەمواریان بکاتەوە، یـان لەبەر هەندێک دۆخی کتوپڕی کارپێکردنیان بوەستێنێت، چونکە ئەو دەقـانە پەیوەنـدن بە کوللیـاتە نەگۆڕەکـانی شــەریعەتەوە، وەکـو دەقە جـوزئیە بڕاوەکـانی وەکـو یاساکانی خێزان، حوکمەکانی سنووره شـەرعییەکان، حوکمەکانی میـرات، یـان ئەو دەقانەی پەیوەندییان بە هەندێک بەرژەوەندی دامەزراو و نەگۆڕەوە هەیە، کە بە جۆرێـک هـاتوون مەبەسـتی خـاوەنی شـەرع تیایانـدا ڕوون و ئاشـکرایە، هەروەها پەیوەندییان بە بەرژەوەندی جیدیەوە هەیە کە بەردەوامـی کۆمەڵگەی پێوە وەستاوە، دەبێ وەکو قەوارەی سیاسـیی و ئابووری و ئەخلاقی ئوممەت پارێزگارییان لێبکرێت، کۆی ئەمـانە پێیـان دەوترێت توونـدوتۆڵکردنی ئیجتیهـاد، لە هـیچ بارودۆخێکـدا دەسـتکاری نـاکرێن بـۆ ئەوەی نـوێکردنەوە نەبێـت بە لەناوبردن.[1]

[1] الدريني، خصائص تشريع الاسلامي في السياسة والحكم، مرجع سابق، ص١٨٦، تەماشای ئەم سەرچاوانەش بکە:

ـ الدريني، فتحي، المناهج الأصولية فى الإجتهاد بالرأى في التشريع الإسلامي، دمشق: الشركة المتحدة ١٩٨٥م، ص٦٤ و ١٩٨.

لەگەڵ ئەوەی سنووره شەرعییەکان بە دەقە جوزئیەکان جێگیر بووە، بەڵام هـاوەڵە بەڕێزەکـان لە غەزادا لەبەر تێکگیرانـی بەرژەوەنـدییەکان لەو کاتـانەدا جێبەجێکردنی هەندێک سزایان دواخستووە.[١]

لەکاتی وردبوونەوە لەو نموونەیەی تێپەڕی، دەبینین ئەو دەقە شـەرعییەی فەرمان بە ڕاییکردنی حەد لەسەر ئەنجامدەری ئەو حەرامانەی سزای حەدیان لەسەرە، کتوپڕی بەمەرج دانەناوە، بەڵکو دەقەکە فەرمان بە ئەنجامدان دەکات، وەکـو ئوصـولیەکان جێگیریـان کـردووە فەرمـان (الأمـر) نە کتـوپڕی (فەوری) لێوەردەگیرێت، نەک دواخستن، بەڵکو جێبەجێکردنی لێوەردەگیرێت.[٢]

لەســەر ئەم بنەمــایە، دســتێوەردانی سیاســەتی شــەرعی لە مەســەلەی حەددەکانـدا، لەو شـوێنە نیـیە دەق فەرمـانی جێبەجێکـردن دەدات، بەڵکـو لەو شـوێنەیە دەق لێـی بێـدەنگ بـووە، ئەویـش کـاتی جێبەجێکـردنە، کە جێهێڵـراوە ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی بڕیـاری لەســەر دەدات، کە بـوارێکی بە پیـتە بـۆ سیاســەتی شــەرعی، بەتەئکیـد جێگیــر بــووە کاتێــک بەرکەوتــن لە نێــوان جێبەجێکردنـی حەد و بەرژەوەنـدییەکی شـەعیدا پەیـدا بـوو کە خـاوەنی شـەرع نایەوێـت لەدەســت بچێــت، وەکــو کــاتی بەردبــارانکردن (رجــم)ی ئــافرەتە سـکپڕەکە،[٣] پێغەمــبەر (درودی خــوای لەســەر) ڕەجمکــردنەکەی دواخســت، چــونکە جێبەجێکردنــی حەدەکە دەبــووە هــۆی لەبــارچوونی کــۆرپەکە و دەستدرێژیکرنە سەرمافی لەژیاندا، هەروەها شـەرعزانە موسڵمانەکان فەتوایان داوە حەد لەســەر نەخـۆش[٤] جێبەجـێ ناکرێـت، هەروەهـا لە کـاتی سـەرمادا جێبەجێ ناکرێت، چونکە جەڵد لێدان لەوکاتەدا دەبێتە هۆی سزایەکی زیاتر لەوەی بەشێوەیەکی گشتی بڕیاری لەسەر دراوە.

---

[١] أبو يوسف، الخراج، مرجع سابق، ص٣٦٠.

[٢] الدريني، المناهج الأصولية في الإجتهاد بالرأي في التشريع الإسلامي، مرجع سابق، ص٥٤.

[٣] القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: الحدود، باب: من اعترف على نفسه بالزنا، ص٧٠٥، حديث رقم: (١٦٩٦).

[٤] ابن نجيم، البحر الرائق شرح كنز الدقائق، مرجع سابق، ج٥، ص١١.

شـــەرعزانەکان پاســـاوی هەڵوێســـتەکەیان بە لەبەرچـــاوگرتنی ئەنجـــام دەهێننەوە، بۆیە دەڵێن: "ئێمە فەرمانمان پێدراوە جەڵدی لێدەین نەک بیمرێنین" لێدانی جەڵد لە نەخۆش سەردەکێشێت بۆ مردن، هەروەها لە سەرمای زۆردا سەردەکێشێت بۆ سزایەکی زیاتر لەوەی شەرع بڕیاری داوە، سزای زیاتریش حەرامە، بە بنیاتنـان لەسـەر ئەوەی تێپەڕی، لە مەسـەلەی دەقە جوزئیەکانـدا دەبێ بە قەتعـی واتـای دەق وا دیـاری بکرێـت کە قـابیلی هەمـوار کـردن و دەستکاری نەبێت، دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەصڵی بیرۆکە کە بڕاوەیی هاتووە، لەگەڵ کاتی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی کە ئەوە جێهێڵراوە بۆ سیاسـەتی تەشریع کە مەبەستی خاوەنی شەرع بێنێتەدی.

لەســـەر بنـــاغەی ئەوەی تێـــپەڕی هەنـــدێک ئەحکـــام هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەسـتە بە هۆکارێـک، یـان بەرژەوەنـدییەک، یـان هـاتووە بـۆ چارەسـەری حاڵێکی دیاریکراو، ئەوانە قابیلی گۆڕانکارین، ئەم حوکمانە بوارێکی بەپێزە بۆ بەجێهێنـانی خواسـتی سیاسـەتی شـەرعی، لەبەرانبەریشـدا هەندێک حـوکمی تـر هەیە خـاوەنی شـەرع ویسـتویەتی هەمیشـەیی بێـت، وەکـو: ئەو حوکمـانەی پەیوەندییان بە سەرچاوەی چاکەکانەوە هەیە، هەروەها بنچینەکانی ئەخلاق کە سروشتی ساغ پشتیوانی لێدەکات، ژیانی هـیچ گەلێک بەبێ ئەوانە ڕاوەستاو نابێـت کە ئەو بنچینـانەش وەکـو نمـوونەی: پەیمـان بـردنە سـەر، دادگەری، پەیوەندی لەگەڵ خزم و کەس و سەردانی کردنیان، یەکسانی لەبەردەم یاسـا،" ئەمانە بنچینەگەلێکی بنەڕەتی نەگۆڕن هیچ ڕاڤە و تەئویلێک، یان پوچەڵکردنێک هەڵناگرن و لە ڕووی عەقڵیەوە جێگیرن".[1]

**بواری جێبەجێکردنی ئەحکامەکان لە سیاسەتی شەرعیدا:**

پەیوەندی حوکم بە بەرژەوەندییەکی گۆڕاوەوە:

لە بوارەکانی جێبەجێکردنی سیاسـەتی شەرعی پەیوەندی حـوکمی شـەرعییە بە بەرژەوەنـدییەکی گـۆڕاوەوە، چەنـد حاڵەتێـک هەیە سیاسـەتی شـەرعی لەو

---

[1] تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ الدريني، المناهج الأصولية في الإجتهاد بالرأي في التشريع الإسلامي، مرجع سابق، ص٦٤، لە باسی "المحكم".

حوكمــانەدا جێبەجــێ دەكرێــت كە حــوكمەكە پەیوەنــدی بە بەرژەوەنــدییەكی گۆڕاوەوە هەبێت، یـان حـوكمەكە شانبەشـانی نەریتێـك بێت، بەڵام نەریـتەكە گۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، یـان هەنـدێك بـارودۆخی تـازە تێكەڵ بە حـوكمەكە بووە، وایكردووە جێبەجێكردنی لە سـایەی ئەو بـارودۆخەدا سـەر بكێشێت بۆ وەزعێـك ئەو بەرژەوەنـدییە بە دیـنەیەت كە حـوكمەكەی بـۆ دانـراوە، چەنـد نمــوونەیەك لە كــرداری هــاوەڵان،[1] عــومەری كــوڕی خەتــاب بەشــی دڵڕاگیراوەكــان (مؤلفــة القلــوب)ی ڕاگـرت، لەبەر ئەوەی لە سـایەی دەوڵەتـی تـازەدا هـیچ بەرژەوەندییەك بەدی ناهێنێت،[2] هەروەهـا لە حـوكمی حوشـتری ونبوودا عوسمانی كوڕی عەفان فەرمانی كرد بە پێناسـەكردنی و فرۆشتنی، هەركـات خـاوەنی پەیـدا بـوو نـرخەكەی پێبـدرێت، لەكاتێكدا پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسـەر) فەرمـانی كردبـوو دۆزراوەی حوشـتر هەڵنەگیرێت، چـونكە ئـاو عەمبار دەكات و چەوری سـەر پشتی وزەی پێدەبەخشێت كە بەخۆیەوەیەتی.

ئەو كــردارانەی لە بــواری سیاســەتی شــەرعیدا لە پێغەمــبەرەوە (درودی خـوای لەسـەر) هاتوون، دەكرێن بە چەند جۆرێكەوە:

جـۆری یەكەم: تەشـریعێكی پابەنـد كـار نیـیە، بەڵكـو وەكـو ئەزمــوونێكی مرۆڤـایەتی باسـكراوە، ئەویـش وەكـو: هەڵبژاردنـی شـوێنی جەنـگ لە بەدردا، وەكو حوبابی كوڕی مونزیری كوڕی جەموح خۆی بۆمـانی باس دەكـات: "ئەی پێغەمبەری خـودا ئەم شـوێنەی هەڵتبژاردوە شـوێنێكە بەفەرمـانی خـودایە ئێمە نـابێ پێشـوو دوای تێدا بكەیـن، یـان ڕەئـی و جەنـگ و پـلان و داونـانەوەیە؟ فەرمووی: بەڵكو ڕەئی و جەنگ و پلاندانانە، وتـی: ئەی پێغەمـبەری خـودا ئەم شـوێنە لەبـار نییە، خەڵكەكە بەڕێبكە بـا بچینە سـەرچاوەی ئـاوەكە، پاشـان

[1] الشلبي، محمد مصطفى، تعليل الأحكام، القاهرة: مطبعة الأزهر، ١٩٤٧م، ص٣٧. بەدواوە.

[2] الجصاص، أبو بكر بن علي الرازي. أحكام القرآن الشهير بـ"تفسير الجصاص"، تحقيق: محمد القمحاوي، القاهرة: دار إحياء التراث العربي، ١٩٨٥م، ج٤، ص٣٢٧ – ٣٢٨. تەماشای ئەمانەش بكە:

ـ ابن كثير، تفسير القران العظيم، مرجع سابق، ص٨٨٨.

ـ الشلبي، تعليل الأحكام، مرجع سابق، ص٣٨.

هەموو بیرەکانی تر پڕدەکەینەوە، پاشان حەوزێک دروست دەکەین و پڕ لە ئاوی دەکەین، پاشان لەگەڵ دوژمن دەجەنگین و ئاوی خواردنەوەمان لەبەردەستە، ئەوان ئاوی خواردنەوەیان نابێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: "ئاماژەت بە ڕایەکی باشکرد".[1] هەڵوێستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە هەڵبژاردنی شوێنەکە لەسەر ئەزموون بوو، کە حوباب ڕایەکەی خۆی وت، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) پێی باشبوو.

لە پرسیارەکەی حوبابەوە دەردەکەوێت هاوەڵان لە سروشتی کارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تێگەیشتبوون، هەندێکیان تەشریعێکی پابەندکەرە، هەندێکیشیان ئەزموون و ڕاوێژکردنە، بۆیە حوبابیش داوای ڕوونکردنەوەی لە بڕیارەکەی پێغەمبەر کرد.

ئەم جۆرە کردارەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەسەر ئەزموون و ڕاوێژ بنیاتنراوە، بۆیە دەرگایەکی فراوانی سیاسەتی شەرعییە و بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەزموونی مرۆڤەکان، کە باشترین چارەسەر و پێشنیاری تێدا بکەن.

جۆری دووەم: تەشریعێکی پابەندکارە (تشریع ملزم)، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بەرژەوەندی گۆڕاو نەک جێگیر بنیاتنراوە، وەکو ڕێگری لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی لەسەر کۆمەڵێک لە عەرەبی دەشتەکی هەژار، کە لە ڕۆژانی جەژنی قورباندا هاتبوونە مەدینە، وەکو لە عەبدوڵڵای کوڕی واقیدەوە دەگێڕنەوە، وتوویەتی: "پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دوای سێ ڕۆژ ڕێگری کردووە لە خواردنی گۆشتی قوربانی، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر وتوویەتی: ئەوەم بۆ عەمرە باسکرد، ئەویش وتی: ڕاست دەکات، لە عائیشەم بیستووە دەیوت: "نَهَى رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ عن أكْلِ لُحُومِ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ، قالَ عبدُ اللهِ بنُ أَبِي بَكْرٍ: فَذَكَرْتُ ذلكَ لِعَمْرَةَ، فَقالَتْ: صَدَقَ، سَمِعْتُ عَائِشَةَ، تَقُولُ: دَفَّ أَهْلُ أَبْيَاتٍ مِن أَهْلِ البَادِيَةِ حَضْرَةَ الأضْحَى زَمَنَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فَقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: ادَّخِرُوا ثَلَاثًا، ثُمَّ تَصَدَّقُوا بما بَقِيَ، فَلَمَّا كانَ بَعْدَ ذلكَ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ، إنَّ النَّاسَ

---

[1] ابن كثير، السيرة النبوية "سيرة ابن كثير"، مرجع سابق، ج٢، ص١٩٧ - ١٩٨.

يَتَّخِذُونَ الأَسْقِيَةَ مِن ضَحَايَاهُمْ، وَيَجْمُلُونَ منها الوَدَكَ، فَقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: وَما ذَاكَ؟ قالوا: نَهَيْتَ أَنْ تُؤْكَلَ لُحُومُ الضَّحَايَا بَعْدَ ثَلَاثٍ، فَقالَ: إنَّما نَهَيْتُكُمْ مِن أَجْلِ الدَّافَّةِ الَّتي دَفَّتْ، فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا".[1] واتە: پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) ڕێگریکرد لە خواردنی گۆشتی قوربانی دوای سێ ڕۆژ، عەبدوڵلای کوڕی ئەبوبەکر وتی: ئەوەم بۆ عەمرە باسکرد، وتی: ڕاست دەکات، گوێم لێبوو عائیشە دەیوت: چەند ماڵێکی عەرەبی دەشتەکی لە کاتی جەژنی قورباندا لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) لەبەر نەبوونی هاتنە مەدینە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: تا سێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی هەڵگرن، پاشان ئەوەی مایەوە بیکەن بە خێر"، دوای ئەوە لە قوربانی داهاتوودا، وتیان ئەی پێغەمبەری خودا خەڵکی لە پێستی قوربانیەکاندا بەزوو پیوی تواوە هەڵدەگرن، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئەوە چی تێدایە؟ وتیان تۆ ڕێگریت لێکردین لە دوای سێ ڕۆژ قوربانی بخورێت، فەرمووی: من لەبەر هاتنی ئەو خەڵکە هەژارە ڕێگریم لێکردن، لە قوربانیەکان بخۆن و هەڵیگرن و خێری لێبکەن.

لەم فەرموودەیەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، یەکێک لە گێڕەرەوەکان کە عەبدوڵلای کوڕی واقیدییە کە نەوەی عومەری کوڕی خەتابە، وەکو ڕووداوێک بە مورسەلی ڕاستەوخۆ فەرموودەکە دەگێڕێتەوە، ئەوەی گوێی لێبێت وادەزانێت حوکمەکەی گشتییە، هەروەکو بوو بە ئیشکالێک لەلای موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، کاتێک لای کەسێکی لە خۆی شارەزاتر باسیکرد، کە ئەو ئاگای لە بارودۆخی فەرموودەکە هەبوو، بۆی ڕوونکردەوە کە ئەو فەرموودەیە چارەسەری ڕووداوێکی پێ کراوە، حوکمەکە گشتی نییە، ئەویش ئەوە بوو کۆمەڵێک هەژاری عەرەبی دەشتەکی ڕۆژەکانی قوربانی ڕوویان لە مەدینە کرد، بۆ چارەسەری ئەو دۆخە کتوپڕییە، هەروەها بۆ دڵدانەوەی ئەو کۆمەڵە هەژارە، پێغەمبەر بڕیارێکی سیاسی کاتی دەرکرد و ڕێگریکرد لە هەڵگرتنی قوربانی زیاتر لە سێ ڕۆژ، هەندێک وایانزانی ئەوە حوکمێکی

---

[1] القشيري، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب: الأضاحي، باب: بيان ما كان من النهى عن أكل لحوم الأضاحي، ص٨١٦، حديث: (١٩٧١).

گشـتییە، لە سـاڵی دوایـدا داوای ڕوونکردنەوەیـان لە حـوکمی هەڵگـرتن کـرد، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئاگاداری کردن، ئەو حـوکمە بـۆ بـارودۆخێکی تایبەتی بووە، بە نەمانی بارودۆخەکە حوکمەکەش نامێنێت.

ئەم جۆرە لە کردارەکانی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لە دوو لایەنەوە دەکرێت بە بەڵگە بۆ جێبەجێکردنی سیاسـەتی شـەرعی، لایەنـی یەکەم: دانـانی چارەسەرە سیاسییەکان بۆ کۆتوبەندکردنی مافی خاوەندارێتی، بۆ چارەسـەری بارێکی نا ئاسایی ناو کۆمەڵگە، هاوشێوەی ئەمە ئەو چارەسـەرە سیاسـییانەیە دەوڵەت بۆ باری نائاسایی هـاتوو ڕۆیشـتوو دایـدەنێت، یـان بە دانـانی گـومرگی کـاتیی بـۆ پارێزگـاریی لــە بەروبــوومی نــاوخۆیی، تـا باشــبوونەوەی بــارە نائاسـاییەکە، لایەنـی دووەم: فەرمـوودەکە ڕۆڵـی موجتەهیـد لە شـیکردنەوەی کـردار و ئەو فەرمــوودانەی پێغەمــبەر (درودی خــوای لەســەر) وتــوویەتی، هەروەهـا ڕوونکـردنەوەی ئەوەیـان کە تەشـریعێکی نەگـۆڕە، ئەوەشـیان کە بـۆ چارەسـەری بـارێکی نائاسـایی وتـراوە، بنەمـای گشـتی کە لە ڕوئیـای ئیسـلامی گشتیەوە وەردەگیرێت، ئەوەیە کە مرۆڤ لە خاوەندارێتیدا ئازادە، ئەم بنەمـایە لە کوللیاتی شـەریعەتی ئیسـلامیە، دوای ئەوەی کەسـێک سـێیەکی قوربـانیەکەی دەکـات بە خێـر، هەروەهـا سـێیەکی دەبەخشـێت، مـافی خـۆیەتی ئەوەی مـایەوە هەڵیبگرێت، هەر لە شوێنەواری ئەوەشە خواردنی و هەڵگرتنی.

لێرەدا ئەم فەرمـوودەیە وەکو عەبدوڵڵای کوڕی واقید دەیگێڕێتەوە، لەگەڵ ڕێڕەوەی گشتی مـافی خاوەندارێتی مرۆڤ لە موڵکومـاڵیدا یەکنـاگرێتەوە، بـۆیە بە پشتبەسـتن بە کەرەسـتەی شـیکاری ئوصـوڵی، موجتەهیـد هەڵدەسـتێت بە ڕاڤەکردنــی فەرمــوودەکە، بە جۆرێــک لەبەر ڕۆشــنایی کوللیاتەکانــدا لە جوزئیاتەکان تێبگات، هەروەکو ئەمە لەو پایانەیە موجتەهید بۆ ناسینی بۆنەی فەرمـوودەکە پشـتی پێدەبەسـتێت، ئەمەش هەمـوو کـات بەردەسـت نیـیە، لەبەر ئەوەی ڕواڵەتەکانی فەرمووده دەگێڕنەوە بۆ نیشـاندانی بەڵگەیە، بـۆیە هەنـدێک کـات باسـی بـۆنەی وتنـی فەرمـوودەکە و هەلـومەرجەکەی باسـناکەن، بـۆیە کێشانی فەرموودەکە بە پێوانەی مەبەستەکان و کوللیاتەکان کارئاسـانیمان بۆ دەکــات، چــونکە هەمــوو حوکمەکــانی شــەریعەت ئامانجیــان دەستخســتنی

بەرژەوەنـدی بەنـدەکانە، هەرکـات موجتەهیـد، یـان شــەرعزان، یـان کەسـێک بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکدا دەگـەڕێت تێبینـی کـرد جێبەجێکردنـی حـوکمە شەرعییەکە، بە واتا گشتیەکەی، بەرژەوەندییەک بەدەست ناهێنێت، ئەوە هێمایە بۆ ئەوەی گشتاندنی حوکمەکە لەگەڵ ڕێڕەوی گشتی شـەریعەتدا یەکناگرێتەوە، هەروەها لە هاوشێوەی ئەو حوکمانە نییە شـەریعەت هێناویەتی، ئەو کاتە بۆ بەدیهێنــانی بەرژەوەنــدی بەنــدەکان، هەڵدەسـێت بە تێگەیشــتنی ســەردەمی پێغەمــبەر ســەبارەت بەو حــوکمە تــا بیخــاتەوە ســەر بنچیـنە گشــتییەکەی شەریعەت.

ئەو نمـونەیەی ڕێگریکـردن لە هەڵگرتنی گۆشـتی قوربـانی، ڕوونکـردنەوەی بیـرۆکەکەی تێدایە، هەر کاتێک لە چارەسـەرە سیاسـییەکان تێگەیشـتین ڕووی بەرژەوەندی بە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت، بەڵام گشـتاندنی بەڕەهـایی هـیچ بەرژەوەنــدییەک بەدی ناهێنێــت، بەڵکــو بێپاســاو و کۆتوبەنــدکردنی مــافی خاوەندارییەتی دەگەیەنێت، تێگەیشتنی هـاوەڵە بەڕێزەکـان لە ڕێگری پێغەمـبەر (درودی خــوای لەســـەر) لە هەڵگـــرتنەوەی حوشـــتری ونبـــوو، هـــاوەڵان واتێنەگەیشتبوون حوکمێکی جێگیرە، بە بەڵگەی ئەوەی هەستان بە چارەسـەری جیـاواز، تێگەیشـتنی ئەوان وابـوو حـوکمی جێگیـر پارێزگـاریکردنە لە مـافی خـــاوەنی حوشـــتر، ئەوەی لە پێغەمـــبەرەوە هـــاتووە یەکـێکە لە چارەســـەر و بەدیلەکان کە بگونجێت لەگەڵ سـەردەمی ڕووداوەکەدا، ئەوە ڕێگەچارەیەکە بە گــۆڕانی ڕۆژگـــار دەگۆڕێــت، ئەوەبـــوو کاتێــک ڕۆژگـــار گـــۆڕا ئەوانـــیش ڕێگەچارەییەکی جیاوازیان دانا.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی تێمانپەڕاند: "أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ سَأَلَهُ رَجُلٌ عَنِ اللُّقَطَةِ، فَقَالَ: اعْرِفْ وِكَاءَهَا، أَوْ قَالَ وِعَاءَهَا، وَعِفَاصَهَا، ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً، ثُمَّ اسْتَمْتِعْ بِهَا، فَإِنْ جَاءَ رَبُّهَا فَأَدِّهَا إِلَيْهِ قَالَ: فَضَالَّةُ الإِبِلِ؟ فَغَضِبَ حَتَّى احْمَرَّتْ وَجْنَتَاهُ، أَوْ قَالَ احْمَرَّ وَجْهُهُ، فَقَالَ: وَمَا لَكَ وَلَهَا، مَعَهَا سِقَاؤُهَا وَحِذَاؤُهَا، تَرِدُ المَاءَ وَتَرْعَى الشَّجَرَ، فَذَرْهَا حَتَّى يَلْقَاهَا رَبُّهَا قَالَ: فَضَالَّةُ الغَنَمِ ؟ قَالَ: لَكَ، أَوْ لِأَخِيكَ، أَوْ لِلذِّئْبِ".[1] واتە: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر

[1] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: العلم، باب: الغضب في الموعظة والتعليم إذا رأى ما يكره، ص٤٢، حديث رقم: (٩١).

(درودی خـوای لەسـەر) کـرد دەربـارەی دۆزراوە، وتـی: پێناسـەی قەیتـانی بەسـتنی تورەکەی پارەکە بکە، هەروەهـا پێناسـەی تورەکەکەی و قەپاغەکەی بکە، پاشان بۆ ماوەی ساڵێک پێناسـەی بکە، پاشـان کەڵکی لێوەربگرە، ئەگەر خـاوەنەکەی هـات بیـدەرەوە، وتـی: ونبـووی حوشـتر؟ تـورە بـوو تـا سـەر ڕوومەتەکانی سـوور هەڵگەڕان، یان دەم و چاوی سـوور هەڵگەڕا، وتـی: تۆ چیت بەسـەرەوەیە، ئاوی لەگەڵ خۆیدایە، بە هـۆی بەهێزی سمەکانی توانای ڕۆیشـتنی زۆری هەیە، دەچێـتە سـەر ئـاو و لە دار و دەوەن ئەلەوەڕێـت، لێیگەڕێ تا خاوەنی دەیدۆزێتەوە، وتی: ئەی ونبوی مەڕ؟ وتی: بۆ تۆیە، یان بۆ براکەتە، یان بۆ گورگە.

لە عـومەری کـوڕی خەتـابەوە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) گێـڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: "کەسێک سـەرلێتێکچوو نەبێت ونبوو ناگرێتە خۆی".[1] عوسـمانی کوڕی عەفـان (خـوا لێی ڕازی بێت) لە ژێـر ڕۆشـنایی بنچینە گشـتییەکاندا کە فەرمـان دەکـات بە پارێزگـاریکردن لە مـاڵ لەم حـوکمە تێگەیشـتبوو، تەنهـا لەبەردەم ڕووکەشـی وشـەکە نەوەسـتا، کاتێک لە سـەردەمی عوسمانی کوڕی عەفانـدا (خـوا لێـی ڕازی بێـت) ڕۆژگـار گـۆڕا، بە ڕێگەیەکـی تـر چارەسـەری کـارەکەی کـرد، بەجۆرێک لەو گۆڕانکـارییەدا پارێزگـاری بەهـای مـاڵەکەی بـۆ خـاوەن مـاڵ کرد، ئیمـامی مالیک دەگێڕێتەوە کە گوێی لە ئیبنو شیهاب بووە وتـوویەتی: "حوشـتری ونبـوو لە سـەردەمی عـومەری کـوڕی خەتابـدا، دەهێڵـرایەوە زاوزێیـان دەکـرد، کەس دەسـتی بۆیـان نەدەبـرد، تـا سـەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان، فەرمانیدا پێناسـە بکرێت، پاشـان بفرۆشـرێت، هەرکات خاوەنی پەیدا بوو نرخەکەی بدرێتێ،[2] عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە سـەردەمی خۆیـدا چارەسـەرێکی جیـاوازی دانـا، خـانوو و شـوێنی بـۆ حوشـتری ونبـوو دروسـت کـرد، تێبینـی دەکەیـن هـاوەڵان لە ڕێنمـایی پێغەمـبەر (درودی خـوای

[1] عبدالرزاق، المصنف، مرجع سابق، كتاب: اللقطة، ج١٠، ص١٣٣، حديث رقم: (١٨٦١١).

[2] مالك، الموطأ، مرجع سابق، كتاب: اللقطة، باب: القضاء في الضوال، ص٤٥٦، حديث رقم: (٣٢٤٥).

لەسـەر) تێگەیشـتبوون کە بـانگەوازێکە بـۆ ئەو کەسـانەی حوشـتری ونبـوو دەدۆزنەوە هەڵینەگرنەوە، بەڵام ڕێگەی چارەسەر بەپێی سەردەم دەگۆڕێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوەکە: چی وای لە عوسمانی کوڕی عەفان کرد (خـوای لێـی ڕازی بێـت) تێگەیشـتنی بـۆ فەرمـوودەکە جیـاواز بێـت لە پێشـووەکانی؟ بە دڵنیـاییەوە عوسـمان (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دونیـا بینـیە فـراوانەکەی یـارمەتی دابـوو لەوە تێبگـات کە ئەرکـی تەشـریع بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدییەکانە، کاتێـک تێبینـی کـرد جێبەجێکردنـی حـوکم بە شـێوە حەرفـیەکەی وەکـو لە سـەردەمی پێغەمـبەر و (درودی خـوای لەسـەر) تـا سـەردەمی عـومەریش (خـوا لێـی ڕازی بێـت) بەبێ ڕەچـاوکردنی گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکـان کەلـێن لەنـاو کـۆمەڵگەدا پەیـدا دەکـات و مەبەسـتی خـاوەنی شـەرع لە پارێزگـاری بەرژەوەنـدییەکان لەدەسـت دەچێـت، وازلێهێنـانی لە سـەردەمی عوسـماندا سـەری دەکێشـا بـۆ لەنـاوچوونی بەرژەوەنـدییەکان، لەسەرووی ئەوەشـەوە گۆڕانکاریی مەدینە ڕێگەی نەدەدا حوشتری ونبوو لە شـەقام و کۆڵانەکانـدا بەخواسـتی خۆیـان بسـوڕێنەوە، بە پشتبەسـتن بەم پاساوانە عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) هەستا بە چارەسەرێکی سیاسییانە لەگەڵ پارێزگاریی لە ماڵ و سامانی ئەوانەی حوشتریان ونبووە، پارێزگاریی لە مەبەسـتی خـاوەنی شەرعیشـکرد، بەبـێ ئەوەی ڕێـگە بە سـوڕانەوەی حوشتری بەرەڵا بدات زۆر ببن و بچنە سەر ئاوەکان و کەلێنێک لە کۆمەڵگەدا دروست بکەن.

**پەیوەندی بنەما گشتیەکانی شەریعەت بە دەرەنجامەکانیەوە:**

بوارەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی دەبێ بەجۆرێک بێت ڕەچاوی پەیوەندی نێوان کوللیاتی شەریعە و ئەو حوکمانە بکرێت پەیوەندییان پێوەی هەیە (وەکو بنەمای هەڵگرتنی حەرەج و تەنگانە)، بەجۆرێک لەوانەیە هەندێک لە حوکمە جوزئیەکان لە بارودۆخێکدا جێبەجێکردنی وەکو خۆی حەرەج بەدی بێنێـت، بەڵام کاتێـک بـارودۆخەکە گـۆڕا حەرەجەکە نامێنێـت، حـوکمەکەش

دەگۆڕێت، وەکو بنەماکە دەڵێت: "هەرکات ڕێگر نەما، ڕێلێگیراو دەچێتەوە دۆخی خۆی".[1]

لەو شوێنانەی دەقێک نەهاتووە دەبێ جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی بە سنگفراوانی بکرێت:

لەو حوکمانەی دەقێک، یان بنەمایەکی شەرعی، پاڵپشتی نییە، وەکو: "سەرزەنشتکردن (التعزیر)" و " کوت و بەندکرنی ڕێپێدراو (المباح)" لەبەر ئەوەی پارسەنگی لایەک دەدرێت بەسەر لایەکی تردا، پێویستە جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی بە سنگفراوانی بکرێت.

**- جیاوازیی بۆچوونی شەرعزانەکان لە دیاریکردنی حوکمی سیاسییدا:**

جیاوازی حەنەفییەکان و مالیکییەکان لەگەڵ شافیعییەکاندا لە چۆنیەتی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕێدراوەکانی وەکو: شوێنە گشتییەکان. حەنەفییەکان و مالیکییەکان ڕەزامەندی ئیمامیان بە مەرج داناوە، یان زیندووکردنەوەی شوێنە بێخاوەنەکانی (إحیاء الموات) نزیک لە ئاوەدانی، بۆ دڵنیابوون لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی پێویستی بە ڕەزامەندی ئیمام هەیە"، هەر کارێک بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت پێویستی بە ڕا وەرگرتنی ئیمام هەیە"، پێویستە لەم سەردەمەدا وەرگرتنی ڕای ئیمام لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بێت، کە ڕەنگدانەوەی ڕای گشتییە، هەروەکو بۆ داڕشتنی یاسایەک کارەکان دەخرێنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی دەربڕین و کردنی بە بڕیار.

جیاوازی شافیعییەکان لەگەڵ حەنەفییەکان لەسەر حوکمی بردنی کەلوپەلی کوژراوی مەیدانی جەنگ بۆ جەنگاوەری موسڵمان (السلب)، ئایا مافی جەنگاوەرە، یان حوکمێکی سیاسییە بۆ هاندان لەسەر شەڕکردن، ئیمام دەتوانێت پەنای بۆ بەرێت؟

جیاوازییەکی تر، لە حوکمی فرۆشتنی چەکدایە بە وڵاتانی بێگانە، کەسێک ئەوە ڕەچاو بکات سروشتی پەیوەندی نێودەوڵەتی کەمکردنەوەی دوژمن و

---

[1] الزرقا، أحمد، شرح القواعد الفقهية، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ١٩٨٣م، ص١٣٧، قاعدة ٢٢.

زۆرکردنـــی دۆســـت و ســـوودوەرگرتنە لە هاوکێشـــە نێودەوڵەتییەکـــان، بەدڵنیاییەوە کاتێک بینی بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامی تێدایە، ڕێگە دەدات بە فرۆشتن، یان چەک دان بە وڵاتانی بێگانە، ئەگەر کەسێکیش بەرژەوەندی تێدا نەبینی، بەرەهایی ڕێگری لێدەکات.

جیاوازییەکی تری شەرعزانەکان لەوەدایە، ئایا جیهادی کیفائی کە کۆمەڵێک لەباتی ئوممەت پێی هەڵدەستن، لە هەموو ساڵێکدایە، یان بەپێی کاتە؟ ئەوەی تەنها لە ڕوانگەی بەڵگە نەزەرییەکانەوە بۆی بڕوانێت، ئەو قەناعەتەی بۆ دروست دەبێت واجبەکان لە تەمەندا جارێکە، یان جارەها دووبارە دەکرێتەوە، جیهاد لە واجبە دووبارەبۆوەکانە، کەمترین واجب لە واجبە دووبارەبۆوەکان لە ساڵێکدا جارێکە، شەربینی لەم بارەیەوە دەڵێت: "جیهاد فەرزێکە دووبارە دەبێتەوە، ساڵی جارێک، کەمترینی ئەو واجبانەیە دووبارە دەبێتەوە وەکو: زەکات و ڕۆژوو".[١]

بەڵام کەسێک ئاوێتەی واقیع بووبێت، هەروەها ئەزموونی کردەیی و بەڵگەی تیۆری کۆکردبێتەوە، تێدەگات نابێ ئەم حوکمە فیقهێکی جێگیری گشتی بێت، چونکە قۆستنەوەی چرکەی گونجاو واجبێکی دیارە، ئەگەر لەشکر لە مانگێکدا هەستا بە ئەرکی واجبی کیفائی، پاشان بارودۆخ سازا بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا لە مانگێکی تری ئەو ساڵەدا، لەوکاتەدا لەدەستدانی ئەو هەلە بە یەکلاکراوەیی حەرامە، بڕاندنەوەی مەسەلەکە وەهایە جیهاد بەپێی توانا دەکرێت نەک ڕۆژگار، لەم بارەیەوە جوەینی دەڵێت: "لە جیهاددا مەبەست پێی ڕەچاوکردنی توانایە نەک کات، بەڵام قسەی شەرعزانەکان وەکو باوە بەبێ کەمتەرخەمی و تێپەڕاندن مامناوەندەکەی لێ دەخوێنرێتەوە".[٢]

بەمەدا دەردەکەوێت ئەزموونی کرداری بڕیاردەری حوکمی سیاسییە، ئەزموونیش بە ڕاوێژی پسپۆڕان دەست دەکەوێت، بەمە ڕاوێژی سیاسی و

[١] الخطيب الشربيني، شمس الدين محمد بن أحمد، مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج، بيروت: دار الفكر، (د.ت.)، ج٤، ص٢٠٩.

[٢] الجويني، أبو المعالي عبدالملك بن عبد الله بن يوسف، الغياثي "غياث الأمم في التياث الظلم"، تحقيق: فؤاد عبدالمنعم ومصطفى حلمي، الإسكندرية: دار الدعوة، ١٩٧٩م، ص١٥٥.

تەشریعی دەبێتە بنەمایەکی دەستووری، ئەگەر کەسێکیش گوێی پێنەدا مانای وایە ڕاوێژ لەلای ئەو لە مەندوباتە، نەک واجبات!.

جیاوازییەکی تر، جیاوازیی ژمارەیەک لە هاوچەرخەکانە لەگەڵ فیقهی کۆندا لەسەر دابەشکردنی وڵاتان بۆ وڵاتی ئیسلام و وڵاتی کوفر (دار الإسلام و دار الکفر)، ژمارەیەک لە هاوچەرخەکان وایدەبینن پەیدابوونی پەیمانی نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هاوشێوەکانیان، واقیعێکی نێودەوڵەتی تازەیان هێناوەتە کایەوە، ئەمەش خوازیاری حوکمێکی سیاسی تازەیە.

ـ جیاوازییەکی تری نێوان شەرعزانەکان، جیاوازی ڕای جەماوەری شەرعزانە هاوچەرخەکانە، دەربارەی شوێنەواری جەنگ لەسەر کەسانی مەدەنی و زەوی و زارو دەسکەوتی شەڕ و لەپێناوی دۆزینەوەی بەدیهاتنی پەیوەستگەی حوکمی شەرعی (تحقیق المناط)، ئایا حوکمەکە سیاسییە و بەستراوە بە بەرژەوەندییەکی گۆڕاوەوە، یان فیقهێکی گشتی جێگیرە؟ موجتەهید پێویستی بە شیکردنەوەی کردار و قسەکانی هەیە کە لە دەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەرچوون، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەوەی کامیان تەشریعێکی نەگۆڕە، کامیشیان بۆ چارەسەری هەلومەرجێک بووە، ئەوەی هاوکار دەبێت تێگەیشتنی بنەما گشتییەکانی تەشریعە، هەروەها زانینی موناسەبەی دەقی تەشریعیە، لەسەروی ئەوەشەوە ڕاوێژ بە خاوەن شارەزایی کەسانی پسپۆڕ لە یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت. هەرکاتێک شەرعزان تێبینی کرد گشتاندنی حوکم لەگەڵ بارودۆخی شەریعەتدا کە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە، گونجاو نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتدا گونجاو بێت، دەبێ بڕیارەکە بەشێوەیەک لێک بداتەوە کە بەرژەوەندی بەدی بێنێت.

لە دەستکەوتەکانی فیکری تەشریعی مرۆڤایەتی چی وەرگرین و چی وازلێبێنین؟

لەو بابەتانەی لە بواری تەشریعی و سیستەمی بەڕێوەبردندا بۆ کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی یارمەتیدەری بنیاتنانی حوکمی ئیسلامین، لە بواری لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی یاسایی، بریتییە لە دانانی چەند پێوەرێک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەستکەوتەکانی بیری مرۆڤایەتی، لەو پێوەرانە:

یەکەم: ئەم تەشریعانەی ئێستا بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت پەیدا بوون، لەدایکبووی ئەزموونێکە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان، بۆیە واباشە لێکۆڵینەوەی ئەو ئەزموونانە بکرێت و سوودیان لێببینرێت، بە جۆرێک ئەزموونی ئەوانیتر لە ئەزموونی خۆماندا بتوێنینەوە، چونکە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی یاسایی و فیقهی شەرعزان لەبەردەم چەند وێنەیەکی جۆربەجۆر لە شێوازی چارەسەری مرۆڤانە بۆ ژینگە جیاوازەکان دادەنێت، کە ئامانجیان بە دیهێنانی بەرژەوەندی بووە، هەروەکو کۆمەڵێک بژاردە ئەدات بە شەرعزان، بۆ نموونە: چەند بژاردەیەک دەدات بە شەرعزان بۆ ئەوەی بەرچاوڕوون بێت لە هەڵبژاردنی لەبارترین چارەسەر، کە زۆرترین بەرژەوەندی تێدا بەدەست بێنێت، بۆ ئەم مەبەستە هەستێت بە لێکۆڵینەوە لە ئامڕازەکانی توندوتۆڵکردنی دەسەڵاتی گشتی لە سیستەمی سەرۆکایەتی و سیستەمی پەرلەمانیدا.

دووەم: ئەم ئەزموونانە پەیوەندییان بە فەلسەفەی ژیانەوە هەیە و پێوەرێکی تایبەتی بەرژەوەندیشن، سیستەمە سەرمایەدارییەکان لەسەر فەلسەفەی ئازادی ڕەهای تاک بەرانبەر بە ئاین و خێزان بنیاتنراوە، هەروەکو لەوێوە هەنگاو دەنێت کە کۆی بەرژەوەندییە گشتییەکان بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی تاک، لەبەرانبەریشدا فەلسەفەی سۆشیالیستی، یان کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکاتە تەوەری بەهاکان، لەلایەکی تریشەوە پێوەری بەرژەوەندی لە فیکری ئیسلامیدا ئەوەیە ژیانی دونیا لە پێناو ژیانی دواڕۆژدا بێت.

لە تەشریعدا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئەنجامەی بیری مرۆڤ لە بواری تەشریعاتدا پێی گەیشتووە بەشێوەیەک هەندێکی بەرز بۆتەوە تا گەیشتووە بە پەیمانی نێودەوڵەتی، لە ڕوانگەی زانستییەوە وەکو کۆمەڵێک پرسیار وایە داوامان لێبکرێت لە نێو فیقهی خۆماندا بە دوای وەڵامدا بگەڕێین بۆیان.

بەنموونە بابەتی مافی مرۆڤ و سیستەمی حوکمڕانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەبێ ئێمە تیایاندا جیاکاری بکەین لەنێوان ئەوانەیان پشتیان بە بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینە بەستووە، لەگەڵ ئەوانەیان لایەنگری فەلسەفەی لیبراڵیین، ئەم ئەزموونانە نابێ پشتگوێ بخرێن، چونکە لە شێوەی کۆمەڵێک

پرســـیاردان، داوا لە ئــێمە دەکەن ورد ببیــنەوە لەو هۆکــارانەی ئەوان پێــی گەیشتوون، پشتگوێیان نەخەین و بەبێ بەرچاوڕوونی پیرۆزیشیان نەکەین، بەڵکو بنەماکانی خۆمان بۆ دۆزینەوەی بەرژەوەندییەکان جێبەجێ دەکەین، ئەگەر لە کەلەپووری خۆمان و ئیجتیهادی شەرعزان و بنەما گشتییەکانی شەریعەتدا چارەسەرمان دۆزییەوە وەریاندەگرین، ئەگەرنا دەکرێت ئەوانە وەربگرین کە بیری مرۆڤ پێی گەیشتووە و پشتبەستووە بە ئەزموونێک کە گومانی بەرژەوەندی لێدەکرێت، وەکو بابەتی مافی کرێکار و ڕێکخستنی کاتژمێرەکانی کارکردن.

سێیەم: میتۆدەکانی فیکری ڕۆژئاوا کۆمەڵێک خەوش ونەنگی تێدایە وەکو: لایەنگری و مەرکەزییەتی[1]، هەروەها وەحی وەکو سەرچاوەیەکی مەعریفەت هەڵئەوەشێنێتەوە، دونیا بینی لەسەر خۆی بەر تەسک کردەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پێش گەیشتن ئەنجامی دیاریکردوە، ئەمە بەنەنگیەکانی میتۆدی ڕۆژ هەژمار دەکرێت، بۆیە ئەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێ بە متمانەیەکی وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەو سەرچاوە مەعریفیەی ئێمە هەمانە کە خۆی لە وەحی و ئەزموونیدا دەبینێتەوە، دەکرێت چارەسەرێک پێشکەش بکات بە مرۆڤایەتی لە میتۆدە مادییەکاندا دەست نەکەوێت.

پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی لە مەسەلەی جێندەردا، تەنانەت لە دیاریکردنی ڕەگەزیشدا بەبێ گوێدانە جیاوازیی بیولۆجی لە ئازادی ڕەهاوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم جۆرە ئازادییە لە کۆتاییدا بنچینەکەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە جیاوازیی ناکات لە نێوان ئارەزوو و بەرژەوەندیدا.

هەروەها لە بابەتی یەکسانی تەواو لە نێوان نێر و مێدا، ئەنجامی ئەو دژبەیەکیە بێبەشکردنی هاوسەرە لە کۆمەڵێک ماف و دەسکەوتی سروشتی

---

[1] مەبەست لە لایەنگری و مەرکەزییەت کۆکردنەوەی هەموو دونیابینیەکان لە چوارچێوەی شارستانیەتی ڕۆژ ئاواودا، مەبەستیش لە مەرکەزییەت: گێڕانەوەی هەموو دەسکەوتەکانە بۆ ڕۆژئاوا، وەرگێڕ.

وەکـو مـارەیی و بژێـوی، وردبـوونەوەی دروسـت وا دەخوازێـت پەیمـانە نێودەوڵەتییەکـانی مـافی مـرۆڤ ئەزمـوونی گەلان وەربگرێـت بـۆ باشـکردنی بـارودۆخی مـرۆڤ و دانبنێت بە بیـرۆکەی بژێـوی و مـارەیی هاوسـەر و بـۆ پارێزگـاری کـچەکەی سـەلماندنی سەرپەرشـتیاری بـاوک، بەڵام ئەوان بە هـۆی لایەنگـری و مەرکەزییەتیـانەوە، ڕەخـنە لەو شـتانە دەگـرن بە ئەزمـوون پێـی نەگەیشتون.

هەروەهـا ناولێنـانی وڵاتـانی جیهـان بە جیهـانی یەکەم و جیهـانی دووەم و جیهانی سێیەم، کاتێک خۆی بە جیهانی یەکەم و چاکتر دانـاوە، لایەنگیرییەکی ئاشـکرایە کە بەبـێ دانـانی پێـوەرێکی زانسـتی پەیوەسـت بێـت بە باشـکردنی جۆری ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتیەوە ئەو بڕیارەی بۆ خۆی داوە، ئەوە بێگومـان کارکردنە لەسەر ئەنجام، دەبو دوای دانانی پێوەر ئەو کاتە لەسـەر ئەو بنەمـایە دیاری بکرێت کێ یەکەمە.

بوارەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی شەرعی لە ڕوانگەی سیستەمەوە:

لە چوارچێوەی سیاسـەتی شـەرعیدا، دەوڵەت بۆ توونـدوتۆڵکردنی چـالاکی تاکەکـان و ڕێگەپیشـاندانیان، پشـت بە چەنـد سیسـتەمێک دەبەسـتێت، ئیتـر سیسـتەمی زانسـتی بـێ، یـان بـانگخوازیی، یـان تەندروسـتی، یـان سیسـتەمی بنیاتنان، ئەویش بە ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی تواناسازی بۆ کەسێک بیەوێت پیشەیەک ئەنجام بدات، هەروەها دیاریکردنی ساڵەکانی خوێندن، هەروەهـا بـۆ ئەوەی لە نوانـدنی چـالاکی نێـو کـۆمەڵگە تێکگیـران ڕوونەدات پشـت بە چەنـد پێـوەرێکی باشـبوون و سـوود بینـین لە نمـوونەی بەرزی گەلان، دەبەسترێت، لەوانە:

**سیستەمی ئابووری:**

سیاسـەتی شـەرعی لە سیسـتەمی داراییـدا، وەکـو پێشخسـتنی زەکـات، ئەوەبـوو بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی بـارودۆخی ئـابووریی، پێغەمـبەر (درودی خوای لەسەر) زەکاتی دوو سـاڵی لە عەباس وەرگرت، ئەم هەڵوێستە دەچێتە چوارچێوەی چارەسـەری داراییەوە. یان پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لە غەزای حونەیندا کۆمەڵێک زرێی لە صـەفوانی کوڕی ئومەییە خواست، وەک

حوکمێکی سیاسیی، ئەو خواستنەش تۆپزی بوو، ئەوکاتە صەفوان موسڵمان نەبوو بوو، واتێگەیشت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لێی داگیر دەکات، بۆیە وتی: "ئەی محەمەد داگیرکردنە"! پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمووی: "بەڵکو خواستنە و دەدرێتەوە"[1]، تێبینی دەکرێت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) باجی لەسەر موسڵمانان دانەدەنا، لەکاتێکدا دەیتوانی لەباتی خواستن لە صەفوانی کوڕی ئومەییە، ئەندازەیەک باجی کەم لەسەر دوازدە هەزار جەنگاوەر دابنێت، خۆی ئەمە ئاماژەیە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت خزمەتگوزارییەک لەسەر خاوەن سامانەکان دابنێت، بەڵام سیاسەتی ئابووری نموونەیی بەپێی توانا هەوڵ دەدات بۆ سووک کردنی باج لەسەر خەڵکی.

هەروەها ئیجتیهادی عومەری کوڕی خەتاب و پاشان ڕەزامەندی ئەهلی شورا لەبەر بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتووی دەوڵەتی ئیسلامی بڕیاریدا زەوییەکان دابەش نەکرێن،[2] ئەوەبوو بە پشتبەستن بە هەندێک ڕاپۆرت، کە لە والی شارەکانەوە پێی گەیشت بوو، تێبینی کرد، دابەشکردنی زەوی و زار بەپێی یاساکانی پێشوو، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، بەو ئیعتیبارەی غەنیمە بەسەر جەنگاوەرە سەرکەوتوەکاندا دابەش دەکرا، ئەگەر ئەم یاسایە جێبەجێ بکرێت، لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردەکێشێت بۆ قەیرانێکی ئابووری، لە ئەنجامدا داهات نامێنێت و دەوڵەت خەرجی بەردەوام و پێداویستیەکانی پێ دابین ناکرێت، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا، خاوەندارێتی کەسێتی سنووردار کرد و لەو ڕێگەیەوە سیاسەتێکی ئابووری دانا کە لەسەروبەندی دابەشکردنی دەسکەوت و غەنیمەدا ڕێنمونی ئابووری کرد.

والی شارەکان دەرکیان بەوە کردبوو، دەبێ ئەم ماڵ و سامانە چارەسەرێکی فیقهی تازەی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوان هەڵنەسان بە پشتبەستن بەو تەشریعەی پێشتر کاری لەسەر دەکرا، بۆیە دەقە یاساییەکەی پێشوویان

---

[1] الشيباني، مسند الإمام أحمد بن حنبل، مرجع سابق، ج٢٤، ص١٤، حديث رقم: (١٥٣٠٢) شوعەیب ئەرنائوت لەبارەیەوە دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] أبو يوسف، الخراج، مرجع سابق، ص١١٦.

جێبەجێ نەکرد، کاتێک والیەکان ئەم هەنگاوەیان نەنا و بابەتەکەیان ڕووبەڕووی سەرکردایەتی گشتی کردەوە، کە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) نوێنەرایەتی دەکرد، کە ئەو هەنگاوە عەقڵیەتی بەهێزی سەرکردایەتییە مەیدانییەکان دەردەخات، لەبەر ئەوەی تێگەیشتبوون ئەنجامەکەی مەترسیدارە و دەبێ چارەسەر بکرێت، بە کردەوەش عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) مەشغەڵی سیاسەتی ئابووری لە ئیسلامدا ڕوونکردەوە، هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە تا کوێ دەوڵەت دەسەڵاتی دانانی پلانی ستراتیژی سیاسەتی دەوڵەتی هەیە.

ئەوەی جێگەی ئاوەڕدانەوەیە ئەوەیە کە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) بە هۆی ڕوودانی قەیرانێکی سیاسییەوە دەستکاری کاروباری دەوڵەتی نەکردووە، بەڵکو دەوڵەت بە هۆی داهات و دەسکەوتی زۆرەوە کەوتبووە خۆشگوزەرانیەوە، بەڵکو عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) پێشبینی کرد لە داهاتوودا قەیران دروست ببێت، کارەکەی ئەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشبینیە، ئەوە دەردەخات کە دەبێ دەوڵەت پلانی هەبێت، هەروەها عومەر لە بڕیارەکەیدا پشتی بە تێگەیشتنی خۆی لەم ئایەتە پیرۆزە بەستبوو، کە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ﴾ (الحشر: ١٠). واتە: ئەوانەش کە بە شوین کۆچبەران و پشتیواناندا هاتن (تا کۆتایی دنیا ئەمە دۆعا و نزایانە و بەردەوام) دەڵێن: پەروەردگارا لە ئێمە و لەو برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەر و هیچ جۆرە بوغز و کینەیەک مەخەرە دڵمانەوە لە ئاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، پەروەردگارا تۆ بەڕاستی بەسۆز و بەخشندە و میهرەبانیت.

وا تێگەیشت ئایەتەکە لە داهات و سامانی ئێستای ئەم ئوممەتەدا مافی نەوەکانی داهاتوو دیاری دەکات.

وەکو بەراوردێک لە نێوان ئەم دوو جیاوازییەدا، سیاسەتی ئابووری وڵاتانی سێیەم قەرزو قەیرانێکی ئابووری زۆر بۆ نەوەکانی دوای خۆیان جێدەهێڵن، کە ئەمەش ئازادییان کۆتوبەند دەکات!

لەوێـدا جیـاوازی هەیە لە نێـوان حوکمێـک لەســەر بنچیـنەی سیاســەتی ئـابووری دەرچـوو بێـت، لەگەڵ سیاسـەتێک ڕەنگـدانەوەی سیسـتەمی گشـتی هــەبێـت: حــوکمە فیقهییەکــان بە گشــتی دوو جــۆرن: هەیــانە لەبەر ئەوەی پەیوەنــدی بە بەرژەوەنــدی نەگــۆڕی مرۆڤــایەتیەوە هەیە جێگیــرە و قبــوڵی هەمـوارکردن و دەسـتکاریکردن ناکـات، هەشـیانە لەبەر ئەوەی پەیوەسـتە بە هەندێک بەرژەوەندی گۆڕاوەوە، شایانی گۆڕانکارییە، بۆیە ئەندازەی میرات و ئاستی واجببوون (نصـاب)ی زەکات، لە سیستەمی ئابووری گشتی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە بنـاغەی کـۆمەڵگەوە هەیە، خـاوەنی شـەرع نایەوێت بگۆڕێـت، مەبەسـتی خـاوەنی شــەرع لە هەمـوو ئەم جـۆرە کـار و مەبەسـتانە ڕوونە قبوڵی هەموارکردن و گۆڕانکاریی ناکات.

لەبەر ئەوە حـوکمە نەگۆڕەکـانی وەکـو سیسـتەمی میـرات و خاوەنـداریێتی تــایبەتی و گشــتی، نــاکەونە دەروازەی بڕیــارە سیاســییەکانەوە، لەبەر ئەوەی خـــاوەنی شـــەرع بە مەبەســـتی جێگیـــری سیســـتەمی خێـــزان و مـــانەوەی بەرپرسیاریێتی ناو خێزان، هەروەها بۆ پارێزگاری کردن لە خاوەنداریێتی تاکی و گشتی و گەشەپێدانی، ئەم جۆرە حوکمانەی بە جێگیری هێشتۆتەوە.

هەروەهـا فەرزکردنی زەکـات بە ڕێژەی ٢,٥%ی سـامان، ئامـانجی خـاوەنی شەرع لێی ئەوەیە ئەم سامانە بە هەمیشەیی لەناو کۆمەڵگەدا بسوڕێتەوە، بۆیە ئەمە سیستەمێکی ئابووری جێگیرە، نەک ڕاییکردنێکی سیاسی کاتی، بۆیە یان قبوڵی گۆڕانکاریی ناکات.

بەڵام هەنـدێک پابەنـدی تـری دارایـی هەیە، ئەویـش ئەوەیە کاتێـک زەکـات بەشـــی پێداویســـتی هەژاران ناکـــات، لەو کـــاتەدا ئەنـــدازەیەک ســـامان لە دەوڵەمەنــدەکانی کــۆمەڵگە وەردەگیرێــت و دەدرێــتەوە بە هەژارەکــانی، یــان پێشخستنی زەکات بۆ ساڵێک، یان دوو ساڵ، ئەمانە پێیان دەوترێت سیاسـەتی ئابووری، دەوڵەت بۆ هەندێک پێشهاتی تازە دەتوانێت پیادەی بکات.[1]

---

[1] الزرقا، محمد أنس، السياسة الإقتصادية والتخطيط في السياسة الإقتصادية، ضمن كتاب الادارة المالية في الإسلام، عمان، مؤسسة آل البيت، المعهد الملكي لبحوث الحضارة الاسلامية، ١٩٩٠م، ج٣، ص١٢٢١.

عـومەری كـوڕی خەتـاب (خـوا لێـی ڕازی بـێ) لە دانـانی ڕێگەچـارە بـۆ دابەشكردنی غەنیمە پشتی بە سیاسەتی شەرعی بەستبوو، كە دەقی قورئانیش لەبـارەیەوە هەبـوو، لە هەمـان كاتـدا بـۆ چارەسـەر پشـتی بە جێبەجێكردنـی لەپێشـتری پێغەمـبەر و (درودی خـوای لەسـەر) دوای ئەویـش ئەبـوبەكر بەسـتبوو، بەڵام ئێسـتا جێبەجێكردنـی دەق لەسـەر شـێوازی پێشـوو كەلـێن دروسـت دەكـات، ئەی عـومەر چـۆن لە چوارچێـوەی زەوابیـتە شـەرعییەكاندا بابەتەكەی چارەسەر كرد؟[١]

ئەوەی لە دابەشكردنی زەوی ڕەشـایی عێراق (سـواد العراق)دا پێویسـتی بە لێكـۆڵینەوە و شـیكردنەوەیە، بـریتیە لە ڕوونكـردنەوەی میتـۆدی فیكـری و ئوصـوڵی و سیاسـیی عـومەری كـوڕی خەتـاب، كە لە تێڕوانینێكـی گشـتی و بۆچـوونێكی گشـتییەوە بـۆ تێگەیشـتن لە دەقـی قورئـان بە شـێوەیەكی تـازە گرتبـوویە بەر، ئەگەر ئێسـتا لەگەڵ بـابەتەكەدا بە تێڕوانینـی میتـۆدی ئوصـوڵی تەقلیدی مامەڵە بكەین ئەوە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینەوە:

پرسـیاری یەكەم: ئایـا عـومەری كـوڕی خەتـاب (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەقە شـەرعیەكەی تـایبەت كـرد بە ئەنجـامی حـوكمەكە و ئەو بەرژەوەنـدییانەی لە ئەنجـامی جێبەجێكـردن چـاوەڕوان دەكـرا؟ ئەم قسـەیە لە ئوصـوڵی مەزهەبـی مالیكیدا بەڵگەی هەیە، لەسەر ئەم حوكمە كارەكەی عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) بڕیـارێكی سیاسـییە هەركاتێـك بـارودۆخ دووبـارە بۆوە شـایانی جێبەجێكـردنە، یان عومەر دڵخۆشی جەنگاوەرەكانی داوەتەوە، ئەگەر وابێت حوكمێكی كاتییە و كەڵكی گواستنەوەی نییە، مەگەر بۆ دڵدانەوەی جەنگاوەرەكان بێت؟ كە ئەمە تێگەیشـتنی شـافیعییەكانە بـۆ كـارەكەی عـومەری كـوڕی خەتـاب، وەكـو بڵێیـت ئەوان لە دانـانی سیاسـەتی ئابووریـدا ڕۆڵـی دەوڵەت بە لاواز دەبیـنن و بە ئەركی ئەوی نازانن.

[١] الكيلانى، عبد الله، "اجتهاد عمر بن الخطاب في أرض السواد وصلته بالسياسة الإقتصادية الشرعية، مجلة مؤنة للبحوث والدراسات، العلوم الإنسانية، جامعة مؤتة، ٢٠٠٢م.

پرسیاری دووەم: کرۆکی بەڵگەی هێنانەوەی عومەر لە ئایەتی (فەیئدا) چیە؟ ئایا زەوی دەچێتە واتای غەنیمەوە[1]، یان جێدەهێڵرێت بۆ خاوەن دەسەڵات، چۆنی بەباش زانی ئاوەها بڕیاری لەسەر دەدات؟ ئایا (فەیئ) ئەو زەویانەی وەکو عێراق و میسر دەگرێتەوە موسڵمان بە جەنگ و تۆبزی فەتحیان کردووە، یان ئەوانەیە بەبێ شەڕ دەستی موسڵمانان کەوتووە؟

پوختەی ڕای ڕاڤەکاران لە ناوەخنی ئایەتی (فەیئ)دا کە پێشەوا عومەر بە بەڵگە هێنایەوە لە فەرموودەی خوای بالادەستدا: ﴿مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى﴾ (الحشر: ٧). ئەوەیە کە بۆچوونی ڕاجیحی زاناکان ئەوەیە کە ئەو زەوییانە ناگرێتەوە کە بە جەنگ فەتح کراون، بەلام قسەی زانایانی وەکو: یەزیدی کوڕی ڕومان و قەتادە ئەوەیە کە ئەو ئایەتە نەسخ کراوەتەوە بە ئایەتی ئەنفال، کە قسەیەکی لاوازە، کەوابێت وادەستنیشان دەکرێت ئایەتەکانی سورەتی حەشر بخرێنە سەر ئەو مانایەی کە بە ئاشتی فەتح کراوە، ئایەتەکانی سورەتی ئەنفالیش بخرێنە سەر ئەو مانایەی کە بە تۆبزی فەتح کراوە، بەلام ئەم هەنگاوە لای عومەری کوڕی خەتاب ڕوون بووە، وەکو لەو گێڕانەوەیەدا کە مالیک لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەویش لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە، عومەر وتی: "ئەگەر لەبەر ئەوانە نەبێت کە لەدواییدا دێن، هەر دێیەک فەتح بکرایە دابەشم دەکرد وەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خەیبەری دابەشکرد".[2]

ئاشکرایە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خەیبەری لە نێوان و موسڵماناندا کرد بە دوو بەشەوە، نیوەی بۆ خۆی و موسڵمانان، نیوەشی بۆ بەلا و کارەساتەکان، ئەوەی درا بە موسڵمانان ئەوەیە کە بە تۆبزی فەتح کراوە، ئەوەشی دانرا بۆ بەلا و کارەساتەکان ئەوەیە کە بە ئاشتی فەتح

---

[1] جیاوازی نێوان غەنیمەو فیو، غەنیمە واتە ئەوەی مسوڵمانان بەشەڕو تۆبزی لەکافرانی دەستێنن، بەڵام فیو ئەوەیە لە ئەنجامی گفتوگۆ و ڕێکەوتن بە ئاشتی دەست مسوڵمانان ئەکەوێت، وەرگێڕ.

[2] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: فرض الخمس، باب: الغنيمة لمن شهد الوقعة، ص٥٩٧، حديث رقم: (٣١٢٥).

کراوە،[1] ئەمەش ئەبو داود لە سونەنەکەیدا گێڕاوییەتیەوە: "عن بشير بن يسار مولى الأنصار عن رجال من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لما ظهر على خيبر قسمها على سته وثلاثين سهما جمع كل سهم مائة سهم، فكان لرسول الله صلى الله عليه وسلم وللمسلمين النصف من ذلک وعزل النصف الباقي لمن نزل به من الوفود والأمور ونوائب الناس".[2] واتە: کاتێک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە خەیبەردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەستکەوتەکانی دابەشی کرد بەسەر سی و شەش پشکدا، هەر پشکێک سەد بەش بوو، نیوەی پشکەکان بۆ پێغەمبەر و موسڵمانان بوو، ئەوەی مایەوە دانرا بۆ پێداویستییەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەکو: میوان و کاروباری خەڵکی و بەڵا و کارەساتەکان.

خەتابی هۆی هێشتنەوەی ئەو زەوییانەی ڕوونکردۆتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هێڵایەوە و دابەشی نەکرد، ئەوەی کە دیارە خەیبەر بە تۆبزی فەتح کرا، کە وتوویەتی: "ئەمە ئیشکالی بۆ ئەوانە تێدایە دوای ڕێگەکانی ئەو فەرموودانە نەکەوتوون کە لەبارەی فەتحی خەیبەرەوە هاتوون، کەسێک کۆیان بکاتەوە و لێکیان بدات ڕاستی ئەو دابەشکردنەی بۆ دەردەکەوێت بە جۆرێک هیچ ئیشکالێک لە ناوەڕۆکەکەیدا نەمێنێت، ئەویش بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە: خەیبەر چەندین گوند و کێڵگەی تری لە دەرەوەی خۆی هەبوو، لەوانە: وەتیحە، کەتیبە، هەندێکیان ئەوانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەسەریاندا زاڵبوو بوون بە غەنیمەت، ئەویش ئەبو لەنێوان خاوەن بەشەکاندا

[1] ابن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب: فرض الخمس، باب: الغنيمة لمن شهد الوقعة، ج٢، ص١٤٧٧، شرح حديث رقم: (٣١٢٥).

[2] رواه أبو داود وصححه الالباني. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- السجستاني، سنن أبي داود، مرجع سابق، كتاب: الخراج، باب: ما جاء فى حكم أرض خيبر، ص ٣٤١، رقم: (٣٠١٢).
- الألباني، صحيح سنن أبي داود، مرجع سابق، كتاب: الخراج والإمارة والفىء، باب: ما جاء في حكم أرض خيبر، ج٨، ص٣٥٥، حديث رقم: (٢٦٦٤).

دابەشـكرايە، هەندێكیشـیان (فەیـئ) بـوو، ئەسـپ و وڵاخیـان تێدا تـاو نەداوە، تایبەت بوو بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر).[1]

کاربەدەسـتەکانی عـومەر تێبینیـان کـرد کاتێـک دایـدەبەزێنیتە سـەر واقیـع و بتەوێـت جێبەجێـی بکەیـت، بـارودۆخێکی تـایبەت دەوری حـوکمە ئەصـڵیەکەی داوە و ڕێگە نادەن مەبەستە شەرعییەکە بێتەدی، وای پێویست دەکرد بابەتـەکە بـخەنە پـێش چـاوی سـەرۆکی وڵات تـا ڕێـگە و جێگەی سیاسـیی بـۆ دابنێـت، وەکـو: بەدیهێنـانی مەبەسـتە شـەرعییەکان، پاراسـتنی پایەکـانی جێگیربـوونی کـۆمەڵگە و لادانـی دژبەیەکیەکـانی پێویسـتییەکانی کـۆمەڵ و تـاک، هەمـوو ئەمـانەش بە ڕێکخسـتنی چـالاکی کشـتوکاڵی و گرەنتـی بەروبـوومی زۆر، کە ئەمـانە ئەرکـی دەوڵەت و سیاسـەتی تەشـریعە، ئەمەش دەخوازێـت کەرتێکـی گرنگـی خزمەتگـوزاری و کـۆڵەکەی ئـابووری کە کەرتـی کشـتوکاڵە پشـتگوێ نەخرێت و نەدرێت بە دەست چەند کەسێکەوە،[2] بۆیە لێرەدا ئەرکی سیاسـەت ڕێنمایکردنی خەڵکییە.

بەم پێـیە بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە، کـە بەڵگەهێنـانەوەی پێشـەوا عـومەر بە ئایەتەکانی سورەتی حەشر بەم شێوەیە بووە: عومەر دەرکی بەوە کردبوو کە ئەم ئـایەتە پیرۆزانە پێویسـتی دەکەن لە سـەرمان ئـاوڕ لە نەوەکـانی داهـاتوو بـدەینەوە، چـونکە لەو فەیـئەی لە مـاڵی دوژمـن دەسـتکەوتووە ئەوان بەشـیان تێیـدا هەیە، لەسـەر ئەمە عـومەر (خـوا لێـی ڕازی بێ) ئـایەتی: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ﴾ عەتفکراوەتە سەر پێشووی، ئەمانیش وەکو ئەوان بەشێک لە (فەیئ)یـان بەردەکەوێـت، گێـڕانەوەی قوڕتـووبی لە مـالیکی کـوڕی ئەوسـەوە بەڵـگەیە لەسەری کە دەڵێت: عـومەری کوڕی خەتاب (خـوا لێی ڕازی بێ) ئەم ئـایەتەی خوێندەوە: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ﴾ (التوبە: ٦٠). وتـی: ئەمە بـۆ ئەوانە، پاشـان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ﴾ (الأنفال: ٤١). وتـی:

---

[1] الخطابي، أبو سليمان حمد بن محمد، معالم السنن شرح سنن أبي داود، خرج آياته ورقم أحاديثه: عبدالسلام محمد، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩١م، كتاب الإمارة والفىء والخراج، باب: حكم أرض خيبر، ج٣، ص٢٦ ـ ٢٧، شرح حديث رقم: (٨٤٦).

[2] علي، صالح، الخراج في العراق، بغداد: المجمع العلمى العراقي، ١٩٩٠م، ص٥٦.

ئەمەش بۆ ئەوانە، پاشان خوێندییەوە: ﴿وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ﴾ تا گەیشتە ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ﴾، ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ﴾، ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ﴾، پاشان وتی: "ئەگەر بمێنم شوانی سەر و حیمیەر،[١] کە ئارەقی تێدا نەکردووە بەشی خۆی لە (فەیئ) پێدەگات". دووبارە لێی دەگێڕنەوە کە وتوویەتی:" کەسێک لە ئەهلی ئیسلام نامێنێت مافی خۆی پێنەدرێت".[٢]

عومەر دەرکی کردبوو جێبەجێکردنی ئایەتەکانی سورەتی ئەنفال بەشێوەی فەتحی تۆبزی سەردەکێشێت بەرەو لەدەستدانی مافی نەوەکان، کە بەپێی ئایەتەکانی سورەتی حەشر، شەرع مافیانی لەبەرچاو گرتووە، لەبەر جیاوازی هۆکار و حوکم، ئەمە لە پێڕی تایبەتکردنی هەندێک دەق نییە بە هەندێکی تریان، وەکو ئاشکرایە جیاوازی هۆکار، یان حوکم، هەندێک کات دەبێت بە بەهانەی جیاوازی دەقێک لەگەڵ دەقێکی تر.[٣]

لەم بارەیەوە ئیبنو ڕوشد دەڵێت: "دەبێ بزانیت قسەی ئەوانەی کە دەڵێن: ئایەتی (فەیئ ) و ئایەتی (غەنیمە) کارێکی ئارەزوومەندانەیە، هەروەها ئایەتی (فەیئ) ئایەتی (غەنیمە)ی لەکارخستووە، یان تایبەتی کردووە، قسەیەکی زۆر لاوازە...، چونکە ئەوەی دیارە لە ئایەتی سورەتی حەشردا، جۆرە ماڵێکی لەخۆی گرتووە، جیاوازە لە حوکمی ئەو ماڵەی ئایەتی ئەنفال لە خۆی گرتووە، لەبەر ئەوەی فەرموودەی خودا: ﴿فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ﴾ (الحشر: ٦). ئەوە ئاگادارییە کە لەبەر ئەو هۆکارە مافێکی تایبەت لە خەڵکی تر نەدراوە بە سوپا، بە جیاواز لەوە پشکی سوپا بە ئەسپ تاودان وەردەگیرێت.[٤]

---

١ جێگە و شوێنی بوسرو حیمیەر لە خاکی یەمەنە.

٢ تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- القرطبي، جامع الأحكام القرآن، مرجع سابق، ج١٨،ص٢٢٢.
- ابن سلام، كتاب الأموال، مرجع سابق، ص٨٤.
- ابن زنجويه، حميد، الأموال، تحقيق: شاكر فياض، الرياض: مركز الملك فيصل، ١٩٨٦م ص١٠٩. ئەم فەرموودەیە لە چەند ڕێگەیەکەوە گێڕدراوەتەوە هەندێکیان هەندێکیان بەهێز دەکەن.

٣ خلاف، علم أصول الفقه، مرجع سابق، ص١٩٤.

٤ ابن رشد (الحفيد)، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، مرجع سابق، ج٢، ص٢٠٤ – ٢٠٥.

لەسەر ئەمە کاری عومەر لە بابەتی تایبەتکردنی دەقە بە حیکمەتی تەشریع و بەرژەوەندییەک کە شەرع لەبەرچاوی گرتووە، هەروەها لە بابەتی تێگەیشتنە لە پارچەیەکی شەریعەت لەبەر ڕۆشنایی تێکڕای شەریعەتدا، بە واتای ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) ئەو ئایەتانەی فەرمان بە دابەشکردنی غەنیمەت بەسەر لەشکری سەرکەوتوودا دەکەن بەشێوەیەک جێبەجێیکردوە تێکنەگیرێت لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو نەوانەی کە لە شەرعدا مەبەستن، ئەمەش لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکاندا ئاوەڕدانەوەیە بۆ گشت بینی.(١)

ـ یەکێک لە سیاسەتەکانی ئابووریی، دانانی چەند سیستەمێکە، کە دامەزراوەکان پابەند بکات بە یارمەتیدانی پڕۆژەگەلێک لە ڕووی بێکاریدا دەوەستێت و یارمەتی کەرتی زانستی و لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەدات و پشتیوانی لە پڕۆژەی بانخگوازی دەکات، بەڵگەی ئەمە ئەوەیە کە سەرەخسی لە عومەری کوڕی خەتابەوە گێڕاوییەتییەوە دەڵێت: "فەرمانی بە ڕەبەنەکان دەکرد بچن بۆ جیهاد، لەهەمان کاتدا ئەوەی بچوایە بۆ غەزا ئەسپی ئەوانەی پێیان دەدا دانیشتوون، بۆ ئەوەی خاوەنی ئەسپ ئاگای لە خێزان و منداڵەکانی بێت و بە ئەسپەکەی غەزا بکات، ئەوەش کە دەچوو بە لاشەی غەزای دەکرد، هەندێک دەڵێن ئەوەی بە ڕەزامەندیی هەردوولا کردووە، ئەگەر ڕازی نەبونایە کاری واینەدەکرد... ئەوەی کە دروستە بیڵێین ئیمام دەتوانێت لە کاتی پێویستیدا ئەو کارە بکات، خۆ ئەگەر خەزێنە چۆڵ بوو، بۆ پارێزگاری موسڵمانان سوپاش پێویستی بە تفاق و پێداویستی جەنگ هەبوو، دەتوانێت فەرمان بە خەڵکی بکات پێداویستیان بۆ ئامادە بکەن، چونکە ئەو بەرپرسە لە مشورخواردنی موسڵمانان".(٢)

**سیستەمی دادوەریی:**

١ الكيلاني، عبد الله، "اجتهاد عمر بن الخطاب في أرض السواد وصلته بالسياسة الإقتصادية الشرعية"، مرجع سابق.

٢ السرخسي، أبو بكر محمد بن أحمد، المبسوط، بيروت: دار المعرفة، (١٤١٤هـ/ ١٩٩٣م)، ج١٠، ص٢٠.

نموونەی سیاسەتی شەرعی لە دادوەریدا دانانی پلانە بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆبوونی دادگا، هەروەها دابەشکردنی دادگا بۆ چەند ئاستێک و دیاریکردنی تایبەتمەندی کات و شوێن و بابەتیبوونی دادوەر، وەک ئەنجامدانی دادوەری بە مەزەندە (قەرینە) کاتێک پاڵپشت بێت بۆ بەدەستهێنانی دادگەریی، یان دادوەر جۆرێک لە خشتەبردن (حیلە) بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی، کە خەلیفە ڕاشیدەکان بەبێ ئینکاریکردنی کەس کردوویانە،[1] لەبەر ئەوەی لەدەستدانی واجبێک، یان حەڵاڵکردنی حەرامێکی تێدا نییە، بەڵکو ئەو جۆرە ڕێگایانە هاوکارن بۆ دەرخستنی ڕاستی، لەبارەی ئەم نموونانە ئیبنولقەیم لە بەسەرهاتەکانی ئیاسی دادوەردا دەڵێت:

"پیاوێکماڵێکی لەلای یەکێکی تر دانابوو، ئەویش نکوڵی لێ دەکرد، خاوەن پارەش بابەتەکەی گەیاندە ئیاسی دادوەر، دادوەر پرسیاری لێکرد، کابرا ئینکاری کرد؟ بە داواکاری وت: لە کوێ پارەکەت پێیداوە؟ وتی: لە چۆڵەوانییەک، قازی وتی: چی لێبوو؟ وتی: دارێک، وتی: بڕۆ بۆ لای دارەکە لەوانەیە لەوێ شاردبێتتەوە و لەبیرت چووبێت، کە چاوت بە دارەکە کەوت بیرت دەکەوێتەوە، خاوەن پارە ڕۆیشت، قازی بە نەیارەکەی وت: دانیشە تا هاوڕێکەت دێتەوە، ئیاسیش قەزاوەتی دەکرد و ناو بەناو تەماشای کابرای دەکرد، پاشان قازی پێی وت: پێت وایە هاوڕێکەت گەیشتبێتە لای دارەکە؟ وتی: نەخێر، وتی: ئەی دوژمنی خوا، تۆ ناپاکی، وتی: بمبەخشە، وتی: خوا نەتبەخشێت، فەرمانی کرد ڕایانگرت تا هاوڕێکەی هاتەوە، ئیاس پێی وت: لەگەڵی بڕۆ مافەکەی خۆت وەرگرەوە".[2]

لە کارە دانسقەکانی قازییەکان کە بە مەزەندە ڕاستییەکانیان دەرخستوە، قازی ئەبو حازم دەگێڕێتەوە، جارێک منداڵێک و پیاوێکی پیری بەتەمەن هاتنە لام، پیرەکە دەیوت هەزار دینارم بە قەرز داوە بەم منداڵە، منداڵەکەش دانی بە

[1] ابن القیم الجوزیة، الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة، مرجع سابق، ص٨٩،٢٤، هەروەها تەماشای ئێرەش بکە:
ـ عطوة، المدخل إلی السیاسة الشرعیة، مرجع سابق، ص٩.

[2] ابن القیم الجوزیة، الطرق الحکمیة في السیاسة الشرعیة، مرجع سابق، ص٣٨.

ئەندازەی پارەکەدا نا، قازی بە پیرەکەی وت: چیت دەوێت؟ وتی: حەپسی بکە، قازی وتی: نا، پیرەکە وتی: ئەگەر قازی حەپسیبکات ئەوە زیاتر ئومێدی لێدەکرێت ماڵەکە بگێڕێتەوە، ئەبو حازم ماوەیەک لێیان ورد بۆوە، بە دانیشتوانی مەجلیسەکەی وت: بەئاسانی دانپێدانانی مناڵەکە و ئینکاری نەکردنی و هێمنی و لەسەرخۆییەکەی لەگەڵ گەورەیی ماڵ لە دڵدا و سروشتی نێوان ناکۆک و نەیارەکاندا یەکناگرێتەوە، بۆیە گومانی بۆ دروستکردم، هەستم بە شتێکی شاراوە کرد، بۆیە قازی ویستی وردەکاری لە دانپێدانانی مناڵەکەدا بکات، دوای ماوەیەک بازرگانێک خۆی کرد بە لای قازیدا، بۆ ئەوەی ڕاستییەکە دەردەخات، وتی: خوا قازی پایەدار بکات، گیرۆدەبووم بە مناڵێکی تازە پێگەیشتوومەوە، هەر پارەیەکی منی دەست دەکەوێت لای ئەو کەنیزەکە گۆرانیبێژانە دەیفەوتێنێت کە لای فلان کەسن، ئەمڕۆ لەگەڵ کابرای پیشەوەردا ڕێکەوتووە، داوای هەزار دیناری دەستی لێدەکات، ئەگەر ڕێگریشی لێبکەم فێڵێک دەدۆزێتەوە ناچارم پارەکەی بۆ بدەم، ئەمڕۆ بیستوومە کابرای پیشەوەر هاتووە بۆ لای قازی بەندی بکات بۆ ئەوەی دان بەو ئەندازە پارەیەدا بنێت بۆی، منیش لەگەڵ دایکیدا کێشەم بۆ دروست دەبێت تا ئەوکاتەی پارەکەی بۆ دەدەم ژیانمان لێ تاڵ دەبێت، کە هەواڵەکەم بیست بەپەلە هاتم بۆ لای جەنابی قازیی تا بابەتەکەی بۆ شی بکەمەوە، قازی زەردەخەنەیەکی کرد، بە ئامادەبوانی مەجلیسەکەی وت: چۆن دەیبینن؟ مناڵەکە و پیرەکەی بانگ کرد، ئامۆژگاری مناڵەکەی کرد، هەڕەشەی لە پیرەکەش کرد، تا دانی بە ڕووداوەکەدا نا.[1]

هەندێک خەڵکیش لە سەردەمی خۆماندا هاوشێوەی ئەم بەسەرهاتە دەکەن، باوک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، داوا لە مناڵە تازە پێگەیشتووەکەی دەکات بۆ ئەوەی باوکی سزا نەدرێت دانی پێدا بنێت کە خۆی تاوانەکەی ئەنجامداوە، مناڵەکەش لەبەر کەمی تەمەنی لە سزا قوتاری دەبێت، هاوشێوەی ئەمە ڕوویداوە، دەزگا پەیوەندیدارەکان دوای لێکۆڵینەوە لە

[1] ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية فى السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٣٨.

تێکەڵوپێکەڵی دانپێدانانەکە گومانیان بۆ دروست بووە، دوای بەدواداچوون لە جۆری چەک و بەراوردکردنی بە جۆری چەک و ئەو فیشەکانەی تاوانەکەی پێئەنجام دراوە، دەرکەوتووە دانپێدانانی یەکەم درۆ بووە، پاشان تاوانبار دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

ئەم ئەحکامانە هەرچەندە دەقێک لەبارەیانەوە نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی ئوممەتە، شەرعزانەکان سیاسەتی شەرعیان کردووە بە بەڵگە چۆن لە جێبەجێکردنی بڕیار و ئەحکامەکاندا ئەنجام دەدرێت، بەهەمان شێوە سیاسەتی شەرعیی لە قەزاوەتیشدا ئەنجام دەدرێت،[1] لە نموونەی ئەمانە ئەوەیە کە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر و عەلی کوڕی ئەبو تالێب لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا ئەنجامیاندا نامەکەی حاتەبی پێبوو، کە تیایدا هەواڵی ڕۆیشتنی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) تێدا بوو سەبارەت بە فەتحی مەککە، ئەوانیش هەڕەشەیان لێکرد ئەگەر نامەکەیان پێنەدات دەیپشکنن و ڕووتی ئەکەنەوە، ئەویش نامەی لە پزووی ناوقەدی کراسەکەی (حجزة) و[2] لە پەلکە پرچەکانیدا[3] دەرهێنا، وەکو سیاسەتێک هەڕەشیان بەکارهێنا بۆ چارەسەری بابەتەکە، پێغەمبەر پێیانی نەوتبوو وابکەن، پێغەمبەریش کارەکەیانی بە هەڵە دانەنا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سیاسەت بەکاردەهێنرێت، لە جێبەجێکردنی بڕیاردا.[4]

ئیبنولقەیم لە کتێبەکەی (الطرق الحكمية)دا سیاسەتی شەرعیی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگا بەڵگەکان لە یەک جۆردا قەتیس نەکرێن، ئیبنولقەیم لە ڕوانگەی تێگەیشتنیەوە لە ئامانجی شەریعەت، کە بەدەستخستنی بەرژەوەندی بەندەکانە، دەڵێت: "سیاسەت دوو جۆرە: سیاسەتێکی ستەمکارانە،

---

[1] عطوة، المدخل إلى السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٩.

[2] (الحُجزة) ئەو پشتێنەیە لە ناوقەددا چمکی کراسی پێوە دەبەسترێت، ابن منظور، مادە: ج٥، ص٣٣٢، مادە: (حجز).

[3] (العقص) هۆنینەوەی پرچە بە پەلک پەلک پاشان بەر دەدرێتەوە، تەماشای: سەرچاوەی پێشوو، مادەی، (عقص) بکە.

[4] ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٩.

که شــەریعەت حەرامیکــردوە، هەروەهــا سیاســەتێکی دادگەرانە کە مــاف لە ستــەمکاری ســنووربەزێن وەردەگــرێتەوە، کە ئەوەیــان لە شــەریعەتە"،[١] هەر سەربارەت بە قەتیس نەکردنی بەڵگەکان لەبەردەم قەزادا دەڵێت: "خوای پاک و بــێگەرد لەوە زانـــاتر و کارقـــایمتر و دادگەرتـــرە، ڕێگەکـــانی دادگەری و نیشـانەکانی تـایبەت بکـات بە شـتێکەوە، پاشـان شـتێک پەسـەند نەکـات لەوە ڕوونتــر و بەهێزتــر و ڕێنیشـــاندەرتر بێــت و نەیخـــاتە ڕیــزی ڕێگەکـــانی دادگەرییەوە، هەروەها لەکاتی داوای ڕوون و ڕەوانی ئەو ڕێگایانەدا حوکمیان پێنەکات، بەڵکو خوای پاک و پێگەرد ئەو ڕێگایانەی داینـاوە مەبەستی ڕاگرتنی دادگەری و تـرازووە لە نێو بەندەکانیـدا، هەر ڕێگەیەک دادگەری و هاوسـەنگی پێڕاگیـر کـرا، ئەوە بەشـێکە لە دیـن و پـێچەوانەی نیـیە، ناوترێـت سیاســەتی دادگەرانە پـێچەوانەی لێـدوانەکانی شــەرعە، بەڵکـو هـاوڕایە لەگەڵیـدا، بەڵکـو بەشێکە لە بەشەکانی، ئێمە لەبەر ڕەچاوکردنی زاراوەکەیان بە سیاسـەت نـاوی دەبەین، خۆی لەڕاسـتیدا ئەوە دادگەری خـودا و پێغەمبەرەکەیەتی[٢]"،[٣] لەسـەر بنچیـنەی ئەم قسـەیەی ئیبنـولقەیم، ناوترێـت پشتبەسـتن بە بەڵـگەی زانسـتی هاوشێوەی جێ پەنجەی بۆماوە (البصمة الوراثیة) و ترشـی نـاوکی (DNA) لە بـابەتی تاوانەکانـدا، لەبەر ئەوەی ئەم بەڵگـانە لە شـایەتیدانی شـاهید بەهێزتـرن، بۆیە دەبێ کەڵکیان لێببینرێت "خوای پاک و بێگەرد لەوە زانـاتر و کارقـایمتر و دادگەرترە، ڕێگەکانی دادگەریی و نیشانەکانی تایبەت بکات بە شتێکەوە، پاشـان شتێک پەسـەند نەکات لەوە ڕوونتر و بە هێزتر و ڕێنیشاندەرتر بێت و نەیخـاتە ڕیزی ڕێگەکانی دادگەرییەوە".

---

[١] المرجع السابق، ص٥.

[٢] ئەم ڕوونکردنەوانەی ئیبنولقەیم لەسەر سیاسەتی شەرعی، بۆ ئەوانەیە باوەڕیان وایە هەر حوکمێک دەق ئاماژەی پێنەکردبێت لە دیندا نییە، ئەمیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەر ڕایەکی باش هەرکەسێک وتبێتی یان کردبێتی، لەکاتێکدا پێچەوانەی مەبەستی شەرعی نەبێت، ئەوە ڕوحی شەریعەتە و مەبەستە شەرعییەکانی هێناوەتە دی. وەرگێڕ.

[٣] المرجع السابق، ص١٤.

پاشـان ئیبنـولقەییم تێگەیشـتنی خـۆی لـەم ئـایەتە قورئـانییە دەخـاتە ڕوو، کە دەفەرموێت: ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا﴾ (البقرة: ٢٨٢). واتـە: بـا دوو پیـاو لـــە خۆتـــان شـــایەتی لەســـەر (قـــەرز و مامەڵـــە) بگـــرن، ئەگـــەر دوو پیـــاو دەسـتنەکەوتن بـۆ شـایەتی، بـا پیاوێـک و دوو ئـافرەت شـایەتییەکە بـدەن لـەو کەسـانەی کـە ڕازیـن بـە شـایەتیدانیان، نـەوەکو یـەکێک لـە (ئافرەتـەکان) بیـری بچێـت، بـا ئـەوی تریـان بیـری بهێنێتـەوە، ئیبنـولقەیم دەڵێـت: ئەم گوتـارە بـۆ ئەوانەیە دەیانەوێت قەرزەکانیان مەحکەم بکەن، نەک لێدوان بێت بۆ قازییەکان بۆ قەتیسکردنی ئەو ڕێگانەی بەڵگەیان پێدەست دەخرێت، بە بەڵگەی سـەرەتای ئایەتەکە کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ﴾ (البقرة: ٢٨٢). واتە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێناوە ئەگـەر قـەرزێکتان کـرد لـە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، ئـەوە بینوسـن. جارێکی تـر ئیبنـولقەیم دەڵێت: "خـوا لە بنەڕەتدا واجبی نەکردووە لە سـەر حاکمەکانی تەنها بە دوو شایەت حوکم بکەن، بەڵکو خاوەن مـاف فەرمـانی پێکراوە بە دوو شـایەت مـافی خـۆی بپارێزێت، یـان بە شـایەتێک و دوو ئـافرەت، ئەوە بەڵگە نییە لەسـەر ئەوەی بە کەمتر لەوە حـاکم ناتوانێت فەرمـان دەربکات، بەڵکو پێغەمبەر (درودی خـوای لەســـەر) بە شـــایەت و خـــواردنی ســـوێندێک بڕیاریـــداوە، هەروەهـــا تەنهـــا بە شـایەتێکیش بڕیاری دەرکردوە".[١] منیش لەسـەر بناغەی قسـەکەی ئیبنـولقەیم دەڵێم: هـیچ بەڵـگەیەک نیـیە بـۆ گێڕانەوەی شـایەتی ئافرەتـان بەتەنهـا، یـان بە کەمبـایەخکردنی شـایەتی ئـافرەت لەبەردەم دادگـا، لەبەر ئەوە ئـایەتەکە لەگەڵ قازییەکـان نادوێـت، بەڵکـو ڕێنمـاییە بـۆ کەسـێک بیەوێـت بە باشـترین ڕێـگە قەرزەکەی مەحکەم بکات، هەرچەند گومـانی تێدا نییە لە کۆمەڵگە تەقلیدی و چاولێکەرییەکانـدا ڕۆیشـتنی ئافرەتـان بـۆ دادگـا ڕێگەپێـدراو نەبـووە، بـۆیە ئـــایەتەکەش ڕێنمـــایی دەکـــات بە شـــایەتێک و دوو ئـــافرەت کـــاری خۆیـــان توونـدوتۆڵ بـکەن، خـۆ دەتـوانین لە قسـەی پێشـینان و ئەوشـەرعزانانەی لە

---

[١] المرجع السابق، ص٦٧.

هەموو شتێکدا شایەتی ئافرەتیان قبوڵ بووە بە بەڵگە بێنین، بەڵام لە هەموو شتێکدا میتۆدی گەڕانەوە بۆ قسەی پێشینەکان عەقڵ دەستەوسان دەکات، هەروەها یەکناگرێتەوە لەگەڵ بنیاتنانی عەقڵیەتێکدا بەبێ دەق، یان ئیجتیهادێکی پێشتر، بتوانێت بە دونیابینیەکی ئیسلامیەوە ڕووبەڕووی پێشهاتە تازەکان ببێتەوە، لەهەمان کاتدا دژە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتیشدا.

ئەوەی پێویستی بە ئاوڕدانەوەیە، ئەو میتۆدە فیکرییەیە ئیبنولقەیمی گەیاندووە بەو فیقهەی کە توانای بەدەمەوەچوونی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی هەبێت، هەروەها تێگەیشتنمان لە شەریعەت نەبێت بە ربەستێک لە بەربەستەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن، ئیبنولقەیم بە ڕەچاوکردنی ئەوەی شەریعەت هاتووە بۆ بەدەستخستنی بەرژەوەندی بەندەکان، لە بینینی تێکڕای ئەرکی تەشریعەوە هەنگاوی ناوە، ئەم جۆرە بینینە دەرگا لەبەردەم موسڵماندا دەکاتەوە تا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکاندا لە دەستکەوتەکانی فیکری مرۆڤایەتی سوودمەند بن، تەنانەت با لە بابەتەکەدا دەقێکی تایبەت، یان دەقەکە پێویست بە تێگەیشتنێکی تر بکات بە جودا لە تێگەیشتنی پێشینەکان، بەڵام بە مەرجێک تێگەیشتنەکە لە چوارچێوەی سەرچاوەکانی بەڵگەی ساغ دەرنەچێت، ئەم بینینە پایەی فیکری سیاسەتی شەرعییە.

**سیستەمی سیاسیی و سەربازیی:**

لێکۆڵەرانی زانستی سیاسیی بابەتە زیندووەکانی کۆمەڵگە وەکو: بابەتەکانی ئاشتی و جەنگ، دیاریکردنی کارە پێویستەکان، بەراوردکردن لە نێوان ئاسایشی وڵات و تێچوونی ئابووری، چۆنیەتی دابەشکردنی سامان و داهاتەکان و ڕێنماییکردنیان، دیاریکردنی مافی هاوڵاتی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان، دادەنێن بە بابەتەکانی زانستی سیاسیی، ئەم چەمکەش بۆ (ئەرەستۆ) دەگەڕێتەوە کاتێک زانستی سیاسی بە گەورەی زانستەکانیتر وەسپکردووە.[1]

---

[1] الكيالي، عبدالوهاب. الموسوعة السياسية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٣م، ج٣، ص٣٦٣.

شەرعزانە موسڵمانەکان چەند ڕێسایەکی شەرعی (الضوابط الشرعية)یان بۆ ئەم زانستە داناوە، بەجۆرێک حوکمڕان بتوانێت بۆ هەستانەوەی دەوڵەت جێگە و ڕێگە و پلانی سیاسی دابنێت و بەبێ دەرچوون لە بنچینەکانی شەریعەت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لێکۆڵینەوە گرنگەکان لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوەکەی جوەینیە لە کتێبی: (غياث الأمم في التياث الظلم)، جوەینی لە کتێبە پێشووەکەیدا مافداریتی دەوڵەتی سیاسی و ئەرکەکانی لە ژێر ناونیشانی: (ئەو ئەرکانەی بە حوکمڕان دەسپێردرێت) تاوتوێکردووە، جوەینی لەم دەسپێک و دەروازە (المنطلق)انەوە هەنگاوی ناوە بۆ ڕێنماییکردنی سیاسەت:

دەروازەی یەکەم: (المنطلق الأول): ئەرکی دەوڵەتی دیاریکردووە، دەریخستووە کە دەوڵەت چەند ئەرکێکی لەسەرە، ئەو دان بەو چەمکەدا نانێت کە ئەرکی دەوڵەت تەنها پارێزگاریی لە ئاسایش و دادوەری بکات، بەڵکو ڕوونی دەکاتەوە، کە دەوڵەت چەند ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە: پیادەکردنی سزادان بۆ ڕێگریی لە ناپاکی و کردەوەی ناشیرین، هەروەکو ئەرکی سەرشانیەتی چاودێریکردنی لاواز و کەمدەرامەتەکان بکات لەکاتێکدا ئەگەر دەوڵەت پێی هەڵنەستێت لەناو دەچن، لەمبارەیەوە جوەینی دەڵێت: "بەشی دووەم وردەکاری سەرۆکی دەوڵەت و مشوورخواردنی هاوڵاتیان و دروستکردنی دامەزراوە و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییان و ڕێنماییکردنیان، هەروەها سزادانی ئەوانەی تاوان و ناپاکی ئەنجام ئەدەن".

بەشی سێیەم: سەرپەرشتی و چاودێریکردنی ئەوانەی لە لێواری لەناوچونن، دەبێ میکانیزمی پاراستن و ڕزگارکردنیان بۆ دابین بکات، ئەوەش دەبێت بە دوو بەشەوە: یەکێکیان سەروکاری بێسەرپەرشتانە وەکو: پارێزگاری لە ڕووح و ماڵی منداڵ و شێت، دووەمیان: نەهێشتنی پێداویستی خاوەن پێداویستییەکانە، ئەمە کۆکراوەی ئەرکی ئیمامە"، لە دەستەواژەکەدا دەبینی دەبێ دەوڵەت میکانیزمی سەرپەرشتی بێدەسەڵات بکات، هەروەها هەوڵی هەستانەوەیان بدات و هەلیان بۆ بڕەخسێنێت، بەمە جوەینی ئەرکی دەوڵەتمان بۆ دەکات بە دوو بەشەوە، کە ئەویش: دەوڵەتی پاسەوانیکردن و

دەوڵەتـــی سـەرپەرشـــتکاریکردنە، لە دەوڵەتـــی سـەرپەرشـــتکاریکردندا ئەرکـــی دەوڵەت ڕەخســـاندنی فێرکـــردن، دەرمـــانکردن، چارەســـەرکردن، هەروەهـــا ســـازاندنی هەلیکـــارە بـــۆ هاولاتیـــانە بەگشـــتی، لە نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی بیستەمدا وڵاتانی عەرەبی تا ئەندازەیەک لەوکاتەدا ئەم چەمکەیان پیادە دەکرد، لە گەشـەکردن و تێپەڕانـدنی نەخوێندەواریـدا، ڕەگەزێکـی چـالاک بـوون، بەڵام زۆریـی تێچـووی فێرکـردن و چارەسـەر و بێتوانـایی دەوڵەت لە دۆزینـەوە و ڕەخسـاندنی هەلیکـاردا، پـاڵی بە وڵاتـانی عەرەبی ئەمڕۆوە نـا بە ئەنـدازەیەکی گەورە، واز لە چەمکـی دەوڵەتـی سەرپەرشـتیکردن بێـنن و دەرگـا بـۆ کەرتـی تـــایبەت و ئـــابووری جیهـــانگەرایی بـــکەنەوە، ئەمەش وایکـــرد لە دەوڵەتـــی سەرپەرشـتیارییەوە هەنگـاو بنـێن بـۆ دەوڵەتـی پاسـەوانیکردن، ئەوەش کاتێک وایلێدێت دەوڵەت واز لە ئەرکـی گەشـەپێدان بێنێت و ڕۆڵـی قەتـیس بمێنێت لە سوپا و دادگـادا، ئەمەش چەمکێکـی تەقلیدییە وەکـو جوەینی دەڵێت: سیاسـەتی دادگەرانە دانی پێدا نانێت.

ئەگەر لەبەر ئەو هۆکارانەی باسکران دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت قبـوڵ نەبێت، وازهێنـانی دەوڵەت لە ڕۆڵـی خـۆی بـۆ کەرتـی تـایبەت و کۆمپانیـا فـرەڕەگەزە کیشـــوەربڕەکان، ئەوە ناگەیەنێـت دەوڵەت ڕۆڵـــی نەبێـت، بەڵکـو دەوڵەت ئەگەر خەریکـی سیاسـەتێکی دادگەرانە بێت بـۆ پاراسـتنی هاولاتیـان بە گشـتی، ئەوکـاتە ئەرکـی دەوڵەت گرنگتـر دەبێت، بەڵکـو هەنـدێک کـات لەپێنـاو ئەوانەی خەریکـن بەرەو تیـاچوون بـڕۆن و توانـای ڕەخسـاندنی چـاودێری تەندروسـتی و فێرکردنـی لەباریـان نیـیە دەبـێ دەوڵەت ڕاسـتەوخۆ بێـتە مەیدانەوە، ئەمەش دەستەواژەیەکە جوەینی دەریبڕیوە کە دەڵێت: "ئەرکـی ئیمـام پارێزگـــارییە لە هاولاتیـــان و دروســـتکردنی دامەزراوە و پارێزگـــاریکردن لە بەرژەوەنـدییان و ڕێنماییکردنیـانە، بەڵام بـۆ ئەو کەسـانەی بێتوانـان، دەوڵەت بەرپرسیاریەتێکی ڕاستەوخۆی لەسـەرە دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنیان و سازاندنی چاودێریی بۆیان".

دەروازەی دووەم (المنطلـق الثـاني) لە ڕێنمـایی سیاسـەت: جـوەینی ئەرکـی دەوڵەت و ئەرکی کۆمەڵگەی دییاریکردوە، کە ئەمڕۆ لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی ناحکومیەوە ڕێکدەخرێن، لەهەمان کاتدا جیاوازیکردووە لەنێوان سەرپەرشتیکردنی دەوڵەت بۆ چالاکی گشتی و دەستێوەردانی دەوڵەتدا، ئەم جیاکردنەوەیە دەردەکەوێت لە دیاریکردنی دەسەڵاتی ئیمام لە بابەتی پەرستشەکاندا، ڕایگەیاندووە ئیمام، یان جێگرەکەی ئامادەی جومعە و جەماعەت دەبن، بەڵام ئەنجامدانی جومعە و جەماعەت پێویستی بە ڕەزامەندی پێشوەختی ئیمام نییە، چونکە خوا خۆی ڕێگەی بە ئەنجامدانی داوە، بەڵام بۆ ئەوەی بە هۆی قەرەباڵغی و پاڵەپەستۆوە فیتنە ڕوونەدات ئیمام، یان جێگرەکەی دەبێ ئامادە بن، لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر بوترێت پەرستشەکان پەیوەندییان بە ڕای ئیمامەوە چییە؟ دەڵێین: ئەوانەی لە ئیسلامدا دروشمێکی دیارن پێویستی بە ڕای ئیمام هەیە،[1] ئەوەش دابەش دەبێت بەوەی پەیوەندە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە خەڵکیەوە هەیە، ئەوەش پەیوەندی نییە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە خەڵکی، ئەوەی درووشمێکی دیار و دەستەجەمعیە و پەیوەندی بە کۆبونەوەی ژمارەیەکی دیاری خەڵکەوە هەیە، کاتێک قەرەباڵغی دروست بوو، ئەو کاتە چەندین جۆر و چینی خەڵکی لە خۆی دەگرێت و پاڵەپەستۆ دروست دەبێت، لەو کەڵەکەبوونەدا ترس لە کاری نەشیاو هەیە، بۆیە ئەگەر لەناویاندا کەسانی فریادڕەس و ئازا و بەتوانا هەبێت، ڕێگری لە کەسانێک دەکەن بیانەوێت دەستدرێژی بکەن، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەش پارێزراو دەبییێت، ترس و سامی والی چەندین گومان ناهێڵێت... بەڵام ئەو پەرستشە بەدەنیانەی دروشمێکی دەستەجەمعی نین، پێویست بە ئامادەبوونی ئیمام ناکات، مەگەر ڕووداوێک بێت و بیەوێت ڕای خۆی لەبارەوە بڵێت،[2] پوختەی بیرۆکەی جوەینی ئەوەیە: دەوڵەت، یان نوێنەری، پێویستە لە بەجێهێنانی نوێژی هەینی و جەژنەکان و دروشمەکانی حەجدا هەبن، هەرچەند ڕەزامەندی ئیمام لە بەجێهێنانی دروشمە ئاینیەکاندان مەرجێک

---

[1] دروشمە دیارەکان وەکو: نوێژی هەینی و جەژنەکان و کاتی حەج و عومرە، چونکە ئەو دروشمانە لە پێش چاوی خەڵک ئەنجام دەدرێن، بەڵام نوێژ و زەکات دروشمی بەرچاو نین.

[2] الجويني، الغياثي "غياث الأمم في التياث الظلم"، مرجع سابق، ص١٤٧.

نیـیه بـۆ دروسـتی خواپەرسـتی، بەڵکو ئامـادەبوونی نـوێنەری دەوڵەت لەکـاتی قەرەباڵغیدا بۆ ڕوونەدانی ئاژاوەیە.(١)

ئەم چارەسـەرەی جـوەینی ئیجتیهادەکـانی مەزهەبـی شـافیعی تێپەڕانـدووە، لەم بابەتەدا ڕاجیایی لەنێوان شـافیعییەکان و حەنەفییەکاندا هەیە، حەنەفییەکان وایـدەبینن ڕەزامەنـدی ئیمـام بـۆ بەجێگەیانـدنی جـومعە و جەمـاعەت و حەج و هاوشـێوەکانیان پێویسـتە،(٢) لەکاتێکـدا شـافیعییەکان ئەوە بەمەرج دانـانین،(٣) شافیعییەکان پشت بەوە دەبەستن پەرستشەکان هەر لە سەرەتاوە مۆڵەتیان بۆ وەرگیراوە، پێویسـت بە مـۆڵەتی تـر ناکـات، بەدڵنیاییـەوە جوەینی دەرکـی بەوە کردووە بەرژەوەندی دەخوازێت ئەوە بوترێت، لەبەر دورخسـتنەوەی مەترسـی چـاوەڕوان کـراو، ئەبـێ نـوێنەری ئیمـام هەبێـت، بـۆیە وتـوویەتی ئیمـام، یـان نوێنەری، بۆ گونجاندن لەگەڵ مەزهەبی شافیعیدا، نەیکردووە بە مەرجی نوێژ، بەڵکو بۆ تووندوتۆڵی و ڕێکوپێکی کردوویەتی بە مەرج.

بیـرۆکەی جـوەینی بە بەڵـگە دادەنرێـت لەسـەر جـوداکردنەوەی چەمکـی (سەرپەرشـتی دەوڵەت) لە چەمکـی (دەسـتێوەردانی دەوڵەت)، ئەوە بـابەتێکی گرنگە، بۆیە پێویستە لە سـەردەمی جیهانگەراییدا بە ڕوونـی دەرگـا والا بکرێت بـۆ کـۆمەڵگە، دوور لە گرێکوێرەکـانی کـاری دەوڵەت خـۆی کاروبـاری خـۆی ڕێکبخـات، بـۆ ئەوەی لەبەرانـبەر کۆمپانیـا کیشـوەربڕەکاندا هێزێـک بێـت بـۆ

---

١ دەبو ئیمامی جوەینی جیاوازی بکردایە لە نێوان ئامادەبوونی ئیمام لەبەر ڕوونەدانی ئاژاوە و سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش، لەبەر ئەوەی ئەمەیان بە هێزەکانی پۆلیس، یان هەر هێزێکی تری ئامادەکراو دەکرێت، لەگەڵ ئامادەبوونی ئیمام، لەبەر ڕێز و هەیبەت و بە گەورە تەماشاکردنی دروشمە ئاینییەکان، کە ئامادەبوونی ئەوان زیاتر هاندەرە بۆ خەڵکی زیاتر بایەخی پێبدەن و لە ئاستیاندا کەمتەرخەم نەبن، وەرگێڕ.

٢ الموصلي، عبد الله بن محمود بن مودود الحنفي، الإختيار لتعليل المختار، تحقيق: عبداللطيف محمد عبد الرحمن، بيروت: دار الكتب العلمية، ط ٣ ،٢٠٠٥م، ص٨٨.

٣ الحصني، تقى الدين أبوبكر بن محمد بن عبدالمؤمن، كفاية الأخيار في حل غاية الاختصار، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠١م، ص٢٠٨.

دەوڵەتە نیشتیمانییەکان، بەڵام پێویستە ئەم چالاکییە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتییدا بمێنێتەوە تووندوتۆڵ دەستی پێوە بگیرێت.[1]

پێویستە ئەو بوارانە دیاری بکرێت ڕێگە لە دەوڵەت دەگرێت ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی تێدا بکات، ئەو بوارانەش دەوڵەت دەتوانێت تەنها سەرپەرشتی تێدا بکات، ئەمەش لەپێناوی ڕێگریی لە دەست و پێوەندکردنی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتدا، چاودێریی دەوڵەت بۆ کاروباری نەخۆشخانە تایبەتەکان، مافی ئەوەی هەیە بۆ دڵنیابوون لە شایستەیی کارمەندەکان، لە بڕوانامەکانیان، بەڵام مافی ئەوەی نییە لەبەر لێهاتوویی و بوونی مەرجە زانستییەکان دەستێوەردان بکات بۆ دامەزراندنی کەسێک.

بەڵام لەلایەن کاری سەربازییەوە بۆ نموونە دەسەڵاتی دەوڵەت فراوانترە، لەیەک کاتدا دەستێوەردان و سەرپەرشتیش دەکات، ئەمە کارێکی پاساودراو و لۆژیکیە، وەکو ئاماژەمان پێکرد، ئەوەی گرنگە ئەو بوارانە دیار بن دەوڵەت تەنها دەتوانێت سەرپەشتیان تێدا بکات، نەک دەستێوەردان، وەکو: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرپەرشتی زانکۆکان، ئەوقاف، ئەم دامەزراوانە هەڵدەستن بە ڕۆڵی فیکریی، بۆیە تا بتوانن داهێنان بکەن پێویستییان بە کەش و هەوایەکی ئازادانە هەیە، ئەم دامەزراوانە وەکو دامەزراوەی سەربازی نییە دەوڵەت دەستێوەردانیان تێدا بکات.

دەروازەی سێیەم: جوەینی لە چارەسەرە سیاسیەکانیدا ئاشکرای کردووە لە سەرەتاوە ئوممەت بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان، هەرکاتێک دەوڵەت پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ نەکرا دەتوانێت باجی دارایی لەسەر هاوڵاتیان دابنێت.[2]

---

[1] بەداخەوە ئەوەی لەباتی بایەخ پێدان و تووندوتۆڵکردنی؛ لە وڵاتی ئێمە و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی، بەپێچەوانەی خواستی موسڵمانان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کراوە، بە بەشێکی بچووک لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی سیاسەتی حکومەت. وەرگێڕ.

[2] لەکاتێکدا ئەمە ڕاستە وەکو ئەمڕۆ دەیبینین دەوڵەت خۆی گەندەڵ نەبێت، وەرگێڕ.

دەروازەی چوارەم: ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئاسایش و مافی مرۆڤدا، جوەینی سوورە لەسەر ئەوەی خودی مافی مرۆڤ کۆت و بەندە لەسەر هەڵسوکەوتی دەوڵەت، بۆیە لەسەر بوختان و درۆ ڕێگە بە گرتن نادرێت، هەروەکو سزای حەد نابێ لەسەرووی ئەندازەی دیاریکراوەوە بێت، لەم بارەیەوە جوەینی دەڵێت: "ئەوەی پەیوەندی بە ئێستای ئێمەوە هەیە، ئەوانەی دەیانەوێت بارودۆخ توندوتۆڵ بکەن و خەڵکی بخەنە سەر بڕیاری ڕاست و دروست، پێش ئەوەی زانیارییان هەبێت، لەسەر هەڵە و خراپە، بە گومان ڕێگریی لە خەڵکی دەکەن، شەرع مۆڵەتی ئەم جۆرە کارانە نادات، ئەوەی پێویستە نزیکبوونەوەیە لە مەبەستی شەرع، ئادابی ئاینیش وایە مرۆڤ دوای گومان نەکەوێت، بۆیە دەبێ ئیمام بە توندی ڕێگری لەو کەسانە بکات بەو کارە هەڵدەستن، ئەگەر دووبارەیان کردەوە ئیمام سزایان بدات، چونکە بەشێوەیەکی چاونەترسانە سەرپێچیان لە فەرمانی دەسەڵاتدار کردووە، بۆیە دەبێ بەپێی شەرع سنووریان بۆ دابنرێت".[1] واتای قسەکەی جوەینی ئەوەیە: ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەڵوێستێکدا گومانی هەبوو، ئەو گومانە بە دەقی یاسا سزای نەبوو، بەبێ بوونی یاسایەک ئەو کارە بەتاوان دابنێت سزادان دروست نییە، بەڵام ئیمام دەتوانێت ڕێگە و جێگەی قەدەغەکردنی ئەو جۆرە کارانە بگرێتەبەر، دوای دەرکردنی دەقی یاسایی ئیمام دەتوانێت لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران بکات، وەکو دەبینیت جوەینی ڕێگە نادات بە گومان بنەمای گرتن پیادە بکرێت، یان ڕێگە نادات پیاوانی ئاسایش بە گومان دەسەڵاتی گرتنی خەڵکانێکیان هەبێت، چونکە ئەم جۆرە صەلاحیەتانە لە خەملاندنی بارودۆخ و گرتندا دەسەڵاتێکی بەرفراوان دەدات بە پیاوانی ئاسایش، ئەوکاتە پیاوانی ئاسایش دەبن بە دادوەر و یاسادانەر و جێبەجێکار، ئەمەش مەترسییە لەسەر ئازادییە گشتییەکان.

ئەمەش واتای پاراستنی تاوانبار نییە، بەڵکو جوەینی دەسەڵاتی دانانی هەندێک یاسا دەدات بە موشەڕیع کە ئەو کردەوانەی دەوڵەت گومانی لێیان

[1] الجويني، الغياثي "غياث الأمم في التياث الظلم"، مرجع سابق، ص١٧١.

هەیە بە یاسای تاوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات، جوەینی پاساوی ڕایەکەی بەم شێوەیە دێنێتەوە: "ڕێوشوێنی ئاین وایە مرۆڤ خۆی لە شوێنی گوماناوی بپارێزێت، ئەوەی ڕاستە ئیمام بە توونـدی ڕێگـری لەوانە بکـات بەو کـارانە هەڵدەستن، ئەگەر دووبارەیان کردەوە سزا ئەدرێن چونکە سـەرپێچی فەرمـانی دەسەڵاتداری خۆیکردووە، بەمشێوەیە یاساکان لای هاووڵاتیان ڕوون دەبێت، ئەو کاتە نایبەزێنێت و ئازادییەکانیش پارێزراو دەبن.

جـــوەینی زیـــاتر لە سەرزەنشـــتکردنی قبـــوڵ نەبـــووە، دژی ئەوانەش وەسـتاوەتەوە ڕایـان لەسـەریەتی کە وتـوویەتی: "پاشـان سەرزەنشـتکردن - وەکو شـەرعزانەکان وتوویـانە - ناگـاتە ئاسـتی سنوورەکان، ئەوەی کە دەبێ ئێسـتا هەڵوێسـتەی لەسـەر بکەیـن ئەوەیە: خەڵکـانی پێشـوو وای بـۆ چـوون پلەکـانی دەسـەڵات و سەرپەرشـتیاری تەنهـا پشـت بە ڕای مالیـک (ڕەحمەتـی خـوای لێبێـت) دەبەسـتن، ئەویـش ڕای وایە تەمێکـردن لە ئەنـدازەی حەدەکـان زیـاتر بێـت، بەڵام ئێسـتا دڵەکـان ڕەشـبوون، ئەگەر سـزاکان کەم بکـرێنەوە، سیاسـەت دەوامـی نابێـت، ئێسـتا ئەم هـونەرە کەودەنەکـان گـاڵتەی پێـدەکەن، لەڕاسـتیدا ئەم گـاڵتەپێکردە دەبێـتە هـۆی ئەوەی دژایەتـی ئـاینی گەورەی پێغەمبەرانـی پێ بکرێـت (کە ئیسـلامە)".[1] لە دەقـی پێشـوو تێبینـی دەکرێت بە ڕوونی جوەینی ڕای وایە تەمێکردن بە لێدان لە حەد زیاتر دروست نییە، خۆ ئەگەر زیادە تەمێکردن کەڵکی هەبوایە خەڵکی دەگەڕانەوە لە کاری نەشیاو، وەکو وتیشمان مافی مرۆڤ کۆتوبەندی لەسەر ڕەفتاری دەوڵەت داناوە.

هەروەکـــو جـــوەینی ئەرکـــی دەوڵەتـــی دیـــاری کـــردووە، بەشـــێوەیەک سـنووورداری کـردووە کە خـۆی دەبینێـتەوە لە پارێزگـاریکردن لە: عەقیـدە و بـاوەڕی ئوممەت، هەروەهـا دژایەتیکردنـی بیدعە، چونکە مەترسییەکی گەورە لەسـەر چەمکـی (ئـوممەت) دروسـت دەکـات، هەروەهـا ئەرکـی ئـابووری و

---

[1] المرجع السابق، ص١٧١.

بـانگەوازی بـۆ دیـاریکردووە، هەروەکـو وتـوویەتی ئاسـایش بە جۆرێـک توونـدوتۆڵ بکرێـت، مـافی مـرۆڤ پێشـێل نەکـات، هەروەهـا قسـەی لەسـەر توونـدوتۆڵکردنی سـەروەری دەوڵەت کـردووە کە بەجۆرێک بێت هاوکێشـەی تاکەکان تێکنەدات.

**هەشتەم: مەرجەکانی کارکردن لە سیاسەتی شەرعییدا:**

کاتێـک بەبـێ ئـاوڕدانەوە لە بـارودۆخ و هەلومەرجەکـان، بە هەڵە دەقێـک جێبەجـێ دەکرێـت، ئەویـش دەبێـتە هـۆی زیـان و لادان، یـان سـاختەکردن و زایەکردنـی مەبەسـتە شـەرعییەکان، بـۆ نمـوونە وەکـو: ئەنجامـدانی بەخششـی ڕووکەشـی بـۆ خـۆدزینەوە لە زەکاتـدان، کە بە ڕووکەش زەکاتـدانە، بەڵام لە بنەڕەتدا زەکات نییە، ئەمەش زیان و لادان لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، بۆ چارەسەرکردنی، بنەماکانی سیاسەتی شەرعیش دوو مەرجیان داناوە: مەرجی یەکەم: حوکمە سیاسییەکە یەکبگرێتەوە لەگەڵ مەبەستە شـەرعییەکان و بنەما گشـتییەکانیدا، کە باڵادەسـتن بەسـەر بەشـەکانی ئیجتیهـاددا، هەروەهـا یەکبگـرێتەوە لەگەڵ مەبەسـتی سـەرەکی بەدەستخسـتنی بەرژەوەنـدییەکان و وەلانـانی خراپەکـان، کە هەمـوو شـەریعەتەکان لەم پێنـاوەدا هـاتوون، مەرجـی دووەم: نـابێ حـوکمەکە پـێچەوانەی بەڵگەیەکـی شـەرعی بێـت کە بە وردی باسکراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی مەرجی یەکەم ئەڵێین: مەبەسـتە شـەرعییەکان ئەوانەن زانایـانی ئوصـوڵ بە خوێنـدنەوەی حوکمەکـانی وەکـو: پاراسـتنی ناچارییەکـان (الضـروريات) و پێداویسـتییەکان (الحاجيـات) و باشـکردنەکان (التحسـينيات) دایـان نـاوە، لەم بـارەیەوە شـاتیبی دەڵێت: "ئەرکە شـەرعییەکان خۆیـان لە مەبەسـتەکاندا دەبینـنەوە، پارێزگـاریکردنە لە خەڵکـی، کە ئەم مەبەستانەش دەبن بە سێ بەشـەوە: یەکێکیـان دەبێت ناچـاری بێت، دووەم: دەبێ پێویست بێت، سێیەم: دەبێ پەسـەند بێت".[1] بەشی یەکەم کە ناچارییە پەیوەستە بە مانەوەی مرۆڤایەتیەوە، کە پارێزگاریی نەفسە، وەچەیە، هەروەها

---

[1] الشاطبي، الموافقات في أصول الشريعة، مرجع سابق، ج١ - ٢، ص٣٢٤.

پارێزگـاریکردنه له ڕاگـری بـوونی مـرۆڤ که: ئـاین و عەقـڵ و مـاڵه. بەشـی دووەم: ئەو پێداویستییانەیه به لەدەستدانیان تەنگانه و بشێوی دروست دەبێت، که ئەو تەنگـانەیەش له دینـدا نیـیه، وەکـو خـوای پەروەردگـار دەفەرموێـت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِـي الـدِّينِ مِـنْ حَـرَجٍ﴾ (الحـج: ٧٨). واته: هەروەها بەردەوام بن له خەبات و جیهاد و هـەوڵ و کۆشـش لـه پێنـاوی خوادا بەو شێوەیەی که شایستەیەتی، لەبەر خاتری ئەو بێت، ئەو زاته بۆ ئـەوه هەڵیبژاردوون و له ئاین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆره شتێکی نـاڕەوا و قـورس و گرانی لەسەر دانەناون (که نەتوانن ئەنجامی بدەن).

پێداویستییەکان به تەواوکەری ناچارییەکان دادەنرێت، له پێگەی پێداویستـی ئاسـتی ناچاریـدا وەکـو ئاوەڵنـاو وایه بـۆ نـاو، لەسـەر ئەمه هەرکـات لەنێـوان ناچاری و پێداویستیدا تێکگیران دروست بوو، ناچـاریی پێش دەخرێت، چـونکه هەرکات ناو نەما، ئاوەڵناویش نامێنێت.

بەشـی سـێیەم: باشـکردنەکانه (التحسـينيات) که پەیوەنـدی به فەنتـازی و ئاسودەییەکان (الكماليات)ەوه هەیه، وەکو: هاندانی جوانکاری، که پەیوەندی به داب و چێـژی گشـتیەوه هەیه، وەکـو: نەخـش و نیگـاری تەلارسـازی له نـاوچەیەکی دیـاریکراودا، ئەوەی گەشـه به چێـژی گشـتی مرۆڤـایەتی دەدات شەرعیش ڕەچاوی کردووه.

خـاوەنی شـەرع دەیەوێـت کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی له چڵەپـۆپەی خۆشگوزەرانیدا بن، وەکو له بەسـەرهاتی گۆڕی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەردا (درودی خـوای لەسـەر) دەردەکەوێـت، جـوانی بیناسـازی ڕەچـاوکراوه، وەکـو مەکحول دەگێڕێتەوه دەڵێت: "پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لەسـەر لێواری گـۆڕەکەی بـوو، بۆشـاییەکی له گـۆڕیچکەکەدا بینـی، گڵمتـک (یـان قـوڕێکی هەویرئاسا)یدا به دەست گۆڕهەڵکەنەوه بیخاته بۆشـاییەکەوه، فەرمـووی ئەمه نه زیـانی هەیه نه قـازانج، بەڵام سـوکنایی دڵـی زینـدووی پێـدێت".[١] ئەگەر پێغەمـبەر (درودی خـوای لەسـەر) له ڕێـک کردنـی گۆڕێکدا ڕەچـاوی دیمەنـی

[١] ابن سعد، الطبقات الكبرى، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار صادر،١٩٦٨م، ج١، ص١٤٢،

جوانی کردبێت، بۆ ئەو مەبەستە بۆ سوکنایی هاتنی دڵی فەرمانی کردبێت بە گۆڕهەڵکەن بە گرتنی بۆشاییەکە، کە زیانێکیش ناگەیەنێت بە مردوو، ئەوە زۆر لە پێشترە لە نەخشەی شار و خانووەکاندا ڕەچاو بکرێت، ڕەچاوکردنی چێژی تەواو، لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بەدی دەکرێت، کە دەفەرموێت: "إنّ اللَّـهَ تَعَالى يُحِبّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلاً أَنْ يُتْقِنَهُ".[١] واتە: خوای باڵادەست پێیخۆشە ئەگەر یەکێک لە ئێوە کارێکی کرد بەجوانی ئەنجامی بدات. وشەی (عملاً) بە ڕەهایی هاتووە بۆ ئەوەی هەموو کارێک بگرێتەوە.

بە بنیاتنان لەسەر ئەمە هەر ڕاییکردنێک، یان بڕیاردانێک بۆ ئەم ئامانجانە بێت، لە شەرعدا ڕەچاو دەکرێت، چونکە یەکێکە لە ئامانج و مەبەستەکانی شەرع، عیززی کوڕی عەبدولسەلامیش بە هەمان ئەنجام گەیشتووە کە دەڵێت: "کەسێک لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان و دوورخستنەوەی خراپەکاندا بەدواداچوون بکات، لەکۆی گشتی ئەو بەدواداچوونەدا قەناعەت و بەرچاوڕوونی بۆ دروست دەبێت، با دەقێک، یان کۆڕایی، یان قیاسێکی تایبەت لەبارەیانەوە نەبێت، قەناعەتی بۆ دروست دەبێت نابێ ئەو بەرژەوەندییانە پشتگوێ بخرێن و نزیکبوونەوەش لەو خراپانە نابێ بکرێت، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە خودی شەرع ئەوە پێویست دەکات".[٢] لە ڕووی شەرعیەوە کرۆکی بەرژەوەندی ڕەچاوکراو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی شارەزایانی ئەو بوارە دەردەکەوێت، بەم هەنگاوە بوار دەڕەخسێت بۆ سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەی زانستی و داتاکان و ئەزموونی گەلان لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانیاندا.

---

١ البيهقي، أحمد بن الحسين، الجامع لشعب الإيمان، أشرف على تحقيقه: مختار الندوي، الرياض: مكتبة الرشيد،٢٠٠٣م، ج٧، ص٢٣٣، حديث رقم: (٤٩٣٠)، وقال عنه المحقق: إسناده صحيح.

٢ ابن عبدالسلام، عزالدين عبدالعزيز، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، راجعه: طه سعد، القاهرة: مكتبة الكليات الأزهرية، ١٩٦٨م، ج٢، ص١٨٩.

مەبەستمان لە گشتی، لە هەمووەکان، ئەو گشتی و بنچینە و بنەمایانەیە قورئان بە دەستەواژەکانی دایانی ڕشتووە، وەکو: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ (الشوری: ٣٨). واتە: کارەکانیان لەنێو خۆیاندا بە ڕاوێژ ئەنجام دەدەن، هەروەها هەندێک بنچینە و گشتایەتی مەعنەوی (العموميات المعنوية) هەیە، ئەمانەیان لە خوێندنەوە و بەدواداچوونی بەشەکان (الجزئيات) وەرگیراون، ئەوانەی لەگەڵ ئەم بنەما گشتییانەدا کە وەکو پلانی تەشریعین تێکهەڵکێش دەبن بریتین لە: ئاگربڕ و بەهانەبڕەکان (سد الذرائع) باش و پەسەندەکان (الاستحسان)، پشتبەستن بە دابونەریتی دروست، لەگەڵ کۆمەڵێک بنەمای گشتی وەکو: هەڵگرتنی زەحمەت و تەنگانە، ڕەچاوکردنی دادگەری، یەکسانی، ڕاوێژ، گێڕانەوەی تەنگ و چەڵەمەکان بۆ لای کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون.[١]

لە پراکتیزەکانی ئەم بنەمایانە: بایەخدان بە پزیشکیی خۆپاریزی (الطب الوقائي) وەکو: قەترەی پاریزگاری منالان لە نەخۆشییەکان و دەبێ خەڵکی پێوە پابەند بکرێت تا ڕێگر بێت لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درم و کوشندەکان، لەبەر ئەوەی مانەوەی لاشە بە ساغ و سەلامەتی، مەبەستێکی شەرعییە، بۆیە ڕێگری لە هەر شتێک ببێت بە هۆی لەناودانی پشتیوانییەکی ئیجتیهادییە بۆ مەبەستێکی شەرعی.

هەندێک جێبەجێکردن کە پەیوەندی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ئوممەتەوە هەیە لەناو "بنەما گشتی"یەکاندا جێگەیان دەبێتەوە، وەکو: دانانی پۆلیس لە ڕێگەوبانەکان بۆ پاریزگاری لەئاسایش و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەسەلاتی بالا، یان سیستەمی "پێناسی باری کەسێتی" لەولاتدا، هەموو ئەمانە ئەچنە چوار چێوەی سیاسەتی شەرعیەوە، با دەقێکیش لەبارەیانەوە نەهاتبێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەبەستە شەرعیەکاندا یەکدەگرێتەوە، هەروەها بنەما گشتیەکانی شەریعەت ئەیانگرێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێکخستنی کاروباری تاکەکانە، هەروەها ئامرازێکیشە بۆ ناسینی یەکبەیەکی ئەوخەڵکە بەتایبەت،

---

[١] عطوة، المدخل إلى السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٢٢.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی ئەوان و بەرژەوەندی گشتیش لە دەوڵەتدا بەدەست دەهێنرێت.

ئەمانە مەرجی یەکەمی کارکردنن بە سیاسەتی شەرعیی، مەرجی دووەم: بۆ جێبەجێکردنی حوکمی سیاسیی ئەوەیە: نابێ حوکمەکە دژایەتیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەڵگەیەک لە بەڵگە درێژەپێدراوەکاندا هەبێت، بۆ زانینی دژایەتی بەڵگە درێژەپێدراوەکان دەبێ سەرجەم گشتایەتییە مەعنەوییەکان (العموميات المعنوية) بکەین بە دادوەر، ئەو کاتە لە ڕێگەی بنەما گشتگیرەکانەوە لە بەشەکان تێدەگەین، ئەوەش وەکو شاتیبی دەڵێت: "بە ڕەهایی کۆتا تێڕامانی موجتەهیدەکانە".[1] بۆ نموونە ڕێگری لە "دانانی نرخ"، کە لە فەرموودەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووە کاتێک هاوەڵان داوایان لێکرد نرخ دابنێت فەرمووی: "إنَّ اللَّهَ هوَ المسعِّرُ القابضُ الباسطُ الرَّازقُ، وإنِّي لأرجو أن ألقَى اللَّهَ وليسَ أحدٌ منكُم يطالبُني بمَظلمةٍ في دمٍ ولا مال".[2] واتە: خوا خۆی نرخ دادەنێت و دەیگرێتەوە، هەروەها دەینێرێت و ڕزقدەرە، ئومێدم وایە بگەم بە خوا کەسێک لە ئێوە یەخەم نەگرێت لەسەر ئەوەی بەزۆر ماڵ، یان خوێنم لێسەندبێ. دەبێ لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی تری وەکو: ڕەچاوکردنی دادگەریی، یەکسانی، مکوڕبوون لەسەر ڕاگرتنی هاوکێشەی نێوان گرێبەستەکان، کە خۆیان لە: فریودان (الغرر)، ناپاکی (الغش)، ساختەکاری (التدليس)، دەبیننەوە، هەروەها هەندێک دەقی تریش هەیە ڕێگە بە زۆرلێکردن بە فرۆشتن دەدەن، ئەگەر بە هۆیەوە دادگەری بێتە دی، کە ئەمە ڕای ئیمامی مالیکە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)،[3] یان ڕێگەدان بە داواکردنی هەڵگرتنەوەی هاوبەش (الشفعة)،

---

[1] الشاطبي، الموافقات في أصول الشريعة، مرجع سابق، ج٣ - ٤، ص١٣.

[2] رواه أبو داود واللفظ له، سنن أبي داود، كتاب أبواب الإجارة، باب: في التسعير، ص٣٨٥، حديث رقم: (٣٤٥١). وابن ماجة، سنن إبن ماجة، كتاب التجارات، باب: من كره أن يسعر، ص٢٣٨، حديث رقم: ٢٢٠٠). والترمذي، كتاب البيوع، باب: ما جاء في التسعير، ص٢٣١، حديث رقم: ١٣١٤). وقال هذا حديث حسن، وصححه الألباني. صحيح سنن ابن ماجة، كتاب التجارات، باب: من كره أن يسعر، ج٢، ص٢٢٢، حديث رقم: (١٨٠١ - ٢٢٣٠).

[3] الباجي، المنتقى شرح الموطأ، مرجع سابق، ج٥، ص١٦ - ١٧.

سەندنی فرۆشراو بەزۆر لە خاوەنەکەی، کۆی ئەم دەقانە مەبەستی خاوەنی شەرع لە دیاری نەکردنی نرخ دیاریدەکات، کە شوێنی ستەمەکە لە کوێدایە.

ئەمە کۆتا شتە کە ئیبنو تەیمیە و ئیبنولقەیم پێگەیشتوون،(١) کە ڕوونیان کردۆتەوە هەندێک نرخدانان دادگەرییە و دروستە، تەنانەت واجبیشە، هەشیانە ستەمە و ڕێگە پێنەدراوە، بۆیە کۆی دەقەکان لۆژیکی یەکپارچەیی تەشریع دروست دەکەن، هەروەها کۆی دەقەکان لەسەر ڕێگەپێدان (المباح) بڕیاری کۆتایی دروست دەکەن، لەوانەیە هەندێک ڕێگەپێدراو زەرەر بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت، بۆ نموونە وەکو هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانە، بۆیە بە وردبوونەوە لە کۆی دەقە شەرعییەکان بڕیار دەدرێت، نەک تەنها لە چوارچێوەی دەقێکدا.

هەروەها ئەو دەقانەی پەیوەندییان بە خاوەنداری کەسێتیەوە هەیە، دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەقانەدا بێت کە ڕێگری دەکەن لە بەکارهێنانی ماف کە ببێت بە زیانگەیاندنی ڕادەبەدەر بە تاک، یان کۆی کۆمەڵگە، هەروەها ئەو دەقانەی داوای گوێڕایەڵی خاوەن دەسەڵات دەکەن، دەبێ لە چوارچێوەی ئەو دەقانەدا بێت کە باس لە مافی ڕەعیەت و هاوڵاتیان دەکات، ئەگەر ئەم تێڕوانینە گشتگیرە پشتگوێ بخەین وەکو باوەڕبوون بە هەندێک لە دین و قەناعەت نەبوون بە هەندێکی لێدێت، ئەوەش ڕێگەپێدراو نییە، لەبەر ئەوەی شەریعەت بەشبەش ناکرێت.

ڕوونکردنەوەی مەرجی ئەم چەمکە ئەوەیە: حوکمە سیاسییەکە دژایەتی ڕوون و ڕاشکاوی لەگەڵ دەقە جوزئیەکاندا نەبێت، چەند نموونەیەک دێنینەوە کە بەڕواڵەت وادەردەکەوێت لەگەڵ دەقدا پێکدادان دروست دەکات، ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانەوە تەماشایان بکەین، هیچ پێکدادانێک نیە، بۆنمونە:

---

١ ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص٣٥٥ و بە دواوە.

عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) بەتێگەیشتنی لە ئامانجی دەق، بەشی دڵڕاگیراوەكان (مؤلفة القلوب)ی ڕاگرت،[1] هەروەها عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) ڕێگریی لە هاوسەرگیری لەگەڵ شوێنكەوتووی كتێبەكان كرد، كە ئەمە كار ڕێكخستنی سیاسییە، پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە، عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) دژ بە حەقیقەتی ئەو دەقە نەبوو ڕێگە بە هاوسەرگیری لەگەڵ شوێنكەوتووی كتێبەكان دەدات.

ڕوونكردنەوەی بەم شێوەیەیە: دەقی ئایەتی ڕێگەدان بە هاوسەرگیریی ئەم حاڵەتە ناگرێتەوە، هەرچەند كۆی گشتی زمانەوانی وادەردەكەوێت دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوەی زانایانی ئوصوڵ وتوویانە دارشتنە گشتییەكان كۆی گشتیان نەك كۆی زمانەوانیان بەكارهێنانی شەرعیان تێدا دەكرێت،[2] هەروەها بنەما گشتییەكان ڕێنمایی گشتی دەستەواژەی حوكمەكە و مەبەستی خاوەنی شەرع دیاری دەكات.[3]

بینینی سەرەنجام یەكێكە لەو بنەمایانەی مەبەستە گشتییە شەرعیەكە لە وشە گشتییەكەدا دیاری دەكات "لەبەر ئەوەی وردبوونەوە لە سەرەنجامی كارەكان مەبەستێكی شەرعییە".[4] كاتێک تەشریع ڕەنگدانەوەی ویستی خاوەنی شەرعە، پێویستە كۆی گشتی دەستەواژەكە لەبەر ڕۆشنایی سەرەنجامی كارەكەدا دیاریی بكرێت، لەسەر ئەمە ئەو حاڵەتەی عومەری كوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) ڕووبەڕووی وەستا، كۆی گشتی وشەی ئایەتەكە نەیدەگرتەوە، بەڵكو مەبەستی خاوەنی شەرع سەرەنجام دیاری دەكات، ئەویش پشتیوانی ڕایەكەی بوو، واتای ئایەتە پیرۆزەكە: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ

---

[1] البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، مرجع سابق، كتاب: قسم الصدقات، باب: سقوط سهم المؤلفة قلوبهم، وترك إعطائهم عند ظهور الإسلام والإستغناء من التألف عليه، ج٧، ص٣٢، حديث رقم: (١٣١٨٩). الشلبي، تعليل الأحكام، مرجع سابق، ص٣٧.

[2] الشاطبي، الموافقات في أصول الشريعة، مرجع سابق، ج٣ - ٤، ص٢٣٩ - ٢٤١.

[3] الدريني، المناهج الأصولية في الإجتهاد بالرأى في التشريع الإسلامي، مرجع سابق، ص١٦٥.

[4] الشاطبي، الموافقات في أصول الشريعة، مرجع سابق، ج٣ - ٤، ص٥٥٢.

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ (المائده: ٥). واته: ئافرەتانی داوێن پاک لە ئیمانداران و ئافرەتانی داوێن پاک لەوانەی کتێبیان پێدراوە پێش ئێوە (بۆتان حەلاڵە). دەبێ ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکرێت کە دەقەکانی تر ڕێنمونیان لەبارەوە داوە، بەتایبەت ئەوانەی لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا پەیوەندە بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە.

"بیردۆزەی سەرجەم (العموم)" لای شاتیبی ڕووناکییەکی گرنگ دەخاتە سەر ڕاڤەی دەق بەبنیاتنان لەسەر ئەم بیردۆزەیە، دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لەکاتی ڕاڤەکردنی دەقەکاندا بۆ پارێزگاریی لە سەرجەم، یان بەشێک، دەبێ پابەند بێت بە ڕەچاوکردنی ئەنجامەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی لە مەبەستی شەرعی دەبێ ڕای کەسانی شارەزا وەربگرێت، لە سوودەکانی بیرۆکەی "سەرجەم" لای شاتیبی ئەوەیە ئەو بیردۆزەیە یارمەتیمان دەدات ڕاڤەی دەق بکەین، لە بەرانبەر ئەوانەی دەیانەوێت لە ڕوانگەی چەند ئایەتێکەوە حوکمێک دەربکەن کە لەگەڵ کۆی بنەماکانی شەریعەتدا تێکگیران دروست دەکات، لە نموونەی ئەوە ئەو فەتوایەی لەم سەردەمەدا هەندێک سەبارەت بە واجیبونی کۆچکردنی خەڵکی فەلەستین بۆ شوێنێکی تر، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا﴾ (النساء: ٩٧). واتە: بەڕاستی ئەوانەی لە سەرەمەرگدا فریشتە گیانیان دەکێشن لەکاتێکدا ئەوان هەمیشە ستەمیان لە خۆیان دەکرد (ئیمان و باوەڕیان لە مەترسیدا بوو کەچی کۆچیان نەدەکرد بۆ نیشتمانی ئیمان، بەتووندیی پیایاندا هەڵدەشاخێن) و دەڵێن: باشە ئێوە لە چیدا بوون و لە کوێ ژیانتان دەبردە سەر؟! لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە بێ دەسەڵات و لاواز کراو بووین لە زەویدا، فریشتەکان دەڵێن: باشە ئایا زەوی خوا فراوان و پان و پۆڕ نەبوو تا کۆچی تێدا بکەن و (کۆچ بکەن بۆ نیشتمانێک کە ئیمانداران تیایدا فەرمانڕەوان یاخود سەربەستن)؟

بە بەکارهێنانی بیردۆزەی سەرجەمی مەعنەوی (العموم المعنوي) بۆ تێگەیشتن لە ئایەتەکە لای شاتیبی، دەبینین واتای ئایەتەکە بە جۆرێک لێی تێدەگەین ڕەچاوی ئەنجامی جێبەجێکردنی تێدا بکرێت، ئەگەر سەر بۆ ئەوە

بکێشـێت بـۆ ئەوەی موسـڵمانان دەسـتکەوتەکانیان لەدەسـت بـدەن، ئەو کـاتە بەرژەوەندییەکان دادەپۆشرێن بە خراپە، ئەوکاتە وشـەی ئایەتەکە لە بنەڕەتدا ئەوە نــاگرێتەوە، هەروەهــا خــاوەنی شــەرعیش ئەو مەبەســتەی لە دەقەکەدا نەبـووە، ئەمەی ئوصـوڵیەکان ئاوەڕیـان بـۆداوەتەوە کە "بەرژەوەنـدی" دەقـی گشتی تایبەت دەکات.[1]

کە ئەوەش لە جێبەجێکردنـی دەقـی گشـتیدا پێـی دەوترێـت ئـاوڕدانەوە لە ئەنجام، لەسەر ئەم بنەمایە ئەو حوکمانەی لەسـەر "سـەرەنجام و مەئال"، یان" دادگەری" یـان ڕێگریـی لە" زۆرداری و نـاڕەوایی" یـان بـۆ"لادانی خراپەیەکـی بەهێزتر" دەدرێت لە ڕووی شـەرعییەوە یەکێکە لە بنچینە جێگیرەکان، هەرکام لەمانە پێکدادانێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەقێکی جوزئیدا نییە، بەڵکو تێگەیشتنی ڕاســت و دروســت ئەوەیە تێگەیشــتن لە دەقــی جــوزئی دیــاری دەکــات، لەبەرانـبەردا پشتگوێخسـتنی ئەو بنەمایـانە پێکـدادان لەگەڵ دەق و مەبەسـتی خاوەنی شەرعدا پێکەوە دروست دەکات.

دەوڵەت مـافی خـۆیەتی پلانـی هەبێت بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی، بـۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئابووری گومرگ لەسـەر ئەو کەلوپەلانە دابنێت کە دەهێنرێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چاکی هاوردەکراوەکان، هەروەها پابەند بوون بەو نیشــانکارییانەی داوا دەکرێـت لە بەروبـوومی ناوخۆیـدا هەبێـت، چــونکە ئابووری ناوخۆیی بەهێز هاوتای بڕیاری سیاسی داهاتووە، لێرەوە دەبێ ئەوە باس بکەین کۆمپانیا ڕکابەرە بیانیەکـان بـۆ شکستهێنانی بەروبوومی نـاوخۆیی نرخ دادەبەزێنن، بۆیە ئەرکی دەوڵەتە بەکاربەرەکان لە هەمـوو دەسـتدرێژییەکی دەرەکـی بپارێزێـت، بەتـایبەت کاتێـک نـرخ دابەزانـدن دروسـتکراو بێـت بـۆ ئازاردانی بازاڕی ناوخۆیی.

جـێگەی خـۆیەتی لێـرەدا هەنـدێک بـابەت بـاس بکەیـن کە ناکرێـت وەکـو سیاسـەتی شـەرعی ئیجتیهـادی تێدا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دوو مەرجەیـان تێدا نییە کەمێک پێشتر ئاماژەمان پێیان کرد، نموونەی ئەمە دەوترێت جیاوازی

---

[1] الدريني، المناهج الأصولية في الإجتهاد بالرأي في التشريع الإسلامي، مرجع سابق، ص٦١٤.

بکرێت لە نێوان سووی بەرهەمهێنان کە دەدرێت بە پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانی، لەگەڵ سووی بەکاربەر کە دەدرێت بۆ پێداویستی تاک، هەندێک لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە ئەوانەن دەیانەوێت بە بیانوی ئابووری و کارئاسانی بۆ پرۆژە گەورەکانەوە دەرگای سوو بکەنەوە.

ئەوەی ئەم بیانووانە پوچ دەکاتەوە ئەوەیە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بەرنامەی هەندێک بانک لە قەرز پێداندا هەندێک توێژەر بۆیان دەرکەوتووە، بانک تەماشای باشی گوزەرانی ئەو کەسە دەکات داوای قەرز دەکات، نەک قازانجی پرۆژەکە، لەبەر ئەوەی بانک شەریک نییە تا قازانج وەربگرێت، بۆیە ئەو پرۆژەیە قازانج بکات، یان نەیکات، مافی خۆی لە سامانی قەرزدار مسۆگەر دەکات، ئەوەی لەسەر ئەمە هەڵدەچنرێت ئەوەیە، ماڵ خەرج دەکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی کەڵکی ئابووری، نەخوازەڵڵا ئەگەر قەرزار "دەوڵەت" بێت، چونکە بانک مافی خۆی مسۆگەر دەکات، بۆیە لە ئەنجامی ئەو قەرز پێدانەدا ژمارەیەک پرۆژەی ئابووری شکستخواردوو پەیدا دەبێت، ئەگەر قەرزپێدراو شەریکی بانک بوایە بە ڕەوای نابینی پارەی پێبدات.[١]

لێرەوە دەردەکەوێت، ئاڕاستەی بیرۆکەی سووی بانکی لەسەر بنەماکانی شەریعەت، هەروەها لەسەر بنەمای وردبوونەوە لە سەرەنجام، حەرامبوونی دووپات دەکاتەوە، لەسەرووی ئەمەشەوە وردبوونەوەیەکی مێژوویی لە کۆمەڵگەی عەرەبی کۆن کە گوتاری ئیسلامی سووی لێیان قەدەغە کرد، ئەو گوتارە، نەک هەر سووی بەکاربەر، بەڵکو حەرامکردنی "سووی وەبەرهێنان"یشی چەسپاند، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا پێداویستی تاکی عەرەبی بەکاربەر بچووک بووە، کە بەبێ قەرزی سووداریش پێداویستیان جێبەجێ بووە، بەڵام لای ئەوان سوو ئامرازی بازرگانی و بەرهەمهێنان بووە، بۆیە دەقەکە هەر لە سەرەتاوە قەدەغەی کردووە، دەقەکە هاتووە بۆ شیکرنەوەی حاڵەتی سووی بەرهەمهێنان، بێگومان سووی بەکاربەر لەبەر ئەوەی ڕەنجبەری خەڵکی بێدەرامەت و بەکاربەری تێدایە قەدەغەکردنی لەپێشترە.

---

١ الزرقا، أنس. محاضرة في الجامعة الأردنية، اعتمد فيها على أفكار عمر شابرا، في كتابه: "نحو نظام نقدي عادل".

کەواتە سوو بارودۆخێکی تازە نییە تا پێویست بە حوکمی تازە بکات، لەبەر ئەوەی دەکرێت لە ڕێگەی بەدیلەکانی ترەوە ماڵ بەدەست بهێنرێت، ئومێد وایە ئەو لێشاوە سەرمایە ئابوورییەی ئەمڕۆ وەکو متمانە پێبونێک لە بانکە ئیسلامیەکاندا وەکو وەدیعە دانراون، ئەو پارانە ناچنە سیستەمی موشارەکەوە، لەهەمان کاتدا توانای کێبڕکێی هەیە، هەروەها پێشکەشکردنی ڕێژەی مورابەحە لەگەڵ خاوەن پڕۆژەکاندا کە قازانجەکەی نزیکە لەوەی بانکە ڕیبەوییەکان لەبەرانبەر پارەکانیان بەسوو دەیاندەنێ، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەتوانرێت بە سیستەمی ئیسلامی بە موشارەکە ماڵ و سامان بدرێت بە پڕۆژەکان، لەلایەک هەلێکە بۆ قەرزدەر بەو بانکانە بۆ ئەوەی لە بازاڕدا ماڵەکەی لە هەندێک بارودۆخی چاوەڕوان نەکراو بپارێزێت، لەلایەکی تریش بانکی قەرزوەرگر مافی سەرپەرشتی لەسەر چۆنیەتی ئاڵوگۆڕ پێکردنی ماڵەکە هەیە.

لەم کتێبەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە: سیاسەتی شەرعی پشت بە چەند کۆڵەکەیەك ئەبەستێت، لە گرنگترینیان: تێگەیشتنە لە مەبەستی دەق، هەروەها تێگەیشتنە لە عمومی مەعنەوی واتای دەق، نەك عمومی زمانەوانی، چونکە عمومی مەعنەوی بەشێوەیەك بازنەی دەق فراوان ئەکات جێگەی بەرژەوەندییە شەرعییەکانی تێدا ببێتەوە، کاتێك لە ئەنجامی تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ حەرفییەتی دەق و ڕەچاو کردنی هەندێك بنچینەی ئەصڵی زمانەوانی، بەڵام بەرژەوەندییەکانی سەر ئەرزی واقیعی پشتگوێ خست، ئەمە دەخوازێت لەبەر ئەوەی مەبەستی شەرع بە دیناهێنێت پێداچونەوە بە تێگەیشتنەکەدا بکرێتەوە، شەرعدانان دەبێ لە چوارچێوەی ویستی خاوەنی شەرعدا بێت، چۆن دەبێت دەق بە جۆرێك لێك بدرێتەوە مەبەستی دانەری شەرع بە دینەیەت و ئوممەت بەرەو دوا کەوتوویی و دوور لە بووژانەوەو دەسەپاچەیی بەرێت!.

نرخ (١٢٠٠٠) دینار

DESIGNER